# ئەفسانەی مادیبا

## چیرۆکە دڵخوازەکانی نیلسۆن ماندێلا بۆ منداڵان

**لە ئینگلیزییەوە:**

**نەرمین عوسمان**

**2021**



# ئەفسانەی مادیبا

## چیرۆکە دڵخوازەکانی نیلسۆن ماندێلا بۆ منداڵان



لە ئینگلیزییەوە:
نەرمین عوسمان

2021

# ئەفسانەی مادیبا
## چیرۆکە دڵخوازەکانی نیلسۆن ماندێلا بۆ منداڵان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٠٦)ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٢٠)

# پێڕست


مندالآن حەزیان لە ئەفسانەیە.........7
تۆڵەی کەروێشکە کێوی.........9
ماری حەوت سەر.........13
شاژنی گورگ.........21
ڤان هانکس و شەیتان.........27
گورگ و ڕێوی و بەرمیلێک کەرە.........33
شازادەی هەور.........39
پاسەوانی گۆمی ئاو.........47
کچی سوڵتان.........51
ئەنگوستیلەی پاشا.........59
ڕاهێنەرە زیرەکەکەی مار.........65
ئەسمودیۆس و شووشەبەندی جنۆکەکان.........69
ساکوناکا، کوڕە دولبەر و نازدارەکە.........79
ئەو دایکەی بوو بە مانگ.........83
فێستیۆ چوو بۆ بازاڕ.........91
سانی لانگتاند و میوان.........99
دەنگە ئەفسووناوییەکەی باڵندە جادووییەکە.........111
ئەو پشیلەیەی کە چووە ناو ماڵەکە.........115
دیارییەکانی شێری پاشا.........118
بەزمی هەنگەهارە و مەیمون.........125
مۆتلا و فێری.........128
شێر، کەروێشک، کەمتیادار.........133
نیما.........137
کامیۆی ڕووبار.........143
کەروێشکی کێوی و ڕۆحی دارەکان.........147
کوللەحاجی و مانگ.........151



# منداڵان حەزیان لە ئەفسانەیە

منداڵان، وەکو هەستەوەرترین توێژ پێویستیان بە گرنگیپێدانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان هەیە، یەکەم قۆناغی پەروەردەی منداڵ؛ ئامێزی دایک و باوکی و دواتریش باخچەی ساوایان و قوتابخانە و ئیتر واز لەوەش بهێنە لە زۆر لایەنەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەوە.

ئەدەبی منداڵان؛ یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی ئەدەبە، شیعر، چیرۆک و گێڕانەوەی ئەفسانەیی، تا دەگاتە شانۆگەری بۆ منداڵان و چەندین شتی دیکەش گرنگییان پێدەدرێت.

ئەم کتێبە "ئەفسانەی مادیبا" بژاردەیەک لەو چیرۆکە دڵخوازە ئەفسانەییانەی نیلسۆن ماندێلای سیمبولی ئاشتیی جیهانییە، زۆرینەی چیرۆکەکان زادەی ئەفسانە و خەیاڵی مرۆڤن لە ئەفریقا و بە زمانێکی سادە و ئاسان بۆ تێگەیشتن داڕێژراونەتەوە.

کتێبخانەی منداڵان لە هەرێمی کوردستان تەواو هەژارە، بوارێکە کەمتر گرنگی پێدراوە، ئەوە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی وایلێکردم ئەو چیرۆکە دڵخوازانەی نیلسۆن ماندێلا بۆ کوردی وەربگێڕم، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردستان بێ بەش نەبن لە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە ناوازەیە.

ڕەنگە کەموکوڕی تیادادا بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێمخۆشە دوای خوێندنەوەی و هەڵسەنگاندنی ئەوەی بە کەلێنی دەزانن بۆم پڕبکەنەوە، بۆ ئەوەی هەرنا لە کاری داهاتوومدا سوودی لێوەربگرم.

لەگەڵ سوپاسی زۆرم

**نەرمین عوسمان**
**٢٠٢١/٢/١٤**



# تۆڵەی کەروێشکە کێوی

**ناوچە: زامبیا**

ڕۆژێک لە سەرەتای بەهار، گامێشێک لە ڕێگە بوو و دەیویست سەردانی سالانەی سەرۆکەکەی بکات کە شێرە، وەک یاسای دارستان دەیخواست. لە ڕێگە کەروێشکێکی کێویی دەڕۆیشت.

گامێشەکە وتی:

–کەروێشک، دەمەوێت لەگەڵمدا بێیت بۆ سەردانی شێری پاشا.

کەروێشک وەڵامی دایەوە:

–نا گامێش، من باوەڕم بە شێر نییە، ئەو گەورەیە، هاوڕێیەکی دڕندەیە، دەترسم، ڕەنگە من بخوات. نا نەخێر، من ناتوانم بێم لەگەڵتدا.

گامێشەکە وەڵامی دایەوە:

–بەڵام شێری پاشا هاوڕێیەکی گرنگی منە و گوێم بۆ دەگرێ. من بەڵێنت پێدەدەم ئازارت نەدات.

–بۆچی دەتەوێت لەگەڵتدا بێم؟

–دەمەوێت پێخەوی خەوتنەکەم بۆ هەڵبگری، گونجاو نییە ئاژەڵێکی گرنگی وەک من پێخەوی خۆی هەڵبگرێ، پاداشتت بەباشی دەدەمەوە.

–زۆر باشە لەگەڵتدا دێم، پێخەوەکەشم بدەرێ بۆت هەڵدەگرم.

گامێشەکە پێخەوەکەی خستە سەر شانی کەروێشکەکە و بەرەو گوندی شێرەکە ڕۆیشتن.

خۆر زۆر گەرم بوو، کەروێشکەکە هەر زوو ماندوو بوو، چونکە پێخەوەکە قورس بوو.

وتی:

–تکایە هاوڕێ خۆشەویستەکەم، یارمەتیم بدە، ئەم بارە زۆر قورسە. من بچووکم و پێخەوەکەشت زۆر قورسە.

–بەسە بۆڵەبۆڵ، کەروێشکە کێوی، تۆ هاوڕێیەکی تەمبەڵی.



بەدەنگێکی توورە و بەرز وتی. کەروێشکەکە زۆر ترسا و نەیوێرا هیچی تر بڵێ. بە کپی و بێدەنگی بەدوای گامێشەکەدا رۆیشت.
لە ناوەڕاستی رۆژەکەدا، گامێشەکە لەژێر سێبەری دارێک پاڵکەوت و کەروێشکەکەش خۆشبەختانە بارە قورسەکەی دانا، چونکە رۆژ زۆر گەرم بوو، لەو کاتەی پشوویان دەدا، باڵندەی هەنگوین بەلایاندا تێپەڕی و داوای لێکردن کە شانە هەنگێک لەو نزیکانەیە بیبەن.
کەروێشک بەتایبەتی زۆر حەزی لە هەنگوین بوو، هەرچەندە قاچەکانی زۆر ئازاری دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەدوای باڵندەکە کەوت بەرەو شانەی هەنگەکە، کە لەسەر چاڵێکی سەر زەوی بوو. سەری چاڵەکەی لابرد و ئەوەندەی توانیی هەنگوینی خوارد، دوایی گەڕایەوە بۆ ئەوەی پشووەکەی تەواو بکات لەژێر سێبەری دارەکە.
لەو کاتەدا گامێشەکە بەئاگا هات و یەکسەر راخەرەکەی خستە سەر شانی کەروێشکەکە و وتی:
–دەبێ پەلە بکەین بۆ ئەوەی پێش ئێوارە بگەینە گوندی شێرەکە.
لەو کاتەی ئەوییان جێهێشت، کەروێشکەکە بیرۆکەیەکی بۆ هات و بەپەلە گەڕایەوە بۆ لای شانەی هەنگەکە. گامێشەکە وتی:
–ئەوە تۆ چی دەکەی؟
کەروێشکەکە وەڵامی دایەوە:
–ئۆوا! بڕیارم داوە بچم کولەکە کەوبارەکە پڕ بکەم لە هەنگوین، بۆ ئەوەی بیخۆین و هێز پەیدا بکەین بۆ بڕینی رێگەکە... بڕۆ هاوڕێکەم، تۆزێکی تر پێت دەگەمەوە.
گامێشەکە بەردەوام بوو لە رۆیشتن.
کەروێشکە کێوییەکە زۆر ئازاری دەچەشت بەهۆی رەفتاری گامێشەکە لەگەڵیدا، بڕیاری دابوو تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە. کولەکە کەوبارە بچووکەکەی پڕ کرد لە هەنگوین و راخەرەکەی داخست و کۆمەڵێ هەنگی کۆ کردەوە و لەسەر راخەرەکە بڵاویکردنەوە و لوولی کردەوە، رای کرد بۆ ئەوەی بگاتەوە گامێشەکە و بەردەوامبوون لە رۆیشتن.
شانەکانی کەروێشکەکە زۆر ئازاریان هەبوو و شینبووبوونەوە تا گەیشتنە گوندی شێرەکە، بەڵام هیچی نەوت.
شێرەکە پێشوازییەکی باشی لێکردن. دوای خواردنێکی باش، کوخێکی دانێ بۆ ئەوەی شەو تیایدا بنوون.
لەگەڵ ئەوەش کەروێشکەکە وتی:
–پێم باشە من لە دەرەوە بنووم، لەسەر گیاکان لەبەر گەرما.
گامێشەکە وتی:
–زۆر باشە، بەدڵی خۆت بکە، من لەناو کوخەکە دەخەوم، دڵنیابە لە داخستنی دەرگاکە بەباشی لەدوای خۆتەوە. کەروێشکەکە بەئەستەم خۆی بۆ

دەگیرا تا پێنەکەنێ لە کاتی داخستنی دەرگاکە، وای داخست کە گامێشەکە نەتوانێ بەئاسانی بیکاتەوە. دوایی خۆی شاردەوە لە پەنا دارێکدا بۆ بینینی ئەنجامی پلانەکەی.

ئەوەندەی نەخایاند لەدوای دوورکەوتنەوەی، هاوار لەناو کوخەکەوە هات...

-هەنگ، هەنگ...

گامێشەکە دەیبۆڕاند و بەتوندی لە دەرگاکەی دەدا:

-بمهێننە دەرەوە، بمهێنە دەرەوە، ئۆی هەنگ...

هەر کە گامێشەکە راخەرەکەی راخستبوو، هەنگە تووڕەکان بەهەموو گیانیانەوە دەدا.

لە کۆتاییدا شێرەکە گوێی لە هاواری گامێشەکە بوو، دەرگاکەی شکاند بۆ ئەوەی هاوڕێکەی رزگار بکات. گامێشەکە بەپەلە هاتە دەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هەنگ بەدەوریدا گیزەیان دەکرد، هەروەها پەلاماری شێرەکەشیان دا تا ونبوون لەناو تاریکیدا.

پاش ئەوەی رزگاریان بوو و رایان کرد لە دەستی هەنگە تووڕەکان.

شێرەکە پرسی:

-چی روویدا هاوڕێکەم؟

گامێشەکە وتی:

-ئەمە کاری کەرویشکە کێوییەکە بوو. ئەو بوونەوەرە خراپە، هەنگەکانی لەناو پێخەوەکەم لوول دابوو. ئەو بێشەرمە دەبێ سزا بدەم کوا لەکوێیە؟

بەلام کەرویشکەکە زۆر دوورکەوتبووەوە، لەو کاتەوە هەوڵ دەدا رووبەرێکی فراوان لەنێوانیاندا هەبێت.





#ماری حەوت سەر

ناوچەی: خۆسا

جارێــک لە جاران، ژنێک هەبــوو ناوی مانجوزا بوو، خاوەنی دوو بەهرەی تایبەت بوو؛ دەنگی بۆ گۆرانیی وتن بەهێز و بەتوانا بوو، خەڵکی پێیان خۆش بوو گوێیان لە گۆرانییەکانی بێ، هەروەها بینینی ســەمای مانجوزا، باشــترین شت بوو کە ڕۆژەکەیان خۆش بکات.

خەڵک لە دوور و نزیکەوە دەهاتن بۆ بانگهێشــتی مانجوزا، بۆ ئەوەی لە ڕۆژە تایبەتەکانی خۆشیدا ســەمایان بــۆ بکات. بــە ســەماکەری ئاهەنگی هاوســەرگیریی بەناوبانــگ بــوو، بەتایبــەت ســەماکردنی لە کاتــی هاتنــە دەرەوەی بووک، لەو کاتــەی ڕووی بووک وەک خۆر لە بەیانیاندا دەدرەوشــایەوە و خۆشــترین بۆنی گوڵڕێحانە و گیای بۆنخۆشــی لێ دەهات. لە ڕاستیشــدا هەر ئاهەنگێکی هاوسەرگیریی، بەبێ سەمای مانجوزا، زوو بیر دەچووەوە.

گۆڵین، ئەو گوندە بوو کە مانجوزای تیادا دەژیا. بچووک بوو، بەڵام خەڵکێکی ســادە و ئیشکەری تیادا بوو، لەگەڵ ئەوەی بچووکیش بوو، بەڵام بە ڕاوچییە ئازاکان ناسراو بوو.

ســەرۆکی تیمی ڕاوچییەکان (متیــادان)، پیاوێکی ڕێزدار بوو، کەمدوو بوو، تەنها ئەو کاتانە قسەی دەکرد کە پرســێکی گرنگ هەبووایــە، دەربارەی دەدوا. هــەر لە منداڵییــەوە ڕاوچییەکی لێهاتوو



بوو، زۆر دایک بەو ئاواتەوە بوون کە کچەکانیان شـوو بکات بە متیـادان، بەڵام لەگـەڵ مانجوزا هاوسەرگیریی کرد.
هەموو خەڵک لەسـەر ئەو هاوسـەرگیرییە کۆک بوون و دەیانوت:
-ئەو ژن و پیاوە بۆ یەک گونجاون.
لە دوای چەند سـاڵێک، ئەو ژن و پیاوە بوون بە خاوەنی دوو کوڕ و کچێک.
کاتێک متیادان لەگەڵ تیمەکـەی دەچوو بۆ راو، هەندێـک جار هەفتەیەکیـان پێدەچوو، زۆر جار لەژێر ئاسمانی بێگەردی پڕ ئەستێرەی درەوشاوە دادەنیشت و بیری دەکردەوە و دەیوت:
-دەبێت ئێسـتا لەماڵەوە مانجوزا و منداڵەکان چی بکەن؟
بەتایبـەت زۆر بیـری ئەو کاتانـەی دەکرد کە منداڵەکانی لە کاتی خەوتنیان دوای نانی شێوان، بەنەرمی هەناسـەیان دەدا بـەدەم گوێگرتن لە لایلایە خۆشـەکە، بە دەنگە نەرم و پڕسۆزەکەی دایکیان.
مانجـوزا، لـە ماڵـەوە بەتەنها بوو، سـەرقاڵی ئامادەکردنـی بیرە بوو بۆ مێردەکەی، چاوەڕێ بوو دوای دوو رۆژی دیکە مێردەکەی بگەڕێتەوە، دەیویست بیرەکە ئامادەبێت کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

لە کاتی سـەرقاڵییەکەی، گوێی لە دەنگێک بوو لە دەرەوە، کەسێک بانگی دەکرد، ژنێکی بەتەمەن بوو، هاتبوو داوای لـە مانجوزا دەکرد بچێت لە ئاهەنگی شووکردنی کچەزاکەی سەما بکات، بەڵام مانجوزا کێشـەیەکی هەبوو، پێشـوەخت بەڵێنی بەیەکێکی تر دابوو سـەمایان بۆ بکات لە هەمان رۆژ.
ژنە بەتەمەنەکە، هەوڵی دەدا مانجوزا رازیی بکات واز لـە ئاهەنگەکەی تر بهێنێـت، بەڵام مانجوزا بەڵێنـی دابوو و نەیدەویسـت بیگۆڕێ. داوای لە پیرەژنەکە کـرد کە ئەوان کاتـی ئاهەنگەکەیان بگۆڕن، بـەوەش دەیتوانی دڵی هـەردوولا رازی بکات و کەسـیان دڵگران نەبن، بەڵام پیرەژنەکە پەسـەندی نەکرد و زۆر تووڕە بوو لە مانجوزا.
پێش ئەوەی بڕوات، بەتوندیی هەڕەشـەی لێکرد و وتی:
-نزای شـەڕ لە مێردەکەت دەکەم، دەپاڕێمەوە لە کاتی گەڕانەوەی، متیادان لە رێگە بگۆڕێت و ببێت بەدڕندەیەکی ترسناک.
دوای ئەوەی پیرەژنەکە رۆیشت، مانجوزا بەتەنها دانیشـت و هەسـتی بەماندووبوون دەکرد و دڵی پڕبوو لە غەم، چونکە ئەو ژنێکی زۆر باش بوو، هەوڵی دەدا سـەما بکات بۆ ئـەوەی دڵی میوانی

ئاهەنگەکان خۆش بکات و خۆشیی لەسەر روویان ببینێت.

ئەو شەوەی مانجوزا چاوەڕێی مێردەکەی بوو بگەڕێتەوە، منداڵەکانیش زۆر دڵخۆش بوون و چاوەڕێ بوون باوکیان بگەڕێتەوە. دوای نانی شێوان، دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون لە دەرگە بدرێت، لە دەرگە نەدرا. چاوەڕێ بوون گوێیان لە وەڕینی سەگەکان بێت کە بەتیمی راوچییەکان دەوەڕن، هەموو شتێک هێمن بوو. منداڵەکان دەستیانکرد بەباوێشک و یەک لەدوای یەک خەوتن، دایکیان دانیشتبوو و نەیتوانی بخەوێت.

تۆزێک پێش بەرەبەیان، متیادان گەڕایەوە ماڵەوە، چەند نامۆ سەیری دەکرد! رەنگی چاوەکانی گۆڕابوو بۆ بۆرێکی درەوشاوە، تیشکی لەملا و ئەولا دەدا و وەک چاوە توورەکانی مار بوو، زمانی لەدەمیدا شۆڕبووبووە و درێژ بووبوو، یەک وشەشی نەوت تەنها هەندێک دەنگی سەیری لێوە دەهات.

مانجوزا ئەوەندە تۆقیبوو نەیدەتوانی هیچ بڵێت، دەمی وشک بووبوو کاتێک مێردە خۆشەویستەکەی بینی دەگۆڕێت و دەبێتە مارێکی حەوت سەر.

دەبوایە خێرا بیر بکاتەوە، چونکە کەڵەشێر دەستیکردبوو بە بانگدان و رەنگی ئاسمان لە رۆژهەڵاتەوە بووبوو بە پرتەقاڵییەکی درەوشاوە، بۆیە دەبوو مارەکە بشارێتەوە پێش ئەوەی منداڵەکانی بەئاگا بێن. بەپەلە یەکێک لەو کوخانەی کە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە دوای درووێنە بەکار دەهات، پاککردەوە. لەو کوخە، کەندوویەکی رەشی تیادادابوو کە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە بەکار دەهات، بەپەلە بەتاڵی کرد و وای کرد مارەکە خۆی بخشێنێتە ناو کەندووەکە، لایەکی سەرقاپەکەی شکاند بۆ ئەوەی بتوانێت لێوەی هەناسە بدات. پێش ئەوەی دەرگەی کوخەکە دابخات، خواردنی دا بە هەر حەوت سەرەکە.

کاتێک منداڵەکانی بەئاگا هاتنەوە، هەواڵی باوکیان پرسی، مانجوزا وتی:

-هێشتا نەهاتووەتەوە، بەڵام لە چەند رۆژی داهاتوودا دەگەڕێتەوە.

کاتێک ئێوارە هات و نانی شێوانی دا بەمنداڵەکانی و خەواندنی، بەهێمنی چووە دەرەوە بۆ ئەوەی خواردن بدات بە مارەکان. دوای ئەوەی دەرگەی کوخەکەی داخست و رۆیشت بنووێت، پەکی کەوتبوو، بەدەم گریانەوە خەوی لێکەوت.

ئەو شەوە، مانجوزا خەونێکی بینی؛ نەنکی لە خەویا بینی و پێی وت:

-بۆ ئەوەی ئەو نزا خراپە بەتاڵ بکەیتەوە،

دەبێت لە حەوت ئاهەنگ سەما بکەیت و کاتێک لە حەوتەمین ئاهەنگ دەگەڕێیتەوە، مێردەکەت وەک خۆی لێدێتەوە و نەفرەتەکەی لەسەر لادەچێت، بەڵام زۆر گرنگە ئەم نهێنییە لای کەس باس نەکەیت و بیپارێزی، تەنانەت لای منداڵەکانیش باسی نەکەیت.

منداڵەکانی مانجوزا، نەیاندەتوانی لە نەگەڕانەوەی باوکیان تێبگەن و لەوەش تێنەدەگەیشتن بۆچی دایکیان تووڕە دەبێت کە دەپرسن بۆ دەرەگای کوخەکە بەردەوام داخراوە، یان بۆ وا بەشڵەژاوی دەیبینن!

مانجوزا بەردەوام بوو لە پاراستنی نهێنییەکە و بەردەوامیش بوو لە خواردندان بە مارەکە، زۆر دڵتەنگ بوو کە منداڵەکانی دەبینی زۆر بیری باوکیان دەکەن و بێباوکییان پێوە دیارە. منداڵەکان دەترسان باوکیان مردبێت و دایکیان ناوێرێت پێیان بڵێت. هەندێک جاریش دایکیان دەبینی بەشێک خواردنی لە لاوە دادەنا، کە لێیان دەپرسی، دەیوت:

–نەوەک باوکتان بگەڕێتەوە، بۆ ئەوم داناوە.

وەک هەمیشە، خەڵک دەهاتن و بانگی مانجوزایان دەکرد لە ئاهەنگەکانیان سەما بکات، ئەویش زۆر بەخۆشییەوە ڕەزامەندیی دەردەبڕی؛ ئاهەنگی یەکەم، ئاهەنگی دووەم، ئاهەنگی سێیەم، تەنها دەیژماردن، بیری لە هیچ نەدەکردەوە جگە لە ئاهەنگەکانی ژنهێنان نەبێت. هەموو جارێکیش پێش ئەوەی بچێت بۆ سەماکردن، خواردنی دەدا بە مارەکە، دەرگای کوخەکەی دادەخست و کلیلەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد. زۆر جار منداڵەکانی لێی دەپاڕانەوە پێیان بڵێ ناو کوخەکە چی تیادادایە؟ دایکەکە گوێی نەدەدانێ، تەنانەت پلانی دزینی کلیلەکەیان دانابوو، بەڵام مانجوزا زۆر بەئاگابوو.

بانگهێشتی ئاهەنگەکان زیاتر بوون، هەموو بانگهێشتێک نزیکتری دەکردەوە لە حەوتەمین ئاهەنگ، کە لە شەشەمین ئاهەنگ گەڕایەوە، زۆر دڵخۆش بوو، تەنانەت نەیدەتوانی خەندەی سەر لێوەکانی و خۆشییەکانی بشارێتەوە. ڕووی دەگەشایەوە، چاوەکانی وەک کچێک کە تازە کەوتبێتە داوی خۆشەویستییەوە دەدرەوشانەوە کە سەیری دەموچاوی منداڵەکانی دەکرد، ئەوەندەی نەماوە ئەوانیش خەندە بکەوێتە سەر ڕوویان.

کاتێک بانگهێشتی حەوتەمین ئاهەنگ کرا، نەیدەتوانی خۆشییەکەی بشارێتەوە، لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەوت و بەدەنگی بەرز پێدەکەنی. تا ئەو ڕادەیە دڵخۆشبوو، دراوسێکان لە گوماندا

بوون کە رەنگە کەوتبێتە خۆشەویستیی پیاوێکی تر، کە لێیان پرسی ئەو پیاوە کێیە؟ تەنها پێکەنی.
لە رۆژی حەوتەمین ئاهەنگ، مانجوزا زوو لە خەو هەڵسا، خواردنی بەیانیی بۆ منداڵەکانی ئامادە کرد و جلەکانی گۆڕی. دەیویست بەجوانترین شێوە دەربکەوێت.
لەو کاتەدا منداڵەکان پلانی دزینی کلیلی کوخەکەیان دانابوو. زۆر جار بەفێڵ دەیانویست کلیلەکە ببەن، بەڵام دایکیان لێیان توورە دەبوو، چونکە مانجوزا شتێک بەو گرنگییە پشتگوێ ناخات و کلیلەکانی لەگەڵ خۆی برد.
منداڵەکان بێهیوا بوون. لە کاتی نانخواردنی بەیانیی، هەر بۆڵەیان بوو، دوای ئەوە چوونە دەرەوە بۆ یاریکردن، یەکتریان راو دەنا، خۆیان لەبەردەم کوخەکەدا بینییەوە کە قەدەغە بوو بچنە ناوەوە. کوڕە گەورەکەیان پاڵی بە دەرگەی کوخەکەوە نا، کە زۆر جاریش ئەو کارەیان کردبوو، بەڵام ئەم جارە دەرگاکە کرابووەوە. مانجوزا کاتێک کلیلەکەی بردبوو، بیریچووبوو دەرگاکە دابخات. بەترسە ترسەوە سەیری دەوروبەری خۆیان دەکرد لەناو کوخەکەدا، هیچی تیادا نەبوو جگە لە کەندوویەکی گەورەی رەش بە سەرقاپێکی شکاوەوە، سەیری یەکیان کرد، تێنەدەگەیشتن بۆ دایکیان ئەو کەندووەی شاردووەتەوە.
کوڕە گەورەکەیان سەرقاپە قورسەکەی لابرد بۆ ئەوەی بزانێت چی تیادادایە، مارە حەوت سەرەکە سەیری کردن، منداڵ بەیەکەوە لە ترسا هاواریان دەکرد.
ماڵی مانجوزا لە رووبارەوە دوور نەبوو، مارە نامۆکە لە کەندووەکە هاتە دەرەوە و بەرەو رۆخی رووبارەکە خشا، لەوێ لەبەر گەرمای رۆژی نیوەڕۆ پاڵکەوت، سەیری درەوشانەوەی ئاوەکەی دەکرد. منداڵەکانی مانجوزا رایان کرد بۆ لای هاوڕێکانیان بۆ ئەوەی هەواڵی ئەو مارە نامۆیەیان پێ بڵێن، کۆمەڵێ کوڕ و کیژ رایان کرد بۆ ئەوەی مارەکە بدۆزنەوە، کاتێ گەیشتنە شوێنی مارەکە، هەموویان واقیان وڕمابوو، مارەکەش بەبایەخەوە سەیری دەکردن، یەکێ لە سەرەکان وتی:
—واو گیگیگی، ئەوان وەستاون.
سەری دووەم پرسی:
—چییان دەوێ؟
سەری سێیەم وتی:
—سەیرمان دەکەن.
چوارەم وتی:
—وابزانم دەیانەوێت سەیری سەرمان بکەن.
سەری پێنجەم پرسیاری کرد:

-بۆ نزیک نابنەوە؟
شەشەم وەڵامی دایەوە:
-وابزانم بیر لە پێوەدان دەکەنەوە.
حەوتەم وتی:
-دەتوانین لەو شوێنەی لێوەی وەستاون پێوەیان بدەین.
منداڵەکان تا لەتوانیاندا هەبوو رایان کرد و گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، دەربارەی مارە حەوت سەرەکەیان بۆ دایک و باوکیان گێڕایەوە.
پیاوەکان یەکی دارێکیان برد و چوونە لای رووبارەکە، کاتێ گەیشتنە ئەوێ، هەموویان وەستان وەک ئەوەی کەوتبنە ژێر کاریگەریی جادوویەکەوە، باوەڕیان نەدەکرد مارێک هەبێ لەو جۆرە کە لە یەک سەر زیاتری هەبێ، بەڵام کاتێ کەوتە قسەکردن، هەموویان حەپەسان.
بێشک نەیاندەویست بڵێن دەترسن و شوورەیی بوو لەبەردەم ژن و منداڵەکاندا ترس پیشان بدەن، هەندێ لە پیاوەکان وتیادان:
-راست نییە مار بکوژین، رەنگە باپیرانمان بیانەوێ پەیامێکمان پێ بڵێن، رەنگە باشتربێ بگەڕێینەوە ماڵەوە و کۆبوونەوەیەک بکەین و گەنگەشەی ئەم بارودۆخە بکەین.
ژنەکان دەیانزانی پیاوەکانیان وەک پاشا وان و هۆکار دەدۆزنەوە بۆ شاردنەوەی ترسەکانیان، دەیانویست مارەکە پێش رۆژئاوابوون بکوژرێ، دەترسان لە سەلامەتیی منداڵەکانیان.
پیاوەکان وتیادان:
-ئێمەش بەتەنگ منداڵەکانەوەین، بەڵام مارەکە لای رووبارەکەوەیە و مارێکی ئاساییش نییە!
ژنەکان گوێیان لەو هۆکارە نەدەگرت و کۆبوونەوە و بەیەکەوە کەوتنە ئامادەکردنی خەستە (دەڵمە)ی جیاواز لەسەر ئاگر، دایکەکان هەریەکەیان بە مەنجەڵێکی گەرمی پڕ لە خەستەوە بەرەو رووبارەکە رۆیشتن، لەو کاتەدا مارەکە زۆر تووڕە بوو و زۆر بەخێرایی قسەی دەکرد:
-وو... گیگیگی، ژنەکان هاتوون!
-دەیانەوێ چی بکەن؟
-وا دێن بۆ لای ئێمە.
-ئەو مەنجەڵانە...
پێش ئەوەی سەرە تووڕەکانی مارەکە قسەکانیان تەواو بکەن، ژنەکان کەوتنە رشاندنی دەڵمە گەرمەکان بەسەر مارەکەدا، لە چەند لایەکەوە پێستی مارەکەیان سووتاند و لەتاو ئازار دەتلایەوە.
وردە وردە خەڵکی تریش لە گوندەکەوە گەیشتنە لای رووبارەکە بۆ کوشتنی مارەکە و کەوتنە وتنی گۆرانیی کە مارە حەوت سەرەکەیان کوشتووە.

مانجوزا بەڕێگەوە بوو بەرەو ماڵەوە و لە حەوتەمین ئاهەنگی دەگەڕایەوە، کە گوێی لە ژنەکان بوو گۆرانییەکی تازە دەڵێن، زۆر ترسا خەڵکی گوندەکە مێردەکەیان کوشتبێت، هەستیکرد فرمێسکەکانی وەک باران بەچاویا دێنە خوارەوە.
باشە چی بکات؟ هەرچەندە دەترسا لەوەی مێردەکەی نەمابێ، بەڵام بڕیاری دا بچێت و لەگەڵیدان بەشداریی گۆرانی و سەما و خۆشییەکانیان بێ، بۆ ئەوەی بزانێ چی بکات باشە. دنیا تاریک بووبوو و کەس چاوە بەفرمێسکەکانی نەدەبینی.
کاتێ چووە پێشەوە و لەسەر شانی خەڵکەکەوە سەیری دەکرد، بینی لەسەرخۆ لەناو پێستە مردووە دڕاوە سەوزەکەی مارەکەوە، مێردە خۆشەویستەکەی دەردەکەوێ، دەموچاوی لۆچاوی، چاوەکانی نیوە داخراو وەک ئەوە وابوو دەمێکبێ نووستبێ.
گۆرانیی وتن وەستا، هەموویان سەرسامبوون بە دەرکەوتنەوەی مێردی مانجوزا و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لا نەبوو.
متیادان، سەری گێژی دەخوارد و سەیری خەڵکی گوندەکەی دەکرد و بەرەو قەرەباڵخییەکە ڕۆیشت، بەدوای ژنەکەیدا دەگەڕا. مانجوزا باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەدەکرد و رای کرد بەرەو لای و باوەشێکی توندی پیادا کرد، دەگریا و پێدەکەنی لە هەمان کاتدا.
متیادان، توند ژنەکەی گرتبوو و نەیدەزانی چی ڕوویداوە، منداڵەکانی بەرەو ڕووی ڕایان کرد و جارێکی تر خێزانەکە بەیەک شادبوونەوە. ڕۆژ ئاوا بووبوو، کۆتایی ڕۆژەکە کۆتایی نزا خراپەکە بوو.
مانجوزا، کەوتە گۆرانی و سەما، لە هەموو کات جوانتر سەمای دەکرد و خۆشتر گۆرانیی دەوت، خەڵکی گوندەکەش هەموویان هاوبەشبوون لە دەربڕینی خۆشیی لەگەڵیدا.



# شاژنی گورگ

ناوچە: کیپ مالی

سوڵتانێکی بەتەمەن، چەند ساڵێک بوو دەسەڵاتی وڵاتەکەی بەدەستەوە بوو، لەناو دارستانێکدا بەئەسپسواریی گەشتیادان دەکرد. ڕۆژێکی خۆشی هاوین بوو، باڵندەکان لەسەر دارەکان دەیانخوێند، بەڵام سوڵتان گوێی لە هیچ نەبوو، هەموو بیر و هۆشی لای ژنەکەی بوو کە پێش چەند مانگێک مردبوو، بەو هۆیەوە زۆر غەمباربوو. گەلەکەی دەیانویست سوڵتان ژنێکی تر بهێنێتەوە، بەڵام سوڵتان هیچ کچێکی مەملەکەتەکەی بەدڵ نەبوو.
ڕۆژ گەرم بوو، سوڵتان تینووی بوو، کە نزیک کوخی داربڕێک بوونەوە لەناو دارستانەکە، یەکێ لە پاسەوانەکانی نارد لە دەرگە بدەن و داوای ئاو بکەن.

کچێکی زۆر جوان دەرگاکەی کردەوە، ئەوەندە جوان بوو، ئەو پاسەوانەی لە دەرگاکەی دا، لە جوانیی ئەو کچە، سڕ بووبوو و بەتەواوی بیریچووبووەوە بۆچی لە دەرگای داوە!
سوڵتان یەکسەر بەدوایدا نارد.
-بۆچی لەوێ وەستاوە؟ ئایاماڵەکە ئاویان نییە بۆ ئێمە بیخۆینەوە؟
پاسەوانەکە وتی:
-ببوورە گەورەم، ویستم پرسیار بکەم، بەڵام ئەو کچەی دەرگای لێکردمەوە، ئەوەندە جوان بوو، حەپەسابووم بەرانبەری.
سوڵتان ڕۆیشت بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی بیبینێ. لە ڕاستیدا تا ئەو کاتە هیچ کەسێکی وا جوانی

نەبینیبوو، زۆر بە ڕێزەوە هەندێ ئاوی خواردەوە و سوپاسی کرد و ڕۆیشتن، بەڵام نەیدەتوانی جوانیی ئەو کچەی بیربچێتەوە. ڕۆژی دواتر چووەوە و داوای ئاوی کردەوە، سێیەم ڕۆژیش بەهەمان شێوە.
ئیتر کچەکە هەستی بە ترس کرد، چونکە دەیبینی کە سوڵتان کەوتووەتە داوی خۆشەویستیی ئەوەوە و دەیویست بیکات بە هاوسەری خۆی.
ڕەنگە یەکێ هەبێ وا بیربکاتەوە کە هەموو کچێ خەون و خۆشیی لەوەدا ببینێ کە ببێتە ژنی سوڵتان، بەڵام بۆ کچێکی وا سادە، کچی داربڕێک، کە خۆی کەوتبووە داوی خۆشەویستیی وەزیرێکی گەنجی جوان و دڵی تەنها بۆ ئەو لێی دەدا و تەنها ئەوی دەویست.
دوای سەردانی سێیەمی، سوڵتان چەند ڕۆژێک دوورکەوتەوە، کچەکە دڵخۆش بوو و وتی:
-ڕەنگە کەسێکی تری دەستنیشان کردبێت بۆ ئەوەی ببێ بە ژنی.
بەڵام هەر کە تۆزێ هێور بووەوە، سوڵتان بە سواری ئەسپێکی ڕەشی قەترانی گەڕایەوە، قوماشێکی سووری هەناریی بەسەر زینەکەیدا دابوو و زەنگۆڵەی مسی پێوە بوو، لە دوورەوە دەنگیان دەبیسترا.
سوڵتان وتی:
-ئامینە، دەمەوێ تۆ ببیتە هاوسەرم، ئامادەیت ببیتە ژنی من؟
کچەکە زۆر بەپەلە پلانێکی دانا بۆ دواخستنی:
-هیچ جلێکی جوانم نییە، یەکەم جار دەبێ کراسێکی زیویم بۆ بهێنی.
سوڵتان وتی:
-باشە.
کچەکە بە راکردن چوو بۆ ماڵی وەزیرەکە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی لێ وەربگرێ، بەڵام لەوێ نەبوو.
بۆ ڕۆژی دواتر، سوڵتان بە سواری ئەسپێکی وەک بەفر هاتبوو و زینەکەی بە قوماشێکی ڕەنگ زیویی داپۆشرابوو، زەنگۆڵەکانی زیو بوون، لە دوورەوە گوێبیستی زرنگەکانی دەبوون.
سوڵتان وتی:
-ئەمە کراسەکەتە.
هەرچەندە ئامینە بەئازارەوە سەیری کراسەکەی کرد، بەڵام وتی:
-نا، ئەمە کەمە، دەبێ یەکەم جار کراسێکی ئاڵتونیم بۆ بهێنی.
سوڵتان وتی:
-باشە.
کچەکە رایکردەوە بۆ ماڵی وەزیر بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی لێ وەربگرێ، دیسانەوە لەوێ نەبوو.
ڕۆژی دواتر، سوڵتان ئەم جارە بە سواری ئەسپێکی ڕەنگ کەستانەیی هاتبوو، قوماشێکی ڕەنگ ئاڵتونیی زینەکەی پێ داپۆشرابوو، زەنگۆڵەکانی

ئاڵتون بوون، لە دوورەوە گوێبیستی زرنگەکانیان دەبوون.
سوڵتان وتی:
-ئەمە کراسەکە.
دیسان ئامینە بەئازارەوە سەیری کراسە ئاڵتونییەکەی دەکرد و وتی:
-نا، ئەمە کەمە، دەبێ کراسێکم بۆ بهێنی بە ئەڵماس دروستکرابێ.
سوڵتان خەریکبوو ئارامیی نەمێنێ، بەڵام ئامینە زەردەخەنەیەکی کرد، ئەوەندە جوان بوو، سوڵتان بەڵێنی پێدا داواکارییەکەی جێبەجێ بکات.
کە سوڵتان ڕۆیشت، دیسانەوە رایکردەوە بۆ ماڵی وەزیر، ئەم جارەیان لە ماڵ بوو. ئامینە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و داوای ئامۆژگاریی لێکرد.
کاتێ کچەکە لە قسەکانی بووەوە، وەزیرەکە وتی:
-ڕێگەیەک هەیە بۆ رزگاربوون؛ ئەم ئەنگوستیلەیە ببە و بەردەوام لە پەنجەی ناوەڕاستی دەستی چەپتی بکە. ئەو پێستی گورگەش ببە، ئەگەر سوڵتان سبەی هات ویستی بتبا بۆ کۆشکەکەی، بچۆ بۆ ژووری نووستنەکەت، پێستەکە لەسەر شانت دابنێ و دەستت لە ئەنگوستیلەکە بخشێنە و ئەم گۆرانییە بڵێ.
گۆرانییەکەی فێر کرد.
پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، سوڵتان بەئەسپێکی خاڵخاڵاوی هاتەوە، قوماشێکی چنراو بە ئەڵماس زینەکەی پێ داپۆشیبوو و زەنگۆڵەکانی لە کریستاڵ بوون، لە دوورەوە گوێبیستی زرنگەکانی دەبوون.
ئەم جارە، ئامینە جلەکەی بەدڵ بوو و داوای لە سوڵتان کرد بچێتە ژوورەوە و وتی:
-لە ژووری دانیشتنەکە چاوەڕێبە، دەمەوێ بچم جلەکە بپۆشم.
لەبری ئەوەی جلەکە لەبەر بکات، پێستی گورگەکەی ڕاکێشا و لەسەر شانی داینا و دەستی لە ئەنگوستیلەکە خشاند و گۆرانییەکەی وت.
سوڵتان زۆر چاوەڕێی کرد، دوای ئەوەی ئامینە نیو کاژێر مایەوە، لە دەرگای ژووری نووستنەکەی دا، کە هیچ وەڵام نەبوو، دەرگاکەی کردەوە؛ لەناو جێگەکەدا گورگێک پاڵ کەوتبوو و سەری لەسەر قاچەکانی دانابوو، چاوەکانی دەدرەوشانەوە و سەیری هەموو جوڵەیەکی سوڵتانی دەکرد. کاتێک سوڵتان شمشێرەکەی بەدەستەوە گرت، گورگەکە لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێدایە دەرەوە، هیچ شوێنەوارێکی ئامینە نەمابوو، سوڵتان بەدڵێکی خەمگینەوە گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی، چونکە دەیزانی ناتوانێت ئامینە بگەڕێنێتەوە و بیکات بە ژنی خۆی.
بەڵام ئامینە بەو ئاسانییە وازی نەهێنا، کە دەستی لە ئەنگوستیلەکە خشاند بۆ ئەوەی ببێتەوە بە مرۆڤ، وشەی گۆرانییەکەی بیر نەمابوو، لەنێو



گورگەکان بەترسەوە بێهیوا دەسووڕایەوە تا تیمێکی راوچی بەو ناوەدا تێپەڕین، یەکێک لە راوچییەکان وتی:
-سەیرکەن، ئەمە گورگێکی ماڵییە!
ئامینە، لە ترسا لە شوێنی خۆی جوڵەی نەکرد، نەیدەتوانی را بکات. گرتیادان و خستیادانە ناو باخچەکەی وەزیرەوە، بەڵام وەزیرەکە نەخۆش بوو و لەناو جێگە کەوتبوو، دەربارەی ئەو رووداوە هیچ ئاگادار نەبوو. ئەو ئێوارەیە، پێش خۆرئاوابوون، دووان لە راوچییەکان هەندێ ئاو و پارچەیەک گۆشتیادان بۆ گورگەکە هێنابوو، بەڵام نەیدەویست هیچ بخوات.
یەکێک لە راوچییەکان وتی:
-لەبرسا دەمرێت.
ئەوی تریان وتی:
-ئۆو... باشە، بەس هەڵەی ئێمە نییە، خواردنێکی باش لێرە هەیە.
-ئایا ئەم ئێوارەیە تۆ دەچیتە ئاهەنگی سەماکردن لە ماڵی وەزیر؟
-بەڵێ.
هەر کە ئامینە گوێی لەم قسەیە بوو، گڕی گرت بۆ ئەوەی بەشداری ئەو ئاهەنگە بێت.
بیری دەرکردەوە و مێشکی سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو، بەڵام کە خۆر ئاوا بوو، لەناکاو وشەکانی گۆرانییەکەی بیرکەوتەوە و کەوتە دەستلێخشاندنی ئەنگوستیلەکە و بووەوە بە مرۆڤ، ئیتر بەرەو ماڵی باوکی بەناو دارستانەکەدا رای کرد و جلە زیوییەکەی پۆشی. ئەو شەوە جوانترین ژن بوو لەناو هۆڵەکەدا.
هەرچی لەوێ بوو، باسیان لەو کچە دەکرد، وایاندەزانی کچە سوڵتانە و نەیاندەزانی لەکوێوە هاتووە.
ئامینە، لەگەڵ برای وەزیر سەمای دەکرد و نەیدەزانی خۆشەویستەکەی لەکوێیە و لە هیچ شوێنێ نەیدەبینی.
لە کۆتاییدا لە براکەی وەزیری پرسی:
-کوانێ براکەت؟ براکەت لە کوێیە؟
-براکەم نەخۆشە، بەڵام بەدڵنیاییەوە سبەی شەو لێرە دەبێت.
ئامینە، بەنهێنیی لە هۆڵەکە رۆیشتە دەرەوە و گەڕایەوە ماڵەوە و جلە زیوییەکەی داکەند و پێستی گورگەکەی خستەوە سەر شانی و ئەنگوستیلەکەی بادا و گۆرانییەکەی وت، دوای ئەوە، بووەوە بە گورگ و گەڕایەوە ناو قەفەزەکەی.
کاتێ رۆژ هەڵهاتەوە، دیسانەوە وشەکانی گۆرانییەکەی بیرچووەوە.
لە ئێوارەی دووەم، میوانەکان زۆرتر بوون و خواردنەکانیش زۆرتر و خۆشتر بوون، مۆزیکەکەش بەجۆشتر بوو. لەناو هەموو ژنەکان،

ژنە جل ئاڵتونییەکــە لە هەموویان جوانتر بوو، بەڵام دیسانەوە وەزیرەکە لەوێ نەبوو.
بەیانیی ڕۆژی دواتر، کاتێ ڕاوچییەکان هاتنە لای قەفەزەکە، گورگەکە لە سووچێکدا دانیشتبوو.
شەوی ســێیەم، ســەما لەوپەڕی گەرمیدا بوو، میوانەکان جوانترین جلیان پۆشی بوو، ڕووناکیی لە هەمــوو لایەکەوە دەدرەوشــایەوە، دوو تیمی ئۆرکســترا بەنــۆرە موزیکیان دەژەنی، ســەما وەســتانی نەبوو. دیســانەوە جوانترین ژن، ئەو کچە بوو کە جلەکانی بەئەڵماس نەخشێنرا بوو، دیسان وەزیرەکە لەوێ نەبوو.
لــە بەرەبەیانــدا ئامینــە گەڕایــەوە ماڵەوە و جلەکانی گۆڕی بە بەرگی گورگەکە و چووەوە ناو قەفەزەکەی.
ئــەو ڕۆژە وەزیرەکە لە جێگەکــەی هاتە دەرەوە و چووە نــاو باخەکەی دەســووڕایەوە و بە لای قەفەزەکەدا تێپەڕی، لــە یەکێک لە ڕاوچییەکانی پرسی:
-ئەمە چییە؟
ڕاوچییەکە بۆی باس کرد کە چوون ئەو گورگەیان لە گوندەکە گرتووە.
برای وەزیرەکە گەیشتە لایان و پێی وتن کە کچێکی جوان و دڵڕفێن لە ئاهەنگەکەدا بەشــداریی سەما بووە.
وەزیرەکە لە خۆی دەپرسی:
-لەوانەیە ئەوە کچی دارفرۆشەکە بێ!
ڕۆیشتە لای قەفەزی گورگەکە و بانگی کرد:
-ئامینە.
گورگەکە چووە نزیکییەوە، بەڵام نەیدەتوانی یەک وشــە بڵێ. هێشــتا زۆری مابوو بۆ خۆڕئاوابوون و یەک وشــەی گۆرانییەکەی بیــر نەدەما لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر.
بــەڵام وەزیرەکــە زانــی ئــەوە ئامینەیــە و دەرگای قەفەزەکــەی کردەوە و گــەرووی گرت و بەپاسەوانەکانی وت یەکسەر بیکوژن.
ئامینــە دەرکەوتــەوە و لە جــاران جوانتر بوو، وەزیرەکە باوەشــی پیــادا کــرد و بردییەوە بۆ ماڵەکــەی، دواتــر وەزیرەکە بوو بە ســوڵتان و بەردەوام بانگی ژنەکەی دەکرد و پێی دەوت:
-شاژنە گورگەکە.



# ڤان هانكس و شەیتان

ناوچە: گیپ هوڵندا

لەو كاتـــەی تەنها چەند ماڵێک لەژێر سـێبەری قەدی شاخی (شـابلی) بوون، ڕۆژێكیان پاپۆڕێكی گەورە لە دوورگەی تێپل لەنگەری گرت، بەندەرەكە پڕبوو لە خەڵک؛ فرۆشیاری ماسی و میوەفرۆش و جووتیادار و باخەوان و دەوڵەمەندەكان، تەنانەت ئەو پیاوەی لە قەڵای كێپ بوقی لێدەدا، لەوێبوو. دەیانویسـت بزانن چـی هەیە، چونكـه پاپۆڕە گـەورەكان هەمـوو جارێک شـتومەک و بابەتی سەرنجڕاكێشـیان دەهێنـا بۆ سـەیركردن، یان دەبووە بابەتی گفتوگۆ.
كاتێ ڕێڕەوی پاپۆڕەكە دابەزییە سـەر بەندەرەكە و گەشتیارەكان دەسـتیانكرد بە هاتنە خوارەوە، بە لارە لار و هەنگاوی نارێک دەڕۆیشتن، بەهۆی ئەوەی دەمێک بوو لەسەر وشكانیی نەڕۆیشتبوون، چەنـد هەفتەیـەک بوو لەنـاو دەریـادا بوون، ڕۆیشتنی سەر وشكانییان بیرچووبووەوە.
خەڵكەكـە بێهیوا بوون و ویسـتیادان بەندەرەكە جێبهێڵـن و بڕۆن، ئـەم جارە پاپۆڕەكە هیچی سەرنجڕاكێشـی پـێ نەبـوو، تا كاتێـک پیاوە باڵابەرزە چوارشـانە ماسـولكەدارەكە لەسـەر پاپۆڕەكە دەركەوت، ئیتر ورتەورت دەستیپێكرد، یەكێک بەهەناسەبڕكێوە وتی:



-ئەمە (ڤان هانكس)ە.
یەكێكی تر وتی:
-بەڵام ئێستا سەیری بكەن، دواجار كە بینیمان دەریاوانێكی سادە و ساكار بوو، سەیری ئەو جلە گرانبەهایەی بكەن، سەیری چاكەتە سەتانەكەی بكەن! كێ ئەمەی بەبیردا دەهات؟
ڤان هانكس، لە لایەك وەستابوو و بارهەڵگرەكان كەلوپەلەكانیان دەهێنایە خوارەوە بۆ سەر بەندەرەكە، سێ باوەڵی گەورە و سندوقێكی تەختەی بچووكیشی كە خۆی هەڵیگرتبوو و بەردەوام بەدەستییەوە بوو و چاوی لەسەر لانەدەبرد، دەستێكی بەتوندیی بەكڵاوەكەیەوە گرتبوو بێئەوەی سەیری ئەملا و ئەولا بكات، بەناو خەڵكەكەدا تێپەڕی.
خەڵكەكە وتیادان:
-دیارە ئەو قسەوباسانە راستن كە دەڵێن بووە بە چەتەی دەریایی... دەبێ ئەو سندوقە چی تیادا بێ ئەگەر گەنجینەیەكی دزراو نەبێ؟
ڤان هانكس لەنێوان خەڵكەكەدا ون بوو، بارهەڵگرەكانیش بەدوایەوە بوون و نەوەستا و بەخێرایی بەرەو شاخی ویندی رۆیشت. یەكێك لەو خانووانەی بەقەدپاڵی شاخەكەوە بوون، هی ئەو بوو. لەو رۆژەوە، بەدەگمەن ڤان هانكس لە كۆڵانەكانی كێپ تاون و لەسەر دەربەندەكەش دەبینرا.
خەڵكانێك هەبوون دەیانوت:
-رەنگە بترسێ، نەوەك یەكێك لەو پاپۆڕانەی دێن، كەسێكی لەسەر بێ لەوانەی تاڵانی كردوون لەناو ئەو دەریا شینە فراوانەدا.
هەشبوو دەیوت:
-رەنگە خۆی بپارێزی لەو هاوڕێیانەی كە جاران بەیەكەوە دەیانخواردەوە، نەوەك داوای پارەی لێبكەن، یان رایبكێشنەوە بۆ مەیخانە پیسەكانی جارانیان.
لە راستیشدا، ڤان هانكس هەموو رۆژێك دەچووە سەر لوتكەی شاخی ویندی، لەوێوە بەتەلیسكۆبە دەریاوانییەكەی چەند كاژێرێك سەیری بەندەر و دوورگە و دەریای دەكرد. دوای ماوەیەك، تەلیسكۆبەكەی دەخستە لای خۆیەوە و پایپەكەی هەڵدەگرت و دەكەوتە كێشانی توتنە سووتاوەكە و بەباكردنی دووكەڵێكی سپیی زۆر بەهەوادا.
ماوەیەكی پێچوو، خەریكبوو خەڵكەكە دەریاوانەكەیان بیربچێتەوە، رۆژێكیان ڤان هانكس لەسەر لوتكەی شاخەكە وەك هەموو جار دانیشتبوو و كاتەكەی بەسەیركردن بە

تەلیسکۆبەکەی و پایپەکەی دەبردەسەر. لەپڕ هەستی کرد یەکێک لەدواوەیەتی، ئاوڕێکی دایەوە، پیاوێکی بە کڵاوێکی قۆچکەدار و ریشێکی رەشی بچووک بەسەر چەناگەوە بینی، شێوەی دەکرد، وتی:

-رەنگە یەکێکبێ لەوانەی وەختی خۆی لە مەیخانەدا بەیەکەوە بووین.

ڤان هانکس، بەبینینی دڵتەنگ بوو، بەڵام کاتێ پیاوەکە بەڕێزەوە وتی:

-رۆژباش بەڕێز ڤان هانكس.

ئارام بووە و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیدا و بیریچووەوە بپرسێ ناوی چییە، چونکە دەمێک بوو قسەی لەگەڵ کەس نەکردبوو، دەمی نەدەوەستا ئەوەندەی قسە کرد، پیاوە نەناسراوەکەش وەستابوو گوێی بۆ گرتبوو و چاوەکانی لێکنابوون.

کە رۆژ ئاوا بوو، پیاوەکە وتی:

-شەوباش.

لەناو تاریکیدا لەچاو ونبوو بێئەوەی ڤان هانکس بزانێ بەرەو کوێ رۆیشت.

دوای چەند رۆژێک، دیسانەوە وەک پیشەی هەموو رۆژێکی، ڤان هانکس لەسەر لوتکەی شاخی ویندی دانیشتبوو، لەناکاو پیاوە کڵاو قوچەکە بە ریشە بچووکەکەیەوە، لەدواوەی وتی:

-ئەمرۆ چۆنی بەڕێز ڤان هانکس؟

ڤان هانکس وەڵامی دایەوە:

-زۆر باشم.

دیسان کەوتە قسەکردن، ئەم جارەیان کەوتە باسکردنی خۆی کە چەندین دەریای بڕیوە و چەند گەنجینەیەکی بردووەتەوە و چەندین بەرمیلی شەرابی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە. پیاوە نەناسراوەکە بە وردیی گوێی بۆ گرتبوو و هیچی نەدەوت، ناوبەناو سەرێکی بۆ دەلەقاند.

کاتێک رۆژ ئاوا بوو، دیسانەوە بەهێمنیی ون بوو.

رۆژێکی زۆر گەرم بوو، ڤان هانکس لەسەر لوتکەی شاخەکە دانیشتبوو، تەمبەڵیی گرتبووی، تەنانەت سەیری تەلیسکۆبەکەشی نەدەکرد.

پیاوە نەناسراوەکە بانگی کرد:

-بەڕێز ڤان هانکس.

ئەم جارەیان دەنگی دەناسییەوە.

چووە لایەوە و دانیشت، وتی:

-دەتوانم پایپێکت لەگەڵ بکێشم!

ڤان هانکس، تۆزێ رووی گرژ بوو، چونکە ئارەزووی بوو بەتەنها تووتنە تایبەتە بەهێزەکەی بکێشێ و دووکەڵە بازنەییەکەی بەرەو کێپ تاون

بەهەوادا بكات. بەنابەدڵییەكەوە وتی:
-ئەگەر ئارەزوو دەكەی.
نەناسـراوەكە، پاپپێكـی سـپیی سـیرامیكی سەرنجڕاكێشـی بەدەسـتەوەبوو، پـڕی كرد لە تووتنێكی زۆر بۆنخۆش.
ڤـان هانكـس بینیـی دووكەڵـی پاپكێشـانی نەناسـراوەكە زۆر لە دووكەڵـی پایپەكەی خۆی گەورەترە، كەوتە قومی توندتر و توندتر، سینەی بـەرز و نزم دەبووەوە، چەنـد جارێك پایپەكەی پڕ كردەوە لە تووتن، باشـبوو ئەو رۆژە تووتنی زیاتری هەڵگرتبـوو، كەوتبوونە پێشـبڕكێ بۆ ئەوەی بزانن كامیـان دووكەڵی زیاتر دەردەكەن، تەناتەت ڤـان هانكس لە پیاوە نەناسـراوەكەی نەپرسی تووتنەكەی هیی كوێیە.
ئەو ناوە پڕ بووبوو لە دووكەڵی سپی.
ڤان هانكس پێشنیاری كرد:
-با پایپەكەمان بگۆڕینەوە.
پیاوە نەناسـراوەكە پشـوویەكی دا و چاوەكانی بچووك بووبوونەوە، وتی:
-باشە.
پایپە سـپییە سـیرامیكەكەی دا بە ڤان هانكس، مژێكی قووڵی لێدا، بـەڵام هیچ دووكەڵی نەكرد، بەتووڕەییەوە روویكردە نەناسراوەكە و وتی:
-ئەمە فێڵە.
بەڵام پیاوە نەناسراوەكە نەیدەتوانی قسە بكات، مژێكـی توندی لە پایپەكەی ڤـان هانكس دابوو، رەنگی رووی گۆڕا، سپیی بوو، سەوز بوو... ڤان هانكس بەشڵەژاوی و بە چاكەتە سەتانە نەرمەكەی بەریەوە وتی:
-چی روویدا؟
بەڵام پیاوەكە نەیدەتوانی یەك وشەش بڵێ، رووی بـوو بە مۆر و چاوەكانی زەق و گەورە بووبوون، دەیویست بكۆكێ، بەڵام نەیدەتوانی.
-بوەستە با یارمەتیت بدەم.
مستەكۆڵەیەكی توندی دا بە پشتیدا، لەبری ئەوەی یارمەتی بدات، كڵاوی سەری نەناسراوەكە فڕی.
ڤان هانكس لە شوێنی خۆیەوە سڕ بوو، لە سەری نەناسراوەكەدا لەنێوان قژە پرە رەشەكەیەوە دوو قۆچ دەركەوتبوون.
ڤان هانكس هاواری كرد و وتی:
-تۆ شەیتانی كوڕی شـەیتانی، پایپەكەی خۆت بەرەوە.
شـەیتان و ڤان هانكـس، هەریەكەیان پایپەكەی خۆیان بردەوە و دەسـتیان كردەوە بە كێشـانی پایپەكانیان.
ڤان هانكس هەر تێنەگەیشت شەیتان چۆن دەتوانێ

ئەو هەموو دووكەڵە دەر بكات، بەڵام بە هەردووكیان شاخی ویندیيان داپۆشیبوو بە دووكەڵ، وردە وردە دووكەڵ هەموو زنجیرە چیاكانی (تێپل)ی داپۆشی. نە ڤان هانكس و نە شەیتان، هیچیان ئامادە نەبوون وازبهێنن، هەموو رۆژێک بەیەكەوە لەسەر لوتكەی ئەو شاخەی سەرەوەی شارەكە دادەنیشتن، ساڵ بەدوای ساڵ ئەو پێشبڕكێیە بەردەوام بوو.

شاخی ویندی، بە لوتكەی شەیتان ناونراوە. ئەو چەند ماڵە، زۆر بوون و بوو بە شارێكی بچووك.

ئەو جووتە تەنها یەكجار پشوویان دا، ئەویش لە زستاندا بوو، زۆر سارد بوو، شەیتان گەڕایەوە ماڵە گەرمەكەی خۆی، بەس كەس نەیدەزانی ڤان هانكس بۆ كوێ رۆیشتبوو، چونكە دوای یەكەم رۆژی گەرمای هاوین، ئەو كاتەی هێشتا كێپ هۆڵەندی بوو، كەس نەیبینییەوە، بەڵام كە هەوری سپی لە رۆژێكی رەشەبادا لەسەر شاخی شەیتان بەرەو دامێنی شاخی شابلی دێت؛ خەڵک سەیری یەک دەكەن و دەڵێن:

–ئەها، ئەها، ئەمڕۆ بەڕاستی شەیتان و ڤان هانكس رەشەبا دەكێشن.





# گورگ و ڕێوی و بەرمیلێك کەرە

ناوچە: کیپ هۆڵندا

ڕۆژێکیان، گورگ و ڕێوی بە ڕێگەدا دەڕۆیشــتن، ڕێگەیەکــی دووورودرێژ بوو، زۆر ڕۆیشــتبوون و گەیشتنە لای عارەبانەیەکی بار قورس. ڕێوییەکە بە وردی سەیری دەکرد و وتی:

–ئەو بەرمیلانە پڕن لە نڤیشک.

گورگەکە وتی:

–مممم، نڤیشک.

دەمی ئاوی دەکرد، هەروەها وتی:

–دەمەوێت دەستبخەمە ناو یەکێک لەو بەرمیلانەوە.

ڕێوییەکە وتی:

–باشــە هاوڕێــی دێرینم، هیــچ هۆکارێک نییە ڕێگربێ. ئەم کارە، بەم جۆرە دەتوانین بکەین؛ تۆ لەســەر ڕێگەی جووتیاردارەکە بەبێ دەنگ و جوڵە پاڵ بکەوە، وابکە تا ئەو رادەمێنێ وابزانێ مردووی، ئەوســا جووتیاردارەکە هەڵتدەگرێ و دەتخاتە ناو عارەبانەکــە و دەڕوات، ئەوکات تۆش بەرمیلێک فڕێ بدە خــوارەوە، منیش لە قەراغ ڕێگەکە خۆم لەناو گیا بەرزەکان دەشارمەوە و چاوم لێت دەبێ.

گورگەکە وتی:

–پلانێکی باشە.

پێش ئەوەی جووتیاردارەکە بێتە ئەو ناوە، گورگەکە لەسەر ڕێگەکە خۆی پاڵخست.



جووتیادارەکە گەیشتە ئەو ناوە و وتی:
-هممم، تۆ بڵێی ئەو گورگە مردبێ وەک دەیبینم.
قامچییەکــەی هەڵگرت و چەند قامچییەکی توندی لە گورگەکە دا، گورگەکە هیچ خۆی گرژ نەکرد.
جووتیادارەکە وتی:
-بەڵــێ، کۆتایی هاتووە، باشــە با هەڵیبگرم و بیخەمە ناو عارەبانەکە.
ســواری عارەبانەکەی بووەوە، گورگەکە جوڵەی لەخۆی بڕیبوو، دەترســا نەوەک جووتیادارەکە پێش ڕێکردن ئاوڕێک بداتەوە و بیبینێت.
دوایی لەسەرخۆ هەستایە سەر پێ و وتی:
-ئای، ئەو جووتیادارە باش دەزانێت قامچییەکەی بەکاربهێنێت.
هێشــتا ئازاری لێدانەکە بەجەســتەیەوە مابوو، بۆنی نقیشــکەکەی هات بەسەردا، هەموو ئازاری لێدانەکەی بیرچووەوە، بەپەلە بەرمیلێکی بەرەو خوارەوە خلۆر کردەوە و خۆشی بەدوایدا بازی دا.
دوای ئــەوە ڕێوییەکە وەک بروســکە لە نێو ئەو گیایانەی خۆی تیادا شــاردبووەوە، دەرکەوت و دڵی بە خۆی زۆر خۆشبوو:
-ئەهــا، بەڵــێ، یــەک دوو شــتمان پیشــانی جووتیادارەکە دا، وانییە؟
گورگەکە لە کاتی خولانــەوەی بەرمیلەکە بۆ ناو گیاکان، لەخۆشیدا پێدەکەنی.
گورگەکە وتی:
-وەرە با بەرمیلەکە بکەینەوە، ناتوانم هیچی تر چاوەڕێ بکەم.
ڕێوییەکە بەدەنگێکی گریاناوی و سەرسووڕمانەوە وتی:
-چی؟ ئێســتا بیخۆین؟ نا، ناتوانین ئەمە بکەین! ئەگەر نقیشک بەتازەیی بخۆین؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە دەمرین، هەموو کەس ئەمە دەزانێت، دەبێ چاوەڕێ بکەین تا پێدەگات.
بەرمیلە پڕ لە نقیشکەکەیان لەنێوان گیا بەرزەکاندا شاردەوە و چوونەوەماڵەوە.
چەنــد ڕۆژێــک دوای ئەوە، گورگەکــە لەبەردەم ماڵەکەی لەبەر هەتاو دانیشــتبوو، نەیدەتوانی شــێوەی بەرمیلــی نقیشــکەکە لــە مێشــک و بیرکردنەوەیدا لاببــات. لەو کاتەدا ڕێوییەکە بەو ناوەدا دەسووڕایەوە.
گورگەکە بانگی کرد:
-ڕێوی، ڕێوی... ئایا نقیشکەکە پێنەگەییوە؟
ڕێوی وتی:
-لە ڕاستیدا، ئێستا شتی گرنگتر لە مێشکمدایە، ژنەکەم بێچووی بووە، دەبێ بچم باپتیستی بکەم و ناوی بنێم.

گورگەكە زۆر بە ڕێزەوە وتی:

–ئۆی، باشە بەتەمای ناوی بنێی چی؟

ڕێوییەكە وەڵامی دایەوە:

–ناوی لێ دەنێم (دەسپێكێكی باش).

بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت. بەئەستەم بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، سكی ئاوسابوو، وەك یەكێك وابوو هەموو بەیانییەك سكی پڕ بكات لە نڤیشك.

گورگەكە، چەند ڕۆژێكی تریش چاوەڕێی كرد، چیتر ئۆقرەی نەما و ڕۆیشت بۆ دۆزینەوەی ڕێوییەكە. دوای دۆزینەوەی، گورگەكە بەبۆڵەوە وتی:

–وەرە بابزانم نڤیشكەكەمان چی بەسەرهاتوو؟

بەدەنگێكی خەفەتاوی وتی:

–ئاها، گورگ، هاوڕێی دێرینم، ڕەنگە باوەڕ نەكەی، ئێستا منداڵێكی ترمان بووە، وا دەچم باپتیستی دەكەم و ناوی دەنێم.

–ئۆو، ناوی چی لێ دەنێی؟

گورگەكە بەبایەخەوە پرسی، چونكە جاری پێشوو زۆر بە ناوەكەی پێكەنیبوو.

ڕێوییەكە وتی:

–ئمممم، ناوی لێ دەنێم یەكەم بازنە.

ڕێوییەكە هەموو بەیانییەك ئەوەندەی لێ خواردبوو، نڤیشكەكە دابەزی بوو و گەیشتبووە یەكەم بازنەی بەرمیلەكە.

ئیتر ڕۆیشت، هەفتە دوای هەفتە، گورگ هەمان پرسیاری دەكرد و ڕێویش منداڵێكی تازەیان ناودەنا، ناوەكانیان؛ دوو بازنە، سێ بازنە، چوار بازنە... یەك بەدوای یەك، لە كۆتاییدا گورگەكە خەو و پشووی نەمابوو، خەون و خەیاڵ و بیركردنەوەی تەنها لای نڤیشكەكە بوو.

ڕۆژێكی چاوەڕواننەكراو، ڕێوییەكە وتی:

–هاوڕێی دێرینم، ئارامبە، سبەی بەرمیلی نڤیشكەكە دەكەینەوە، ئەم بەیانییە دوایین منداڵم ناونا.

گورگەكە بەدەنگێكی بێتاقەتانەوە وتی:

–بڕۆ، ئەم جارەیان وابزانم ناوتناوە بازنەی حەوتەم.

چیتر ناوەكان بەلایەوە خۆش نەمابوو.

ڕێوییەكە وتی:

–ئۆو، نا، ناومناوە ژێرەوەی بەرمیلەكە.

بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر، وەك بەڵێنی بە گورگەكە دابوو، ڕێوی گەیشت و بەیەكەوە ڕۆیشتن بەرەو لای بەرمیلی نڤیشكەكە، ڕێوییەكە وتی:

–هاوڕێ دێرینەكەم، ئێستا تامی ئەو نڤیشكە پێگەییوە زۆر خۆشە.

گورگەکە وتی:

-ڕاستە، ڕاستە!

ڕۆیشتنەکەی خێراتر کرد بەرەو لای بەرمیلەکە.

ڕێوییەکە وتی:

-ئۆو، لەئێستاوە هەستی پێدەکەم چۆن لەناو دەمما دەتوێتەوە.

گورگەکە تەناتەت وەڵامیشی بۆ نەدەدرایەوە، دەمی پڕبووبوو لە ئاو.

گەیشتنە لای بەرمیلەکە و سەریان هەڵدایەوە، بینییان بەرمیلەکە بەتاڵە.

ڕێوییەکە بەهەناسەبڕکێوە وتی:

-نا!

گورگەکە بەهەناسەبڕکێوە وتی:

-نا!

ڕێوی وتی:

-ئەوە تۆ بوویت؟

گورگ وتی:

-ئەوە تۆ بوویت؟

کەوتنە جنێودان و هەڕەشەکردن لەیەک:

-یەک بۆکس بەلمۆزتدا دەدەم.

-گوێچکەت لەبنا دەردەهێنم.

گورگەکە ویستی چەپۆکێکی توند لە ڕێوییەکە بدات، بەپەلە ڕێوییەکە چەند هەنگاوێک ڕۆیشتە دواوە.

خێرا وتی:

-بوەستە، بوەستە، بوەستە... گورگی برام.

گورگەکە زۆر گەورەتر و بەهێزتر بوو لە ڕێوییەکە، ڕێوی لای ڕوونبوو ئەگەر گورگەکە پەلاماری بدات؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە تووشی ئازارێکی زۆر دەبێ و لە هەقی نایەت.

جارێکی تر وتی:

-بوەستە، باشە ئێمە لێرە وەستاوین و لەیەک بدەین و ئازاری یەک بدەین، بۆ؟ لەپێناو چی؟ بابزانین کێمان گوناهبارین؟

گورگەکە وتی:

-تۆ.

ڕێوییەکە بە ڕەقییەوە وتی:

-بڕوام وایە تۆبیت، بابچین لەژێر ئەو خۆرە پاڵ بکەوین و بزانین کاممان کەرە لە دەمی دێتە خوارەوە، ئەوسا ڕاستییەکە دەزانین کاممان گوناهبارین.

گورگەکە وتی:

-ئەوسا ئەوەمان لێدانێکی باش دەخوات و دڵنیاشم کێیە.

ڕێوی وتی:

-زۆر ڕاستە.

لەژێر هەتاوەکە پاڵکەوتن، دوای ماوەیەکی باش، گورگەکە خەوت و کەوتە پرخە پرخ. ڕێوییەکە بەهێمنی ڕاست بووەوە و دوایین نقیشکی لە بنی بەرمیلەکە لێکردەوە و لە لمۆزی گورگەکەی هەڵسوویی، دوای ئەوە پاڵکەوتەوە و خەوت.

دواتر بەئاگا هاتن و بەخۆشییەوە خۆیان کێشایەوە و ڕێوی بە لەخۆڕازیبوونێکەوە وتی:

–دەمت پاکە؟

گورگەکە بەترسەوە قیژاندی:

–نقیشک لە هەموو لایەکە!

ڕێوی وتی:

–باشە، ئێستا دەزانین دەبێت چی بکەین.

لقە دارێکی جوانی لێکردەوە.

گورگەکە بەدەنگێکی غەمبارانەوە وتی:

–دەبێ بەدەم خەوەوە هاتبم نقیشکەکەم خواردبێ.

خۆی بۆ لێدانەکە ئامادە دەکرد و وتیشی:

–چونکە من هیچ بیرم نییە کە نقیشکەکەم خواردبێ.

بەڵام ڕێوییەکە هیچی نەوت و خۆی گەرم دەکرد بۆ ئەوەی لێدانێکی باش لە گورگەکە بدات.





# شازادەی هەور

ناوچە: سویزلاند

لە دوو رووداو، کەروێشکە کێوییەکە بەئاستەنگ لە دەست سەگەکانی خاوەنی ئەو زەوییەی رۆژانە دزی لێدەکردن، رزگاری بوو. دەترسا رۆژێ لە رۆژان بیگرن.

دوای ئەوەی سەگەکان راویان دەنا، توانیی لە چاو غافڵبوونێکی سەگەکاندا بە باشترین شێوە رزگاری بێت لێیان و لەژێر دەوەنێکدا بەهەناسەبڕکێوە پاڵکەوتبوو پشوو بدات.

وتی:

–ئیتر دەبێت خۆم بەروبوومی خۆم بچێنم، دەنا رۆژێک هەر دەمگرن.

بەیانیی رۆژی دواتر، بێڵێکی هەڵگرت و رۆیشتە ناو دارستانەکە، لەوێ شوێنێکی شاراوەی باشی دۆزیبووەوە و زەوییەکی بەپیتی هەبوو، زەوییەکەی لە گژوگیا پاککردەوە و کەوتە هەڵکەندن و کێڵانی زەوییەکە. کە ئێوارە داهات، گەڕایەوە بۆ کوخەکەی، ماندوو بوو، بەڵام ئاسوودە بوو.

بڕیاری دا بەیانیی تۆوی گەنمەشامی و دەنکە کولەکەی زەرد بچێنێت. بۆ خواردنی شێوان، دوایین گەنمەشامی کوڵاند کە پێشتر بردبووی.

ئەو شەوە، خەوێکی باشی لێکەوت. بەیانیی رۆژی دواتر، دوای ئەوەی نانی بەیانیی خوارد، ماڵەوەی جێهێشت و چووە سەر زەوییەکەی و تۆوەکانی بە رێکی چاند.

دوای ئەوەی بەپێی پێویست لە کێڵگەدا کاری کرد، هەندێ چیلکە و داری لێکــردەوە و پەرژینێکی بۆ زەوییەکە کرد، بۆ ئەوەی رێگە چوونە ناوەوە لە ئاسکەکان ببڕێ.
لەگەڵ کەشوهەوا چانســی هەبوو، بەرهەمەکانی گەشەیان کرد و پێگەیشتن.
کاتی دروێنە و لێکردنــەوەی بەرهەمەکان، تۆپە گەنمەشــامییەکان پــڕ و قەڵەو بــوون و کولەکە زەردەکانیش خڕ و گەورە و جوان بوون.
لە کۆتاییدا، یەکەم بەرهەمی کارەکەی لێکردەوە و لە لای ئاگر دانیشت و کەوتە برژاندنی گەنمەشامی، بیری کردەوە:
-چەند گەمژەیی بوو.
چەندین جار ژیانی خۆی دەخســتە مەترسییەوە بەدزینــی بەروبوومــی گەنمەشــامیی خــاوەن زەوییەکە.
بەڵام بەیانییەکیان زۆر دڵگران بوو، کاتێک بینی دەنکی گەنمەشامییەکان لە تۆپی گەنمەشامییەکان لێکراونەتــەوە و خــوراون لە شــەودا، لەلایەن باڵندەیەکــی نامــۆوە کــە هەرگیز لــەو جۆرە باڵندەیەی نەبینیبوو، بەشوێن پێیەکانیدا دەیزانی کە رێبەرێک بوو بۆ دۆزینەوەی دزەکە.
لە دڵی خۆیدا وتی:
-دەبێــت تەڵەیەک بۆ ئەو باڵنــدە دزە بنێمەوە، لاشم سەیرە بۆ بەشەو دێت بۆ ئێرە؟

رۆیشتە لەوەڕگای خاوەن زەوییەکە، ئەو شوێنەی کە مەڕ و گاکانی تیادا بەخێو دەکردن، چاوەڕێی کرد تا گاوان و شوانەکان خەوتن، چوو چەند موویەکی رەشی لە کلکی گاکان دەرهێنا و گەڕایەوە بۆ سەر زەوییەکەی خۆی، بــە چەند گرێیەکی هونەریی، مووەکانی بەیەکەوە بەســتەوە و تۆڕێکی تەڵەی نایەوە و هەندێ خۆڵی کرد بەســەریا بۆ ئەوەی نەبینرێ، کە بەتــەواوی ئامادەی کرد، گەڕایەوەماڵەوە.
بەیانیی زوو لە خەو هەستا و رۆیشتە لای کێڵگەکەی و دڵخۆش بوو کە گوێی لە دەنگی باڵەفڕێی باڵندە بوو.
لە پەرژینەکەوە ســەیری کرد، بینیی باڵندەیەک کەوتووەتە ناو تۆڕەکە، هەرچەندە باڵندەی زۆری بەئاسمانەوە بینیبوو، بەڵام هەرگیز بوونەوەرێکی وا جوانی نەبینیبوو، رەنگەکانی وەک پەلکەزێڕینە وابوون، یەکێ لە باڵەکانی پەڕێکی رەشی قەترانیی درێژی پێوەبوو.
کەروێشــکەکە، باڵندەکەی بەتوندیــی گرتبوو، باڵندەکەش هەوڵی دەدا لە دەســتی رزگاری بێت.
کەروێشکەکە وتی:
-تــۆ بوویت لــە کێڵگەکەم دزیت کــرد، وانییە؟ ئەمشەو ژەمێکی باشی بۆم.
باڵندەکەی بردەوە و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە.
هەموو باڵندە هاوڕێکانی، بەبازنەیی بەسەریاندا

دەخولانەوە. خەریکبوو باڵندەکە بکوژێ، بەڵام پێش ئەوەی ئەو کارە بکات، پەڕە ڕەشەکەی سەر باڵی دەرهێنا و وتی:
-لە سەربان دەیچەقێنم بۆ ئەوەی باڵندەی تر نەوێرن دزیم لێبکەن.
هەر کە ئەو کارەی کرد، باڵندەکە گۆڕا و بوو بە کچێکی زۆر جوان، بەدەم گریان و پاڕانەوەوە وتی:
-تکایە پەڕە ڕەشە جادووییەکەم بۆ بگەڕێنەوە.
کەروێشکەکە وەڵامی دایەوە:
-ئۆو، نا تۆ زۆر جوانی، نابێ لە دەستم رابکەی، ئەگەر پەڕەکەت بدەمەوە، دەبیتەوە بە باڵندە و دەفڕیتەوە بۆ لای هاوڕێکانت...ماڵتان لەکوێیە؟
کچە جوانەکە وەڵامی دایەوە:
-ماڵم لە پشت هەورەکانە، باوکم لەوێ پاشایە، منیش تاقە کچەکەیم، ئەو باڵندانەی بەسەر کوخەکەدا دەسووڕێنەوە، هاوکارەکانمن، دەترسن بەبێ من بگەڕێنەوە بۆ لای باوک و دایکم، تکایە بهێڵە بڕۆم.
کەروێشکە کێوییەکە ئامادە نەبوو گوێی بۆ بگرێ و پەڕەکەی لەناو کوخەکەیدا شاردەوە.
شازادەی هەور، بەنابەدڵیی لەگەڵی مایەوە.
کەروێشکەکە زۆر بەڕێز و نەرمونیان ڕەفتاری لەگەڵ دیلەکەی دەکرد، لە بەرانبەردا، کچەکە کوخەکەی بۆ پاک کردەوە و هەموو کاروباری ماڵەکەی بۆ کرد. وردە وردە ژیانێکی سادەی خۆشیان بەیەکەوە بەڕێ دەکرد، وای لێ هات شازادەی هەور کەوتە خۆشەویستیی کەروێشکە کێوییەکە.
ڕۆژێکیان بە کەروێشکەکەی وت:
-ئەگەر پەڕە جادووییەکەم بدەیتەوە، دەتگۆڕم و دەتکەم بە مرۆڤ، وەک خۆمت لێ دەکەم.
سەرەتا باوەڕی نەدەکرد، دەترسا فێڵی لێ بکات و بۆ هەتایە بفڕێت و نەیەتەوە، بەڵام کچەکە دڵنیای کردەوە کە زۆری خۆشدەوێت، نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر هەور بەبێ ئەو. لە کۆتاییدا پەڕە جادووییەکەی بۆ گەڕاندەوە.
کە پەڕەکەی بەدەستەوە گرت و دای لە کەروێشکەکە، گۆڕا، بوو بە لاوێکی جوانی دڵڕفێن.
دەستبەجێ داوای لە شازادەی هەور کرد شووی پێ بکات، شازادەی هەور ڕازی بوو بەمەرجێ هاوسەرگیرییەکەیان بەنهێنیی بمێنێتەوە، لە ترسی هاوکارەکانی کە لە دەوری کوخەکەیان دەسووڕانەوە، نەوەک بچن بە باوکی بڵێن کە شووی بە پیاوی سەر زەوی کردووە و بۆ هەتایە گەڕانەوەی بۆ مەملەکەتی سەر هەوری لێ قەدەغە بکات.
بەنهێنیی هاوسەرگیرییان کرد و زۆر بەخۆشیی لە کوخە بچووکەکەدا بەیەکەوە دەژیان.
چەند جارێک پاشای هەور بە هاوکارەکانی



کچەکەیدا پەیامی بۆ دەنارد و داوای دەکرد بگەڕێتەوە بۆ لایان، بەڵام داواکارییەکانی ڕەت دەکرایەوە.
پاشای هەور بڕیاری دا ئەو پیاوە بکوژێت کە کچەکەی کەوتووەتە داوی خۆشەویستییەوە، بۆ ئەو مەبەستە، داوای لە هاوڕێکانی کچەکەی کرد خۆیان لە مشک و دارکونکەرە نزیک بکەنەوە و خۆیان بکەن بەهاوڕێیان و بە دارکونکەرە بڵێن ژەهر لەناو دارستانەکە کۆبکاتەوە و مشکەکەش بیخاتە ناو خواردنی ئەو پیاوەی سەر زەویی.
ئەو دوو بوونەوەرە بچووکە، ڕازی بوون و بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە، خۆیان لەو ژن و مێردە نزیک کردەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، هەردوو شازادەکەیان زۆر خۆشویست و بڕیاریان دا داواکارییەکەی پاشای هەور ڕەت بکەنەوە.
هەرچەندە شازادەی هەور مێردەکەی زۆر خۆشدەویست و دڵی زۆر خۆشبوو، بەڵام زۆر بیری گەلەکەی و مەملەکەتی سەر هەوری دەکرد.
ڕۆژێکیان لە مێردەکەی پاڕایەوە و وتی:
-پەڕە جادووییەکەم بدەرێ با بەیەکەوە بچین بۆ سەردانی گەلەکەم لە ئاسمان، ئەگەر تۆیان بینی، ڕەنگە ڕازی بن لەسەر هاوسەرگیرییەکەمان و بتکەن بە کوڕی خۆیان.
مێردەکەی نەیتوانی داواکاریی ژنەکەی ڕەت بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی ژنەکەی زۆر باش بوو، باوەڕی زۆری پێی هەبوو.
پەڕە جادووییەکەی لە شوێنە شاراوەکە دەرهێنا و دایەوە دەستی، ئەویش لە زەوی چەقاند، یەکسەر بەرزبوونەوە بەرەو سەرەوە و تا هەوریان بڕی، بانگی هاوڕێکانیان (مشک و دارکونکەرە)یان کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیدان بڕۆن.
شازادەی زەوی، دوای ئەو شازادەی هەور و دارکونکەرە و مشک لەدوای یەک سەرکەوتن بەسەر پەڕەکە، کە هەوریان بڕی، ڕووبەڕووی دیوارێکی ئەستووری فراوان بوونەوە و سەری پەڕەکە کەوتە دەمی تونێلێکەوە، بەڵام دەمی تونێلەکە بە بەردێکی پڕاوپڕ داخرابوو. شازادەی هەور وتی:
-لەئێستاوە ئیتر کێشەکانمان دەستپێکرد، هاوکارەکانم نهێنیی جووڵاندنی بەردەکەیان دەزانی بۆ کردنەوەی دەروازەی مەملەکەتەکەی باوکم.
مشکەکە وتی:
-هیچ کونێکی بچووکیش نادۆزمەوە، دەبێ بخولێمەوە بەدەوری بەردەکەدا.
سووڕایەوە و سووڕایەوە، هەوڵی دەدا درزێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە ددانە تیژەکانی کونی بکات، بەڵام نەیدۆزییەوە.
دارکونکەرە وتی:
-با منیش هەوڵبدەم، هەموو ژیانم خەریکی کونکردنی دار بووم، بەهۆی دەنوکە تیژەکەم و هەستی بیستنم؛ دەتوانم شوێنی بۆشاییە نهێنییەکە بدۆزمەوە.

تاپ، تاپ، تاپ... بە دەنوکە بچووکەکەی هەموو لاکانی بەردەکەی دەکوتا، هیچ شـوێنێک نەبوو لەسەر بەردەکە دەنوکی لێ نەدا، لە کۆتاییدا وتی:

–بەدڵنیاییـەوە دەبێ ئێرەبـێ، چونکە لێرەوە دەنگی بۆشایی دەبیستم.

لەسەرخۆ و بەئاگادارییەوە، بە دەنووکە تیژەکەی کەوتــە کۆڵینـی بەردەکــە تا دەسـکێکی تەنکی دەرگاکــەی بینی، کــە لە رەنگی بــەردە بۆرەکە بوو، بەچاو جیاوازیی نەدەکرا، بەهێمنیی بەرزی کردەوە و رایکێشـا، بەردەکە جــووڵا و دەروازە بەردەکە کرایەوە، دنیای جوان دەرکەوت، پڕ بوو لە سەوزایی و داری جوان لەنێوانیان گاگەل و رانە مەڕ دەلەوەڕان و رووبارەکان بەخوڕ دەڕۆیشتن.

شـــازادەی هەور ئاوڕێکی لـــە مێردەکەی دایەوە و وتی:

–بەخێربێن بۆ مەملەکەتەکەی باوکم.

بەرەو ئەو مەملەکەتە جوانە رۆیشـــتن. گەیشتنە گوندێکی جوان و گەورە، کوخەکانیان و تەویلەی مـــەڕ و ماڵاتەکانیان بەجوانی و رێکیی دروســت کرابوون.

گەڕانەوەی شـــازادەکەیان، پێشبینینەکراو بوو بۆ خەڵکەکە، پـــاش ئەوەی گەیشـــتنە لای باوکی و دوای پێشوازیکردن، باوکی پرسی:

–ئەو پیاوە کێیە لەگەڵ خۆت هێناوتەتەوە؟

کچەکەی وەڵامی دایەوە:

–هاوڕێـــی ســـەر زەویمە، فێری خۆشەویســـتیی کردووم، ئارەزوومە شووی پێ بکەم.

پاشای مەملەکەتی هەور، بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:

–ئەم قسە پووچە چییە؟ خەڵکی مەملەکەتی هەور هەرگیز شوویان بەخەڵکی سەر زەوی نەکردووە، دەبێ هەر ئێستا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

شازادەی هەور وتی:

–ئەگەر خۆشەویستەکەم لێ دووربخەیتەوە؛ ئەوا منیش بۆ هەتاهەتایە ماڵەکە جێدەهێڵم.

هەروەها وتی:

–دانایی و عەقڵی لە هەموو پیاوانی ئێرە زیاترە، بۆیە دەبێ وەک کوڕی خۆت پێشوازیی لێ بکەیت.

پاشا کە بینیی کچەکەی سوورە لەسەر رای خۆی، وتی:

–باشە، باشە، دەهێڵم ماوەیەک بمێنێتەوە.

بەڵام لـــە دڵی خۆیدا داینابـــوو پیلانێک داڕێژێت بۆ کوشتنی پیاوی ســـەر زەوییەکە، بە شێوازێک وا دەربکەوێـــت تەنها رووداو بـــووە. دوای ئەوە، فەرمانی دا ئاهەنگی بەخێرهاتن بکەن.

خواردنـــی خۆش و بۆنی خۆشـــی چێشـــتلێنان، ئارەزووی مشـــکەکەی بزوانـــد و بەنهێنیی خۆی خزانـــدە ناو چێشـــتخانەکە، ئـــەو خواردنانەی کەوتبوونـــە ســـەر زەوی، هەڵیدەگرتنـــەوە و دەیخـــواردن، بەڵام گوێی ئەوەندە ســـووک بوو، گوێی لە بەرپرسی چێشتخانەکە بوو، کە باسی لە

فەرمانی پاشا دەکرد بە ژەهر دەرخواردانی پیاوی سەر زەوییەکە.
زۆر بە وردیی چاودێری دەکرد، دوای ئامادەکردنی خواردنەکان، بینی قاپێکیان جیا کردەوە، سەرۆکی جادووگەرەکان هات و تۆزێکی سپی بەسەر خواردنی ناو ئەو قاپەدا کرد. مشکەکە بەپەلە رایکردە لای پیاوی سەر زەوییەکە و خۆی گەیاندە سەر شانی و بە چرپە پێی وت:
–ژیانت لە مەترسیدایە! ئەمڕۆ هیچ مەخۆ.
ئەوەی گوێبیستی بوو، بۆی گێڕایەوە. بەو شێوەیە، توانی شازادەکە رزگار بکات.
پاشا کە بینی پلانەکە سەری نەگرت، زۆر تووڕە بوو و بانگی سەرۆکی جادووگەرەکانی کرد و بردیە ژێر دارێکی گەورەی ناو باخەکەی، بۆ ئەوەی کەس گوێی لە داڕشتنی پلانی داهاتووی نەبێت.
بە جادووگەرەکەی وت:
–بایەکی ساردی بەهێز لەنێوان مەملەکەتی من و مەملەکەتی دراوسێمان لەو دەشتاییە هەڵ بکە، منیش خۆشەویستی کچەکەم بە گەشت دەنێرم بۆ ئەو ناوە بۆ ئەوەی لەسەرما رەق بێتەوە.
لەو کاتەدا پاشا نەیدەزانی دارکونکەرەکە لەسەر لقە بەرزەکانی دارەکەیە و گوێی لە هەموو پلانەکە بوو. رۆژی دواتر، بەیانییەکەی، پاشا ناردی بەدوای شازادەی سەر زەوی و پێی وت:
–من دەمەوێ تۆ بچیتە مەملەکەتەکەی دراوسێمان و ئەو بۆشاییە دەشتایەی نێوانمان ببڕیت و پەیامێکم هەیە بۆیان ببەی، ئەگەر دەتەوێ لەگەڵمدان بژی، دەبێ گەلەکانی دراوسێمان بناسی.
شازادە ئەو ناوەی جێهێشت و رۆیشت بۆ گەشتەکەی، نیوەی رێگەکەی بڕی و دوورکەوتەوە لە هەموو ئاواییەک، هەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرت و بوو بە هەورەتریشقە.
لە دڵی خۆیدا وتی:
–رەنگە من بکوژرێم.
لەو بیرکردنەوەیەدا بوو کە بوو بە تەرزە و بەفر بارین، دەنکە تەرزەکانی گەورە بوون و دەکەوتنە خوارەوە، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێت بەسەریا، دارکونکەرەکە بەدواوەیەوە بوو، باڵە جادوویيەکانی کردەوە و دایپۆشی و پێی وت:
خۆت نزم بکەرەوە.
لە مەترسیی سەرما و تەرزەکە پاراستی. کاتێ رەشەباکە تێپەڕی، هەڵسایە سەر پێ و سەیری کرد و سەری سووڕما؛ لە کەلاوە زیاتر هیچ ئاوەدانییەکی نەبینی. هەرچەندە سەرماکە زۆر بوو، بەڵام شازادە رزگاری بوو.
پاشا زۆر تووڕە بوو و باوەڕی نەدەکرد کە بینی شازادە بەسەلامەتیی گەڕاوەتەوە.
ئیتر هەموو جادووگەرەکانی بانگ کرد وتی:
–دەبێ گەشتێکی راو لەسەر شەرەفی شازادە رێک بخەن، کۆمەڵێ راوچی ئامادەبن بە

تیروکەوانەکانیانـــەوە، لە کاتی راودا تیرێکی لێ بدەن ئەوسا نازانرێ کام تیر کوشتوویەتی.
ئەم جارەش، دارکونکەرەکە لەسەر بەرزایی دارەکە بـــوو و گوێی لـــە هەمـــوو وتووێژەکانیان بوو، بەپەلە فڕی بۆ کوخی ســەرکردەی جادووگەرەکان بۆ ئـــەوەی تیربەندێک بکات بۆ شـــازادە تا هیچ تیرێکی بەرنەکەوێت.
هاتە لای شـــازادە و تیربەندەکەی دایە بۆ ئەوەی بیکاتـــە ملی و دڵنیای کردەوە هەر تیرێکی بۆ بێت بەری ناکەوێ و دەکـــەوێ.رۆژی راوکردن، چەند راوچییـــەک بۆ ئـــەوەی فەرمانی پاشـــا جێبەجێ بکـــەن و متمانەی پاشـــا بەدەســـت بهێنن، رووی تیرەکانیان کردبووە شازادەی زەوی، لەگەڵ ئەوەی ئامانجەکەیان شـــازادە بوو، بـــەڵام تیرەکانیان دەکەوتنە سەر زەوی و هیچی بەرنەدەکەوت و ئەم جارەش سەلامەت بوو.ئەو شەوە، شازادەی زەوی بە شازادەی هەوری وت:
-شیرینەکەم، خۆشەویستەکەم، باوکت دڵی ئارام ناگـــرێ تا نەمکـــوژێ، ئیتر کاتی ئـــەوە هاتووە بگەڕێمەوە سەر زەوی بۆ ماڵەکەی خۆم.
شازادەی هەور وتی:
-هاوژینەکـــەم، ژیانم بەبێ تـــۆ وەک ئەوە وایە ژیانم نەبێ، منیش لەگەڵتدا دەگەڕێمەوە.
کاتـــی نیوەشـــەو، ئـــەو کاتەی هەمـــوو خەڵک نووســـتبوون، بەنهێنیـــی، شـــازادەی زەوی و شازادەی هەور و مشک و دارکونکەرەکە بەیەکەوە بەرەو دەرگا نهێنییەکە رۆیشـــتن. شازدەی هەور پـــەڕە جادووییەکەی فڕێدایە ســـەر زەوی بۆ لای کوخەکەیان، بەمەبەســـتی گەڕانەوەیان بۆ ســـەر زەوی بۆ هەتایە.
دارکونکەرەکە بە شازادەی زەوی وت:
-هەر داواکارییەکت هەیە ئێستا پێم بڵێ، جوانییە جادووییەکەت یارمەتیت دەدات.
شازادە وتی:
-گەورەترین داواکاریم ئەوەیە؛ خانوویەکم هەبێ لە ئاست ژنەکەم بێ.
یەکســـەر گوندێکی جوان دەرکـــەوت پێش ئەوەی بگەنە ســـەر زەوی و خەڵکەکەی وەســـتابوون بۆ پێشوازی لە شازادەکەیان.
گاکان تـــا ئەژنۆ لەناو ســـەوزایی لـــەوەڕگاکان ون بووبـــوون، ژنێکـــی بەتەمەنـــی نەرمونیـــان سەرپەرشـــتیی کچەکانی دەکرد بۆ پێشـــوازی لە شازادەی هەور و بردنی بۆ ناو قەڵای شاهانەیی.
دووەم داواکاریی شازادەی زەوی، ئەوە بوو مشک و دارکونکەرەکە ببن بە مرۆڤ؛ لە چاوتروکانێکدا بـــوون بە مرۆڤ. دواتـــر، فەرمانـــی دا ئاهەنگی هاوسەرگیریی بگێڕن.
مشکەکەشی کرد بە سەرۆکی ئەنجومەن، هەر چوار هاوڕێ تا پیر بوون، بەخۆشیی بەیەکەوە ژیان و بەدانایی و دادپەروەریی حوکمی گەلەکەیان کرد.



# پاسەوانی گۆمی ئاو

**ناوچە: ئەفریقای ناوەڕاست**

لە زەوییەکی دوور، دەریاچەیەکی ناوازەی لێبوو، لە لایەکی دەریاچەکە، دەرچەیەکی باریکی تیادا بوو کە لەوێوە ئاوەکە دەبووە رووبارێکی باریک و بەخوڕ بەرەو لێژیی بەسەر زەویی بەردەڵان و بەناو دەشتایی سەوزدا دەڕۆیشت تا دەگەیشتە شوێنێک سێ بەردی گەورە بەری ئاوەکەی گرتبوو و بووبووە گێژەڵووکەی ئاو و بەدەوری خۆیدا شێتانە خولی دەخوارد و دەسووڕایەوە، گەڵای سەوز و زەردی ئاڵتونیی کە لە دارەکانی ئەو ناوە دەکەوتنە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە، لولی دەدا و قوتی دەدان. مێشوولەکان وەک تیر بەسەر ئاوەکەدا تێدەپەڕین، پەپوولەکان بەسەر گوڵە سپییە بۆنخۆشەکانەوە دەفڕین، گیای دەریایی و کێویی بۆنخۆش، لە قەراغ گۆمی ئاوەکە شین بووبوون.

لە ژێرەوەی گێژەڵووکەی ئاوەکە لەناو گۆمەکە، مارێکی ئاویی رەنگ زیویی دەژیا، کاتێ تیشکی خۆر لە ئاوەکەی دەدا، چاوەکانی دەدرەوشانەوە، زمانی دەرهێنابوو و دەلەرییەوە. مارە زیوییە جوان و سەرنجڕاکێشەکە، پاسەوانی گۆمەکە بوو.

بەڵام ئەو مارە، مارێکی ئاویی ئاسایی نەبوو، چونکە بەدەستلێدانی پێستە سارد و نەرم و شێدارەکەی، چارەسەری نەخۆشیی پێوە بوو، چارەسەری هەموو نەخۆشی و ئازارێکی ژن و



پیـــاوی پێوە بوو. چاکبوونەوەی ئەو کەســـانەی چاونەترس و ئازا و بوێر بوون و دەیانتوانی بچنە ژێر ئەو ئاوە گێژەڵووکە شـــینە و دەســـتبدەن لە مارەکە.

نگۆســـا، لە رۆخـــی گۆمـــە قووڵەکـــە، بەدیار گێژەڵووکەی ئاوە شـــێتە تووڕەکەوە دانیشتبوو، تیشـــکی خۆر لە پێســـتە قاوەییە بێ خەوشەکەی دەدا، لەشە لەرزۆکەکەی گەرم دەکردەوە.

دایکی نگۆســـا، زۆر نەخۆش بوو، دەیزانی ئەگەر یارمەتی نەگاتە دایکـــی؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە دایکی دەمـــرێ، بـــەڵام چوونە خـــوارەوە بـــۆ ژێر ئەو ئاوە تووڕەیە و دەســـتلێدان لە مارە زیوییەکە و سەیرکردنی چاوە رەشەکانی و زمانە درێژەکەی، لـــەرزی لێ هێنابـــوو، گەرمیی تیشـــکی خۆرەکە سوودی نەمابوو.

مارەکە، لەژێر ئاوەکەوە جوانیی نگۆسای دەبینی و دەیزانی کە لێی دەترســـێ، دەیویست دڵنەوایی بداتەوە.

نگۆســـا، لەپڕ لەدوای خۆیەوە گوێی لە زریکە و هـــاوار بوو، کاتێ ئاوڕی دایەوە، بینی خوشـــکە بچووکەکەیەتـــی، بەناو دەغـــڵ و گیاکاندا بەرەو رووی را دەکات و هاوار دەکات:

–نگۆسا، نگۆسا، خێرا بگەڕێوە، دایکم وا خەریکە دەمرێ.

نگۆســـا، وەک بروســـکە هەموو بیرەوەرییەکانی دایکی بەبیـــر دەهاتەوە، کە چۆن بـــە گۆرانی و لایلایە چەند شەو بەدیارییەوە بوو و نەدەخەوت، بۆ ئەوەی ترسی لا بڕەوێنێتەوە، کاتێ تیمساحێک ویستی رایبکێشـــێ بۆ ناو ئاو. هەروەها چۆن بە راکردن چەند میلی بڕی بۆ ئەوەی تووری سووری بۆ پەیـــدا بکات لـــە کاتی پێوەدانی دووپشـــک، چـــۆن بەتوندی و بوێرانە لـــە بابوونە زەبەلاحە تووکنەکەی دەدا کاتێ ویســـتی بـــرا بچووکەکەی بفڕێنێ، چۆن لە کاتی پەیدابوونی برسێتی بەهۆی وشکەساڵییەوە، بەشە خۆراکەکەی خۆی لەنێوان منداڵەکانیـــدا دابەش دەکرد. ئەمانە و زۆر شـــتی تریش، وای لە نگۆسا کرد بەپەلە خۆی فڕێبداتە ناو ئاوە شـــێتەکە و رۆیشـــت بـــۆ لای مارەکە، مارەکـــەش زمانی لـــە جوڵە وەســـتاند و چاوە رەشە ترسناکەکانی داخست. نگۆسا دەستی دا لە پێستە سارد و شێدار و نەرمەکەی مارە زیوییەکە. بەلەشی تەڕەوە سەر ئاوەکە کەوتەوە و بەڕاکردن بەنـــاو دەغڵ و گیاکەدا بـــەرەو لای دایکی چوو بۆ ئەوەی ئەو دەســـتەی کە لـــە مارەکەی دابوو، لە دایکی بداتەوە.

ئەو شەوە، مانگ چواردە بوو کاتێ بە رەنگە سوورە مەیلەو پرتەقاڵییەکەیەوە لەســـەر شاخەکانەوە دەرکەوت. مارەکە، پێســـتە زیوییەکـــەی داماڵی و بەهێمنیی ســـەر ئاو کەوت و ســـەری بڵند کرد؛ لاوێکی جوان، قژە رەشـــەکەی کرابوون بە پرچی

بچووک بچووک، چـــاوە قاوەییەکانی، بێ ترس بوون، قۆڵ و بازووی ماسولکەدار و بەهێز بوون. بەدڵنیاییەوە، ئەو، کوڕە سەرۆکێک بووە.
ســـەیری ئەملا و ئەولای دەکرد، دەیڕوانییە زەوی وەک ســـەیرکردنی یەکـــەم پیاو وابـــوو کە هاتە ســـەر زەوی و لای خۆشبوو، بەناو باخ و دەغڵ و دەشتدا دەسووڕایەوە هەتا نزیک کوخەکان هات.
گاگەلێکی بینی خەریکی کاوێژ بوون، پێســـتیادان رەش و ســـپی و نـــەرم بوون، لەژێـــر رووناکیی مانگ، وەک ئاوریشـــم دەدرەوشـــانەوە، دایکی کاریلەکانیش لووتی لە کاریلەکانی هەڵدەسوویی و بۆنی دەکردن.
-نگۆسا، نگۆسا...
بەهێمنیی بانگی دەکرد:
-نگۆســـا تۆ کەســـێکی بوێری و منت رزگار کرد. بەهۆی جادووی جادووگەرێک، بۆ هەتایە کەوتمە ژێر ئاو بۆ ئەوەی ببمە پاسەوانی ئاوی ناو گۆمە گێژەڵووکەکە، بەڵام ئێستا بەهۆی بوێریی تۆوە، لە کاتی شـــەودا دەتوانم ببمەوە بە مرۆڤ و خۆم نیشـــانی کەســـە ئازا و بوێر و جوانـــەکان بدەم. بەدڵنیاییەوە تۆ ئازایت، لەو کاتەی کە من ماری ئاویی بووم، سەردانت کردم و منیش تۆم بینی کە چەند جوانیت، وەرە دەرەوە.
هەر کە نگۆســـا لە کوخەکەیان ســـەری دەرهێنا، کوڕە ســـەرۆکەکە، ملوانکەیەکی بەردی ســـەوزی مانگ و شینی شیریی بە دەزووی رووناکیی زیویی مانگ هۆنراوەی کردە ملی نگۆسا.
ئیتر نگۆســـا رۆژانە بە خۆی و ئامێرێکی موزیکیی (ئۆکۆبۆ)وە دەچوو لە قـــەراغ ئاوە گێژەڵووکەکە دادەنیشـــت و ئاوازی خۆشـــی دەژەنـــی، چونکە مـــارەکان حەزیان لە دەنگی موزیکە. شـــەوانەش ملوانکەی بەردی مانگـــی لە مل دەکرد و چاوەڕێی کوڕەکە دەبوو لە ئاوەکەوە دەرکەوێت.



# کچی سوڵتان

**ناوچە: کێپ مالی**

سوڵتان محەمەد، تەنها یەک کوڕی هەبوو بەناوی عەلی. محەمەد، بەتەمەن بوو، هەستی دەکرد تەمەنی زۆری نەماوە. بانگی عەلی کرد و پێی وت:

-کوڕەکەم، پێش ئەوەی بمرم، دەمەوێ بۆم بسەلمێنی کە دانا و بلیمەتیت و ئازایەتیت بۆ جێگرتنەوەم دەبێ.

هەروەها پێی وت:

-ئەم پارە و ئەسپە ببە لەگەڵ خۆت و برۆ دنیای دەرەوە، بەڵام لە ساڵێک زیاترت پێ نەچێ، چونکە من پیر بووم و دەمەوێ پێش ئەوەی بمرم بتبینمەوە.لە دوای ئەوەی عەلی وڵاتەکەی باوکی بەجێهێشت، ئەوەندەی نەبرد ئەسپەکەی نەخۆشکەوت و دوای چەند رۆژێک مرد، لەگەڵ ئەوەشدا عەلی گوێی نەدایە و بە پێ کەوتە رێ بەرەو زەوییە نەناسراوەکان.

لە دنیای دەرەوە، جوانیی بینی، وەک؛ دارستانی پڕ لە دار و بوونەوەری کێویی. دڵی زۆر خۆش بوو، چونکە گەنج و خاوەن هێز و توانا بوو.

دوای نیوەڕۆیەکیان لەپڕ کەشوهەوا خراپ بوو، عەلی کەوتە گەڕان بەدوای شوێنێک خۆی تیادا بپارێزێ. لەناو دارستانەکەدا خانوویەکی بینی، لێی نزیک بووەوە و بینیی مزگەوتێکە. چووە ژوورەوە، کەسی لێ نەبوو، بڕیاری دا شەو لەو شوێنە بمێنێتەوە بەهۆی خراپیی کەشوهەواوە.

لە نیوە شەودا، بە دەنگی تەپەتەپی بەرز بەئاگا هات، ئەوەندە تەپەکە بەهێز بوو، هەستی دەکرد زەوییەکە لەژێر پێیدا دەلەرییەوە. هەستا بۆ ئەوەی بزانێت چی روو دەدات، بەهۆی تاریکیی شوێنەکە، هیچی بەدی نەکرد. گەڕایەوە، بەڵام ئەم جارەیان تەپە و لەرەی زەوییەکە زیاتر بوو و گوێشی

لە دەنگی چرپەی خەڵک بوو، تۆزێ رووناکیی دەرکەوت، دوو پیاوی بینی زەوی مزگەوتەکەیان بە پاچ هەڵدەکەند. چاودێریی کردن، بینی خەریکی دەرهێنانی پەیکەری ئێسقانی مردوویەکن.
عەلی خۆی بۆ نەگیرا و لێیان نزیک بووەوە و وتی:
-ئەوەی ئێوە دەیکەن، شکاندنی پیرۆزییەکانە.
شمشێرەکەی دەرهێنا و بەرەو روویان رۆیشت و وتی:
-ئەم کارە شەیتانییە بوەستێنن، دەنا بەم شمشێرە سەرتان لێدەکەمەوە.
کاتێ دزەکان بینییان تەنها خۆیەتی، بڕیاریان دا بەرەنگاری ببنەوە، لێیان پرسی:
-چ کارەی؟
وەڵامی دایەوە:
-من عەلیم، کوڕی سوڵتان محەمەدم، هەرچەندە لە وڵاتێکی بێگانەم، بەڵام ناهێڵم پیرۆزییەکان بشکێنن. پیاوەکان بە رێزەوە قسەیان لەگەڵ کرد و وتیادان:
-رەنگە ئەم کارەمان شکاندنی پیرۆزییەکان بێت، بەڵام ئێمە تۆڵەی خۆمان لەو پیاوە دەکەینەوە، ئەم پیاوە قەرزێکی زۆری لێکردین پێش مردنی و نەیدایەنەوە.
عەلی وتی:
-ئەمە سزا نییە! ئێوە وا بیر دەکەنەوە لە جیهانی رۆحیدا ئەم پیاوە هەست بەئاسوودەیی دەکات کاتێ بیر لەو پارەیەی ئێوە دەکاتەوە؟
یەکێ لە پیاوەکان بەبۆڵە بۆڵەوە وتی:
-نا، رەنگە، نا، بەڵام ئەو پارەیەمان بۆ ناگەڕێنێتەوە، ئەو قەرزە ئێمەی هەژار کرد، بۆیە دەبێ سزای خۆی وەربگرێ.
عەلی وتی:
-ئێوە بەم شێوەیە ئازاری رۆحی خۆتان دەدەن، بەڵام پێم بڵێن ئەم پیاوە چەندتان قەرزارە؟
یەکێکیان وتی:
-پێنج سەد دراوی ئاسن.
عەلی وتی:
-باشە ئەگەر من لەبری ئەم پیاوە بۆتان بگەڕێنمەوە، بەڵێنم دەدەنێ ئێسقانەکان بەهێمنیی وەک خۆی دابنێنەوە و دواتریش گۆڕەکەی دابخەنەوە؟
پیاوەکان بەو پێشنیارە دڵخۆش بوون و رەزامەند بوون، بەڵام کاتێ عەلی پارەکەی پێدان، خۆی هیچی پێ نەما.بۆ رۆژی دواتر، عەلی لە گوندەکە پیاسەی دەکرد و بەدەنگی بەرز گۆرانیی دەوت، هەرچەندە ئەسپەکەی مردبوو و گیرفانی بەتاڵ بوو، بەڵام دڵخۆش بوو، چونکە توانیبووی چاکەیەک لەگەڵ پیاوێکی مردوو بکات.
لەو کاتەی بەردەوام بوو لە رۆیشتن، نەناسراوێک لە پشتەوە شانی گرت، عەلی بەلایەوە سەیر بوو، ئەم پیاوە لەکوێوە هات، تۆزێ پێش ئەوە ئاوڕی دابووەوە و کەسی لێ نەبوو، بەڵام پیاوەکە

رووبەکی خۆشـــی هەبـــوو، زوو دەچووە دڵەوە و عەلی بەبینینی دڵی کرایەوە.
نەناسراوەکە وتی:
-سڵاوت لێبێت.
عەلی وەڵامی دایەوە:
-سڵاو لە تۆش.
پیاوە نامۆکە وتی:
-دەتوانم لەگەڵتدابم؟
عەلی وتی:
-بەدڵنیاییەوە، بۆ کوێ دەڕۆی؟
-شوێنێکی تایبەتم نییە و ناوم رەجەبە، دەمەوێ ماوەیەک لەگەڵتدا گەشت بکەم.
بەیەکەوە رۆیشـــتن، گەیشـــتنە چیایەکی رەشی قەترانی، عەلی هاواری کرد:
-ســـەیری ئەو چیا رەشـــە بکە، ئایا پێشبینی کەشی خراپ دەکەیت؟
رەجەب وتی:
-نـــا، ئەو چیایە خۆی رەنگی رەشـــە، چیایەکی نامۆیە و پێی دەڵێن ماڵی جادووگەر.
دوای تۆزێ رۆیشـــتن، بە لای ژنێکدا تێپەڕ بوون، بارێـــک داری هەڵگرتبوو، لـــە نزیکیانەوە ژنەکە بەســـەر بەردێکدا کـــەوت و ئەژنـــۆی وەرگەڕا و نەیتوانی بەڕێگەدا بڕوات.
عەلی وتی:
-چۆن دەتوانین هاوکاری ئەو ژنە بین؟

رەجەب دەستیکرد بە گیرفانیدا و وتی:
-مەرهەمێکی باشم پێیە.
ئەژنۆی ژنەکەی پێ چەور کرد، یەکسەر باش بوو و ئازاری نەما.
ژنەکە بە رەجەبی وت:
-چیت بۆ بکەم بەرانبەر ئەو چاکەیەت؟
رەجەب وەڵامی دایەوە:
-شـــتێکی ئەوتۆم ناوێ، ئەگەر لاریت نییە، دوو چڵ لەو چڵە ئەسپەرانەم بدەیتێ کە هەڵتگرتوون.
ژنەکە بەخۆشحاڵییەوە دوو چڵە ئەسپەری پێدا و بارەکەی هەڵگرت و رۆیشت.
عەلی پرسی:
-ئەسپەرەت بۆ چییە؟
رەجەب وتی:
-با پێمان بێت باشترە.
کـــە خۆر ئاوابـــوو، چوونە خانێـــک و بڕیاریان دا شـــەو لـــەوێ بمێننـــەوە. دوای نانخـــواردن، هاتنـــە دەرەوە و چێژیان دەبینـــی لەو با فێنکەی لەســـەر چیاوە دەهات. لەو کاتەی دانیشتبوون، دەروێشێک هاتە لایان بۆ ئەوەی دڵخۆشیان بکات بە بووکەڵە سەماکەرەکانی، جادوویی بوون، بەبێ بەکارهێنانی دەزوو ســـەمایان دەکرد. لەو کاتەی میوانەکان ســـەیری یارییەکەیان دەکرد، سەگێک پەلاماری یەکێک لە بووکەڵەکانی دا و ســـەری لە لەشـــی جیاکردەوە. جادووگەرەکـــە تووڕە بوو، نەیدەتوانی یارییە جادووییەکەی چاک بکاتەوە،



ویستی بە شمشێرەکەی پەلاماری سەگەکە بدات.
ڕەجەب نەیهێشت و وتی:
-واز لە سەگەکە بێنە، بووکەڵەکە بێنە وا بۆت چاک دەکەمەوە نەک تەنها بتوانێ بڕوات، بەڵکو بتوانێ قسەش بکات.شووشە مەرهەمەکەی دەرهێنا و دای لە مل و سەری بووکەڵەکە و بەیەکەوەی لکاندنەوە، بووکەڵە سەماکەرەکە دەسووڕایەوە و قسەشی دەکرد، تا رادەیەک دەروێشەکە ترسا.
دەروێشەکە بە ڕەجەبی وت:
-چیت بۆ بکەم لە بەرانبەر ئەم چاکەیەت؟
ڕەجەب وتی:
-شتێکی ئەوتۆم ناوێ، ئەگەر ئەو شمشێرەم بدەیتێ، دڵخۆش دەبم بەوەرگرتنی.
عەلی پرسی:
-ئەو شمشێرەت بۆ چییە؟
ڕەجەب وتی:
-پێمانبێت باشە.
بۆ ڕۆژی دواتر، کەوتنە ڕێ، لە دوورەوە منارەی شارێکی گەورەیان بینی.
ڕەجەب پێشنیاری کرد وتی:
-با بچین بۆ ئەو شارە گەورەیە.
هەر کە ویستیادان بچنە ناو شارەکەوە، عەلی گوێی لە دەنگێکی خۆشی سافی وەک کریستاڵ بوو، سەری هەڵبڕی باڵندەیەکی سپی وەک بەفر وابوو.
عەلی وتی:
-گوێبگرە، ئەم باڵندەیە دەنگی چەند خۆشە.
ڕەجەب وتی:
-بەڵێ، ئەوە باڵندەیەکی باشە، هەڵبەستێکی پیرۆز دەڵێ.
هێشتا باڵندەکە وشەکانی تەواو نەکردبوو، کەوتە خوارەوە بۆ بەر پێیان بەمردوویی.
ڕەجەب یەکسەر شمشێرەکەی دەرهێنا و باڵەکانی لێکردەوە و خستییە ناو جانتاکەی.
عەلی پرسی:
-باڵی ئەم باڵندەیەت بۆ چییە؟
ڕەجەب وتی:
-ڕەنگە پێویستمان بێت.
لەناو بازاڕی شارەکە، قەرەباڵغییەکی ڕەنگاوڕەنگیان بینی، خەڵکەکە لەبەردەم شازادەیەکی گەنجی جوان بەسواری ئەسپێکی کەستانەیی، دەنووشتانەوە، بەجوانییەکەی سەرنجی هەموویانی ڕاکێشا بوو.
عەلی لە کەسێکی لای خۆیەوە پرسی:
-ئەم کچەی لەسەر ئەسپەکەیە کێیە؟
وەڵامی دایەوە:
-ئەمە شاعیرە، کچی سوڵتانە، جوانترین کچی وڵاتەکەیە، بەڵام دڵڕەقترینە، هەر پیاوێک بیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، دەبێ یەکەم جار مەتەڵێکی وەڵامبداتەوە و ڕاستبێ، ئەگەر وەڵامەکە ڕاست نەبوو، یەکسەر دەیکوژێ.
عەلی ڕوویکردە ڕەجەب و وتی:

-من ئەم شاعیرەم بەدڵە، رەنگە دڵرەق بێت، بەڵام دڵمی رفاندووە بۆ خۆی، سبەی دەچمە ناو کۆشکی سوڵتان، با بزانم دەتوانم مەتەڵەکە شیکار بکەم.

رەجەب وتی:

-زۆر باشە، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری شازادە بدەیتەوە، دەبێ مێشکێکی ساغت هەبێ، بۆیە با زوو برۆین و بخەوین.

پێش چوونە ناو جێگە، رەجەب هەندێک لە مەرهەمەکەی دا لە نێوچاوانی عەلی و وتی:

-بۆ ئەوەی زوو بخەوی.

عەلی پێش ئەوەی سەر بخاتە سەر سەرین، خەوی لێکەوت. پێش نیوە شەو، رەجەب لە خەو هەڵسا، دوو باڵی باڵندە سپییەکەی خستە سەر شانەکانی و چڵە ئەسپەرە گەزێکی گرت بەدەستی راستییەوە و لە پەنجەرەوە بەرەو کۆشکی سوڵتان فڕی و لەژێر دارێکی باخەکەیان چاوەڕێ بوو. کات بوو بە ١٢ی شەو، شاعیرەکە لە پەنجەرەی خۆیەوە فڕی بەرەو ئەشکەوتی جادووگەرەکە، بێئەوەی هەست بکات رەجەب لەدواوەی دەفڕێ. رەجەب چڵە ئەسپەرە گەزەکەی بەهێمنیی دا بەپشتی شاعیرەکەدا. ئاوڕی نەدایەوە، وای هەست دەکرد دڵۆپە بارانە بەر پشتی دەکەوێ. شاعیرەکە گەیشتە ئەشکەوتی جادووگەرەکە، بەشێوەیەکی تایبەت لە دەرگای ئەشکەوتەکەی دەدا.

جادووگەرەکە وتی:

-وەرە ژوورەوە.

لەبەردەم دەرگاکە لەبەر ئاگرێک دانیشتبوو، ناشرینترین و مەترسیدارترین بوونەوەر بەدەورییەوە و بەسەر لەشییەوە بوون.

جادووگەرەکە پرسی:

-ئاواتت چییە؟

شاعیرەکە وتی:

-دەمێکە کەس نایەت بۆ داوام لە ترسی ئەوەی نەوەک مەتەڵەکەم نەزانن، هەرچەندە زۆر کەس ئارەزوو دەکات و بەهۆی ئەوەی کاتێکی زۆر بەسەر مەتەڵی پێشوودا رۆیشتووە، رەنگە ئاشکرا بووبێت یان لە کاتی خەودا وتبێتم، ئێستا هاتووم مەتەڵێکی تازەم پێ بڵێیت.

جادووگەرەکە وتی:

-زۆر باشە، ئەگەر کەسێک هات، لێی بپرسە من ئێستا بیر لە چی دەکەمەوە؟

-باشە، بەڵام ئەوکات بیر لە چی بکەمەوە؟

-بیر لە دەستکێشەکەت.

رەجەب گوێی لە هەموو قسەکانیان بوو، لە دوای شاعیرەکەوە بەرەو کۆشک فڕییەوە. دیسانەوە بە چڵە ئەسپەرەکە، لە پشتی دایەوە و گەڕایەوە بۆ لای عەلی و خەوت تا رۆژ هەڵهات.

رەجەب بە عەلی وت:

-ئەگەر شاعیرەکە لێی پرسیت بیر لە چی دەکەمەوە، بڵێ بیر لە دەستکێشەکەت دەکەیتەوە.

ئێستا کاتیەتی با بڕۆین بۆ کۆشک.
کاتێ شاعیرەکە ئەو کوڕە گەنج و جوان و دڵڕفێنەی بینی هاتووە بۆ شیکاری مەتەڵەکەی، یەکسەر خۆشیویست و هیوای دەخواست وەڵامەکەی راستبێت، بەڵام کاتێ وەڵامەکەی راست بوو، بەتووڕەییەوە لە شوێنی خۆی هەڵسا و وتی:
-دەبێ جارێکی تر بێیتەوە و شیکاری مەتەڵێکی ترم بکەی، ناتوانی وا بەئاسانی منت دەستبکەوێت.
ئەو شەوەش رەجەب خەوێکی قووڵی لە عەلی خست و لە نیوە شەو بۆ کۆشک فڕی، ئەم جارەیان رەجەب چڵە ئەسپەرەکەی بە توندتر لێدا، تا شوێنی گەڵاکان لە پشتی دەرکەوتن، بەڵام شاعیرەکە بەردەوامبوو لە فڕین تا گەیشتە ئەشکەوتەکە و لەگەڵی چووە ناوەوە. جادووگەرەکە پرسی:
-وەڵامەکەی چۆن بوو؟
شازادە وتی:
-وەڵامەکەی راست بوو.
جادووگەرەکە قیژەیەکی لێدا و وتی:
-دەبێ زۆر ئاگات لێبێ و نەهێڵیت ئەو گەنجە ببێ بە مێردت.
-باشە پرسیارێکم پێ بڵێ نەتوانێ شیکاری بکات.
جادووگەرەکە وتی:
-ئەم جارەش پرسیاری لێ بکە بڵێ ئێستا بیر لە چی دەکەمەوە، ئەوەشی بیری لێ دەکەیتەوە، تاجەکەی سەرتە.
شاعیرەکە فڕییەوە بەرەو کۆشک، رەجەب دیسانەوە چڵە ئەسپەرەکەی لە پشتی دایەوە.
لە بەیانی رۆژی دواتر، رەجەب بە عەلی وت:
-ئەگەر ئەم جارە لێی پرسیت بیر لە چی دەکەمەوە، بڵێ تاجە ئاڵتونەکەی سەرت.
شاعیرەکە، بەشانازییەکی زۆرەوە لەسەر تەختی پاشایی لای باوکییەوە دانیشتبوو، وا بیری دەکردەوە ئەم جارە، بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە نازانێ، بەڵام کە گوێی لە وەڵامە راستەکە بوو، زۆر تووڕە بوو و وتی:
-دەبێ جارێکی تریش بێیتەوە، من وا ئاسان نیم.
عەلی وتی:
-مەرج تەنها بۆ یەک جار بوو، بەڵام بۆ ئەوەی قسەت نەشکێنم، جارێکی تریش دێمەوە.
شەو، رەجەب بەدوای شاعیرەکەدا فڕی، ئەم جارەیان چڵە ئەسپەرەکەی زۆر بەتوندیی لێدا، خوێنی لێ هات، بەڵام بەردەوام بوو لە فڕین.
بە جادووگەرەکەی وت:
-ئەم جارەیان دەبێ مەتەڵێکم بدەیتێ کەس لەسەر زەوی وەڵامەکەی نەزانێت.
جادووگەرەکە وتی:
-زۆر باشە، بیر لە کەللەسەری من بکەرەوە، هەرگیز وەڵامەکەی نازانێت.
شاعیرەکە فڕییەوە بۆ ژوورەکەی، خۆی بەسەر جێگەکەیدا دا، لە کاتی فڕیندا، رەجەب دیسانەوە بە چڵە ئەسپەرەکە لە پشتی دابووەوە.
شاعیرەکە وتی:

-جارێکی تر ناچمەوە بۆ لای ئەو بوونەوەرە.
باڵە ئاڵتونییەکانی پارچە پارچە کرد.
بەڵام رەجەب فڕییەوە بـۆ لای جادووگەرەکە و لە دەرگای ئەشـکەوتەکە بەهەمان شێوەی شاعیرەکە لێیدا.
جادووگەرەکە وتی:
-وەرە ژوورەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە.
کە کەس نەچووە ژوورەوە، سەری لە دەرگا دەرهێنا. رەجەب ئامادەبوو بۆی، شمشێرەکەی بەیەک لێدان سـەری جادووگەرەکەی لێکردەوە و خسـتییە ناو جانتاکەی و فڕییەوە بۆ لای عەلی و خەوتەوە.
بەیانی، رەجەب بە عەلی وت:
-جانتاکـەم لەگەڵ خۆت بەرە، ئەگەر شـاعیرەکە پرسی بیر لە چی دەکەمەوە؛ ئەوا لەناو جانتاکەیە، دەریبهێنە و بڵێ بیر لەمە دەکەیتەوە.
بەیانییەکـەی، شـاعیرەکە بەماندوویێتییەوە و بە شانی سـوورەبووەوە لای باوکی دانیشت بوو، زۆر هیلاک دیار بوو، بە عەلی وت:
-بیر لە چی دەکەمەوە؟
عەلی سـەرەتا هیچی نەوت، جەللادەکە قەمەکەی هەڵبڕیبوو و سەیری شاعیرەکەی دەکرد، چاوەڕێی هێمایەکـی لێدەکـرد، بـەڵام پێش ئـەوەی هیچ هێمایەک بدات، عەلی جانتاکەی کردەوە و سـەری جادووگەرەکەی دەرهێنا و پیشانیدا. شازادە بەدەم گریان و دڵخۆشییەوە خۆی فڕێدایە باوەشی عەلی و وتی:
-ئیتر پێویست ناکات هیچی تر مەتەڵ شیکار بکەیت و شووت پێدەکەم.
سـوڵتان و رەعیەتەکـەی زۆر دڵخـۆش بـوون، بەیەکەوە بڕیاری رێکخستنی ئاهەنگی شووکردنیان دا.
عەلی بە رەجەبی وت:
-تۆ باشترین کەس بووی.
رەجەب سـەیرێکی کرد و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی:
-تـۆ ئیتر لە کۆشـک لەگەڵ شـاعیرەکە پێکەوە دەژین، منیش دوور دەکەومەوە و دەچمەوە شـوێنە تایبەتەکەی خۆم، ئێسـتا پاش ئەوەی قەرزەکەی خۆمم بۆ گەڕاندیتەوە، رەنگە بزانی من کێم.
عەلی بەسەرسووڕمانەوە وتی:
-بەڵام تۆ کێی و قەرزی چی باس دەکەیت؟
رەجەب وتی:
-من رۆحی ئەو پیاوەم کە پارێزگاریت لە پەیکەری ئێسـقانەکانم کرد لەناو گۆڕەکەم و نەتهێشت تێک بچێ، خوات لەگەڵ هاوڕێم، نابێ ئیتر لەوە زیاتر لەگەڵتدا بمێنمەوە.
پێش ئەوەی عەلی هیچ بڵێ، رەجەب لەچاو ون بوو.
عەلـی گەڕایەوە بـۆ لای باوکی و هەموو بەسـەر هاتەکەی بۆ گێڕایەوە.
سـوڵتان محەمەد لەگەڵ کوڕەکەی بـەرەو وڵاتی شاعیرەکە رۆیشتن بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگەکە. دوای ئەوە، سوڵتان محەمەد تاجی پاشایی خستە سەر عەلی و بەهێمنی و ئاسوودەیی کۆچی دواییکرد.



# ئەنگوستیلەی پاشا

**ناوچە: میسۆلۆجیای ئەفریقایە**

دەگێڕنەوە؛ پاشایەک هەبوو، ئەنگوستیلەیەکی لەدەستدا بوو، نهێنیی بەهێزی و توانا و گەورەیی ئەو پاشایە، لەو ئەنگوستیلەیەدا بووە.

ئاڵتون ئەنگوستیلەکە، لە رووباری نیلەوە هێنرابوو. بە زیو نەخشێنرا بوو، لە رووباری کۆنگۆوە هاتبوو. ئەو ئەڵماسانەی سەری ئەنگوستیلەکەی پێ داپۆشرابوو، لە رووباری زاجیزیەوە هاتبوون. چیرۆکی ئەم ئەنگوستیلەیە وا رۆیشتبوو، بەڵام کەس دڵنیا نەبوو لە راستیدا لەکوێوە هاتبوو.

هێزی ئەنگوستیلەکە ئەوەندە زۆر بوو، هەر کەسێ لە دەستی بکردایە، لە هەموو مەترسییە کوشندەکان پارێزراو دەبوو، واتا؛ چەند کەس بە رم و تیر و قەمەوە لەملاولاوە بهاتنایە بەرەو رووی، ئازاری بەرنەدەکەوت و سەلامەت دەبوو، هەر بۆیە ئەو پاشایە هەموو کات ئەو ئەنگوستیلەیەی لەدەستدا بوو؛ لە کاتی خەوتن لەناو جێگە نەرمەکەی کە لەپەڕی وشترمرخ دروستکرابوو، لە کاتی بڕیاردان لە دادگا، لە کاتی ئاهەنگ و نانخواردن لە بۆنە گەورەکان، لە چوونەدەرەوە و گەڕان لەناو کۆڵانەکانی شار.

هەموو ساتێک و هەموو رۆژێک، پاشا ئەو ئەنگوستیلە جادووییەی لەدەستدابوو، تەنها لە کاتی چوون بۆ گەرماو و خۆشووشتنە شاهانەییەکەی نەبێت کە پاشا لە ناو حەوزێکی وەک کریستاڵ روون و لە تەنیشت سۆلاڤێک خۆی



دەشووشـــت. دوای ئەوەی هەموو شـــتێک ئامادە دەکرا، بەردەست و یاریدەدەر و منداڵ و ژنەکانی، خۆیان بۆ دەچەماندەوە و پشتاوپشت دەگەڕانەوە دواوە و لەچـــاو ون دەبوون. هەر کە ئەو ناوەیان جێدەهێشت؛ پاشـــا تاجە ئاڵتونییەکەی بە عاج و پەڕی تاوسەوە، مانتۆ نەخشێنراوەکەی بە ئاڵتون و ئاوریشـــم و بەردی بەنرخ، سـۆلە تەختەکەی لـــە ئەبەنـــۆس و پێســـتی کەرکەدەن و کراســـە کەتانە بێ خەوشـــەکەی دادەکەند، لەدوای ئەوانە ئەنگوستیلەکەی لە دەست دادەکەند و لە شوێنێکی نهێنی و نادیار دەیشـــاردەوە، تەنانەت بەردەست و یاریدەدەر و منداڵ و ژنەکانیشـــی نەیاندەزانی لەکوێیە.

دوای ئەوەی گەرمـــاوە شـــاهانەییەکەی دەکرد، یەکەم شت، ئەنگوســـتیلەکەی لەدەست دەکردەوە پێش ئـــەوەی کـــەس نزیکـــی ببێتەوە. پاشـــا، ئەنگوســـتیلەکەی زۆر لا بەنـــرخ بـــوو، چونکە وایکردبوو ببێتە بەهێزترین پاشا لە ئەفریقا.

بەڵام ئەو رۆژە هات کە لێی دەترســـا، کاتێ پاشا لە گەرماوەکە بەتەڕیی دەیویســـت بچێتە دەرەوە بۆ بەر خۆر، بینی ئەنگوســـتیلەکەی لەو شوێنە نەماوە، سەرەتا بە سەرسووڕمانەوە و دواتریش ترسی لێنیشت. یەکەم جار شـــوێنە نهێنییەکە و دەوروبەری بەباشـــیی پشـــکنی، دوای ئەوە دڵنیا بوو کە ئەنگوستیلەکە دیارنەماوە.

لەبەر خۆیەوە وتی:

–دەبێ یەکێ... یەکێ لە بەردەست و یاریدەدەر و منداڵ و ژنەکانی شوێنە نهێنییەکەیان دۆزیبێتەوە و ئەنگوستیلەکەیان بردبێ.

پاشـــا زۆر تووڕە بوو، بەڵام دەترسا پاداشتێکی گەورە دابنێ بۆ هەر کەســـێک بـــۆی بدۆزێتەوە، نەوەکو بزانن دیارنەماوە و هەمووشـــیان دەزانن هێز و توانا و پاراستنی لەو ئەنگوستیلەیەوەیە، ئەوســـا نـــە ژیانی پارێـــزراو دەبێ و نـــە چیتر بەهێزترین پاشای ئەفریقاشە.

پاشا تووشـــی دڵەڕاوکێیەکی زۆر بووبوو، چەند رۆژێـــک لە ژوورەکـــەی خۆی بەتەنهـــا مایەوە، تەنها لە بەشـــە تایبەتەکەی خۆی لەناو کۆشک ســـەروخواری دەکرد، بە کاژێر دادەنیشت سەیری ئاســـمان یان زەوی دەکرد، نەیدەتوانی بخەوێ، ژنەکانـــی خەفەتیادان دەخوارد و نەیاندەزانی چی بکەن! سەریان لێشێوابوو، منداڵەکانی دوورەپەرێز بوون.

دوای چەند رۆژێک، ژنە تایبەت و هەرە نزیکەکەی پاشا، چوو بۆ لای و رازیکرد هۆکارەکەی پێ بڵێت، پاشان یەکسەر چوو بۆ ماڵی داناترین فاڵچی، بۆ لای پیاوێک بەناوی زافوسا.

زافوســـا، بـــە چاوێکـــی ترســـناک و تەقەتەقی بازنەکانی دەســـتی و پـــەڕی باڵنـــدەکان کە بە کڵاوەکەی ســـەرییەوە شـــەپۆلیان دەدا، چەندین

پەت و کلکی ڕێوی بەستبوو بە ناوقەدییەوە و لە پڵنگێکی فرە کلک دەچوو، بەپەلە خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی پاشای لێدادەنیشت.

بە هێمنیی گوێی گرتبوو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەنگوستیلەکە.

زافوسا، توورەکە پێستە بە بەرد نەخشێنراوەکەی بەر پشتی دەرهێنا و کردییەوە، کۆمەڵێ ئێسقانی دەرهێنا کە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارە قورسەکان بەکاری دەهێنان. بەنەرمیی لەسەر خۆڵی بەردەمی، بازنەیەکی دروستکرد و ئێسقانەکانی بەدەم هاوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدا و کەوتنە خوارەوە. دوای کەوتنیان، بە وردیی سەیری شێوەی ڕووی ئێسقانەکانی دەکرد لەسەر خۆڵەکە.

زافوسا، خۆی ڕێکخستەوە و سەیری پاشای کرد و وتی:

–گەورەم، ئەنگوستیلەکەت دەدۆزینەوە و دزەکە لە نزیکی خۆمانەوەیە.

پاشا وتی:

–ئەو دزە کێیە؟

زافوسا سەری لەقاند و وتی:

–دەیبینی، پێویستمان بە جادووش نابێ.

داوای کرد بنێرن بەدوای دارتاشەکاندا.

پاشا ناردی بەدوایاندا و زافوساش ئەوەی پێویستبوو داوای لێکردن.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، هەموو ئەوانەی جێی گومانن لە دزینی ئەنگوستیلەکە، ئەگەر گومانێکی بچووکیش بێ، لە گۆڕەپانی کۆشک کۆیکردنەوە. پاشاش دەرکەوت، لە سەرەوەی پلیکانەکانی بەرانبەر بە گۆڕەپانەکە وەستا و سەیری دەکردن. بە دەرکەوتنی، هەموویان کڕنووشیان بۆ برد، پاشا چەپڵەیەکی لێدا و پاسەوانەکانی بەدەوری گۆڕەپانەکەدا بە ڕم و تیر و شمشێرەکانیانەوە وەستان بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت هەڵبێت.

لە ڕێڕەوێکی بچووکەوە زافوسا دەرکەوت، شێوەی لە جاران سەیرتر بوو، دوو بازنەی سپی بەدەوری چاوەکانیدا کردبوو، وێنەی سەیروسەمەرەی بە ڕەنگی ڕەش لەسەر لەشی کردبوو. دوای زافوسا، دارتاشەکان بەخۆیان و داروچکەکانیانەوە هاتنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و دایاننان. زافوسا کەوتە سەما بە دەوری داروچکەکاندا و بە زمانێ هاواری دەکرد کەس پێشتر گوێی لێ نەبووبوو، بەڵام جوان دیار بوو و تەنانەت منداڵیش دەیزانی نزا دەخوێنێ. دوای تەواوبوونی، بە فەرمانی پاشا، هەر کەسێ لە گۆڕەپانەکەدا بوو داروچکەیەکیان پێ دا.

زافوسا وتی:

-ئاگاتان لە داروچکەکانتان بێت، هەر دارێک لەوانە توانایەکی بەهێزی تیادایە، ونی نەکەن، هەموو ڕۆژەکە دەبێ پێتان بێ، بەرەبەیانی سبەی لەگەڵ خۆتان بیهێننەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر، ئەوە دەبینن کە پێویستە.
داروچکەی بەهێز و توانا؛ سەیربوو بە لای خەڵکەکەوە، چونکە دارەکان زۆر ئاسایی بوون. لەگەڵ یەک دارەکانیان بەراورد دەکرد، لە درێژیدا هەمووی وەک یەک بوون، لە باریکی و ئەستووریدا تۆزێک جیاوازییان هەبوو، کەسیش نەیدەزانی بۆ!
پاسەوانەکان چوونە لایەک و ڕێگەیان دا بەردەست و یاریدەدەر و منداڵ و ژنەکانی پاشا بڕۆن، هەموویان بە خۆچەماندنەوە و پشتاوپشت دەڕۆیشتن لەبەردەم پاشا، هەموویان بینییان پاشا بەپەنجەیەک بانگی ژنە زۆر تایبەتەکەی کرد. ژنەکە لێی نزیکبووەوە، لەبەردەمیدا چەمایەوە، پاشا بەگوێچکەیدا چرپاندی:
-ئەمشەو بەو داروچکەیەدا دزەکە دەردەکەوێت، داری دزەکە سێ پەنجە درێژ دەبێت، بەڵام بە کەس مەڵێ من وام وتووە.
لەو کاتەی ژنەکە بە ڕاڕەوە پڕ لە پەیکەرەکاندا دەڕۆیشت، هەموو ژنەکانی تری پاشا و منداڵەکانی و بەردەست و یاریدەدەرەکانی، لە ژنەکە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بزانن پاشا چی وتووە.
ئەو ژنە، نهێنیپارێز و ئاگادار بوو، لای ئەوان نەیدرکاند، تەنها لای نزیکترین هاوڕێی نەبێ کە ئەویش جێگەی باوەڕ بوو. ئەو هاوڕێیەش تەنها بۆ دایک و پورە داناکەی درکاند، بەڵام سەیر بوو، هێشتا ڕۆژ ئاوا نەبووبوو، هەموو ئەوانەی لە گۆڕەپانەکە بوون، زانییان داروچکەی دزەکە، سێ پەنجە درێژ دەبێت.
لە بەرەبەیان، هەموو ئەوانەی ڕۆژی پێشتر ئامادەبوون، بەخێرایی و هێمنی، لە گۆڕەپانەکە بەخۆیان و داوچکەکانیانەوە ئامادەبوون. کاتێک خۆر لە ئاسمان دەرکەوت، زافوسا بە خۆی و ڕمە درەوشاوەکەیەوە دەینەڕاند بەسەر خەڵکەکەدا. پاشاش لەسەر جێگەی دانیشتنی شاهانەیی کە بۆ گەشت بەکاری دەهێنا و لە پەڕی وشترمرخ دروستکرابوو، چەند کەسێک هەڵیانگرتبوو، دایاننا. لە تەنیشتییەوە بەرپرسی خانووبەرەی حکومەتەکەی دەڕۆیشت و پێوەری درێژیی پێوانی بەدەستەوە گرتبوو، ئەو بەرپرسە، درێژیی یەک بەیەکی داروچکەکانی دەپێوا، هیچ یەکێک لەو دارانە یەک سەرە نینۆکیش درێژ نەبووبوو، تەنها یەکێک لە بەردەستەکان کە بە جلێکی ڕێکوپێکی خزمەتکردنەوە وەستابوو، سێ پەنجە کەمی کردبوو.
زافوسا بەدەم هاوارکردن و بازدان و بەرزبوونەوە و ڕاوەشاندنی ڕمەکەی دەستی، وتی:

-ئەمە دزەکەیە!

پاشـــا فەرمانی کرد؛ بیگرن و ببیـــەن دەرخواردی شێرەکانی بدەن.

بەردەستەکە بیری نەبوو کە ئەو ئەنگوستیلەکەی لایەتی دەیپارێزێ، کەوتە سەر ئەژنۆ و دەپاڕایەوە و داوای بەزەیـــی و ســۆزی پاشـــای دەکـرد کە بیبەخشێت و ئەنگوستیلەکەی گەڕاندەوە بۆ پاشا.

پاشـــا دڵی زۆر خۆش بوو کە بەهێزترین پاشایە لە ئەفریقا، هەر بۆیە سزای دزەکەی کەمکردەوە و کردی بە سێ جار راکردن بە دەوری شاردا.

لە کاتی راکردنی دزەکە بە دەوری شاردا، منداڵان لە هەموو لایەکەوە بەدوایدا رایان دەکرد.

پاش پشـــوودانێک و هاتنەوە سەر خۆی، پاشا بە زافوسای وت:

-ئەمەت چۆن رێکخست؟

زافوســـا بەپێوە وەســـتابوو ســـەیری ئەو کیسە ئاڵتونانەی دەکرد کە پاشـــا لـــە گەنجینەوە بۆی هێنابوو.

هەروەها پێی وت:

-جادووەکـــەت لـــە جـــادووی ئەنگوســـتیلەکە بەهێزتربوو.

زافوسا وەڵامی دایەوە:

-نا، بەو جۆرە نەبوو، هەر لە سەرەتاوە پێم وتی ئەمە پێویستی بە جادوو نییە. ئەوەی پێویستبوو، ئەوەبوو کە کەسە تاوانبارەکەی دزییەکەی کردووە وا تێگەیشتبوو کە داری لای دزەکە سێ پەنجە درێژ دەبێ، بۆیە سێ پەنجەی لێکردبووەوە بۆ ئەوەی کەس نەزانێت.

زافوسا، کیسە ئاڵتونەکانی خستە ناو هەگبەیەک کە لە پێســـتی مەڕ بوو و لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ وەرگرتنی پاداشت، جارێکی تر خۆی لەبەردەم پاشادا نوشتاندەوە و وتی:

-گـــەورەم، بیرتبێ زیاتر لە یـــەک جۆر جادوو هەیە.



# راهێنەرە زیرەکەکەی مار

ناوچە: مەغریب

سوڵتان جادی (ڕەوانی شـادبێت)، لەناو کۆشک بێـزار بووبـوو، بانگی نوکتەباز و قسەخۆشـی کۆشکی کرد کە ناوی (محەمەد) بوو. چەند ڕۆژێک لای خـۆی داینـا و چێژی لە قسـە و نوکتەکانی دەبینی و دەیخسـتە پێکەنین، بـەڵام ئەوە زۆری پێنەچوو، لە نوکتەبازەکەش بێزار بوو، بڕیاری دا سەری ئەو نەگبەتە بە شمشێر لێبکەنەوە.

دوای ئـەو، بانگـی چەنگژەنێکـی کـرد بەناوی (یوسف)، ئەوەندەی نەبرد گوێگرتنی لە میوزیک چەنگەکەش وەک ئەوە وابوو پێشـتر گوێبیسـتی بووبێـت، بڕیاری دا لەسـەری ئەویـش بدەن و بیکوژن.

زۆر کەسـی تر هاتن بەمەبەسـتی دڵخۆشکردنی سـوڵتان و نەهێشتنی بێزارییەکەی، بەڵام هەموو جارێک بـۆ ماوەیەکی کورت چێـژی لێ دەبینین و ئاسوودە و شـاد دەبوو، دوای ئەوە دیسانەوە بێزار و تووڕە دەبوو، بانگی پاسەوانەکانی دەکرد و ئەوانیش بە ڕاکێشـان دەیانبردن و لەسەریان دەدان.

بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو، هەموو دانیشـتوانی شـار تووشـی تـرس و دڵەڕاوکـێ بووبوون، هەریەکەیان باوەڕیان وابوو جاری داهاتوو نۆرەی ئەوانیش دێت و دەیبەنە کۆشـکی سوڵتان و دوای چەند ڕۆژێک سەریان دەپەڕێنن و دەمرن.



ئەوەندەی نەبرد، دانیشتوانی شار دەستیانکرد بە ڕەو کردن؛ چیرۆکبێژەکان، میوزیکژەنەکان، سەماکەرەکان، شاعیرە گەڕیدەکان، هەموو کەس لەو شارەی کە سوڵتان دەستڕۆیشتوو بوو، ڕەوی دەکرد.
بەڵام بەیانییەک ڕاهێنەرێکی مار کە ناوی (سەلهام) بوو، گەیشتە کۆشکی سوڵتان، ئازایانە چووە پێشەوە، ویستی بوارێکی بدەنێ دڵی سوڵتان خۆش بکات. بردیان بۆ لای سوڵتان، سوڵتان بەبایەخەوە سەیری دەکرد.
ئەو پیاوە، بە شمشاڵژەنین مارەکەی لە کیسەکە دەردەهێنا و دەچووە سەر قاچ و ران و لەشی و دواتریش خۆی لە ملی دەئاڵاند و خۆی لول دەدا.
ئەوەندەی نەبرد، دیسانەوە سوڵتان بێزار و تووڕە بووەوە، چیتر ئارەزووی نەبوو گوێ بگرێ لە شمشاڵ و سەیری مارەکان بکات.
ئەو ئێوارەیەی سەلهام شمشاڵ و مارەکەی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بڕوات، سوڵتان پێی وت:
-برادەر، بێزاربووم لە شمشاڵژەنین و مارەکانت، من فەرمان دەدەم بە پاسەوانەکانم سەرت بە شمشێر لێبکەنەوە.
سەلهام وتی:
-گەورەم، ئەوەی تۆ دەیفەرمووی فەرمانەکانت دەبێ وا بڕوات، بەڵام یەک بواری ترم بدەرێ، لەو باوەڕەدام کە بیهێنێ.

سوڵتان وتی:
-زۆرباشە، بەخۆشییەوە ئەو بوارەت دەدەمێ، بەڵام دەبێ وابکەی بیهێنی. ئەو بوارەت دەدەمێ بەمەرجێ بەیانی کە هاتی بۆ کۆشک، دەبێ بەڕۆیشتن و سواریی بێیت لە هەمان کاتدا، ئەمەش فەرمانی منە و هەر کەسێکیش فەرمانەکەم جێبەجێ نەکات؛ ئەوا سەری دەپەڕێنم.
سەلهام کڕنووشی بۆ برد و ڕۆیشتە دەرەوە.
بەیانی زووی ڕۆژی دواتر، سوڵتان لەسەر بانیژەی پێشەوەی کۆشکەکەی وەستابوو، چاوەڕێی ڕاهێنەری ماری دەکرد بگاتە کۆشک.
کاتێ دەرگای کۆشک کرایەوە، خەریکبوو هەردوو چاوی لە پشتی سەری بێنە دەرەوە و نەیتوانی هیچ وشەیەک بڵێ. سەلهام لە دەرگاکەوە دەهات لەسەر پشتی بچووکترین گوێدرێژ، هەرگیز سوڵتان لەو جۆرەی نەبینی بوو، گوێدرێژەکە ئەوەندە بچووک بوو، قاچەکانی سەلهام لە هەردوولاوە لە زەوی دەدا، کاتێ لە سوڵتان نزیک دەبووەوە، هەم سواری پشتی گوێدرێژەکە بووبوو هەمیش بە پێ دەڕۆیشت.
سوڵتان وتی:
-زۆرباشە، ئەوەی پێویستبوو کردت، بەڵام هێشتا تەواو نەبووی، ئەگەر بتەوێ لە سزای سەربڕین ڕزگارتبێ، دەبێ وەڵامی سێ پرسیارم بدەیتەوە.
پرسیاری یەکەم:

–چەند ئەستێرە لە ئاسمان هەیە؟
راهێنەری مار وەڵامی دایەوە:
–گەورەم، ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان هێندەی ژمارەی مووەکانی لەشـی گوێدرێژەکەمە جگە لە کلکی، جەنابت دەتوانی بیژمێریت.
سوڵتان وتی:
–زۆرباشــە، ئێســتا پێم بڵێ ئێمە لە کوێی گۆی زەوین؟
–لە ناوەڕاستی گۆی زەوین.
سوڵتان بەپێکەنینەوە وتی:
–چەند موو بەڕیشمەوە هەیە؟
–ئەوەندەی مووی کلکی گوێدرێژەکەم، تۆ ریشت لێ بکــەوە منیش کلکــی گوێدرێژەکــەم دەبڕم و بەیەکەوە دەیانژمێرین.
لە کۆتاییدا سوڵتان وتی:
–نا، تۆ زۆر زیرەکی، هەموو پرسیارێک وەڵامێکت بۆی هەیە.
بانگــی یەکێک لە یاریدەدەرەکانــی کرد و ناردی شتێکی بۆ بهێنن، پیاوەکە گەڕایەوە و کیسەیەکی پـڕ لە ئاڵتونی بەدەســتەوە بوو و دایە دەســت سەلهام.
راهێنــەری مار، زۆر بەجددی چەمایەوە لەبەردەم ســوڵتان و رۆیشــتە درەوە بــۆ لای گوێدرێــژە بچووکەکە.
جارێکی تر ســوڵتان چووەوە بــۆ بانیژەکەی بۆ ئەوەی سەیری پیاوە زیرەکەکە بکات، کە هەم بە سواری و لە هەمان کاتیشدا بە رۆیشتن دەڕوا و لە دەرگای کۆشک چووە دەرەوە.
بەڵێ، ســەلهام ئەو ناوەی جێهێشــت بە سواری بچووکتریــن گوێدرێــژ کــە ســوڵتان هەرگیــز نەیبینیبوو.



# ئەسمودیۆس و شووشەبەندی جنۆکەکان

**ناوچە: کیپ ئینگللیزی**

پارێزگاری شاری کێپ، بە شێخی وت:

–دەمەوێت ئەسمودیۆسم بۆ بگریت (ئەسمودیۆس، یەکێکە لە پاشاکانی دێوەکان و نزیکە لە شەیتان)، بەرەڵا بووە لە شارەکەمان و دەسووڕێتەوە و کێشەی زۆر دروستدەکات.

شێخ دەستێکی بە ریشیدا هێنا و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

–تۆ کەسێکی راستت دەستنیشان کردووە، کاتی خۆی زۆر جنۆکە و دێوی بیابانم خستووەتە ناو شووشەبەندەوە، رەنگە ئەمیش لەوان قورستر نەبێ.

پارێزگار سەرسام بوو، هەمووان ئەو چیرۆکانەی ماسیگرەکانی دەریایان بیستبوو کە چۆن سەری شووشەبەندە جادووییەکانیان کردوەتەوە کە پڕبوون لە جنۆکە و دێو. هێنانە دەرەوەی جنۆکە و دێو لەناو شووشەبەندەکانیانەوە، بەشە ئاسانەکەیەتی، بەڵام گرتنەوە و خستنە ناوەوەیان بۆ ناو شووشەبەندەکان، کارێکی زۆر زەحمەتە.

پارێزگار رێککەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ شێخ کرد بۆ گرتنی ئەسمودیۆس.

شێخ کەوتە دروستکردنی شووشەبەندێکی تایبەتی ئەستووری رەنگ سەوز و داپۆشراو بە مس، لە

هەندێ لاوە بۆشـایی لە مسـەکەدا جێهێشتبوو و ناوەوەی شووشـەبەندەکەی لێوە دیاربوو. شێخ پیاوێکی دڵـڕەق نەبـوو، گوێی نـەدەدا ئەگەر پەنجەرەیەک یان دووان بۆ ئەسمودیۆس بهێڵێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەیەکی باشە؛ دەتوانین لەو بۆشاییەوە بزانین چی دەوێ.

هەر کە شووشـەبەندەکە تەواو بوو، شـێخ ملی شووشـەبەندەکەی خسـتە نـاو ئاوێکـی گەرم بەمەبەستی گەورەکردنی گەرووی شووشەبەندەکە بۆ ئـەوەی بتوانێ ئەڵقەیەکی مسـی هەرزانبەها بخاتـە ناو شووشـەبەندەکەوە و کاتێک سـارد دەبێتەوە، ئەڵقەکە گیر دەبێ و نایەتە دەرەوە.

شێخ ئەم تاقیکردنەوەیەی کرد؛ لەسەر لێژاییەکانی شاخی شـەیتان لە شاری کێپ دەسووڕایەوە و بە لووره لوور لەبەردەم خۆیەوە دەیوت:

-رەقەڵە، رەقەڵە، رەقەڵە، ئەڵقە لە شووشـەی رەقە.

شـێخ بەدەم لووره و گریانەوە لە بەیانییەوە تا دوای نیوەڕۆ ئـەم قسـانەی دەوت و دەوتەوە و دەسـووڕایەوە. تا ئەسمودیۆس لەو هەموو دەنگە دەنگە بێزار بوو و لەسـەر زەوی سەری دەرهێنا و کەوتە گلەیی:

-باشـە، بەسـە قیڕەقیڕ، شـێخ ئـەوە چیتە دەسووڕێیتەوە و رەقەڵە رەقەڵە دەڵێی؟

شێخ خۆی زۆر بەستەزمان کرد و وتی:

-ئۆی شـەیتان! شووشـەیەکم هەیە ئەڵقەیەکی جادوویی تیادایـە، ئەگەر بتوانم دەریبهێنم؛ ئەوا هەموو کێشەکانم چارەسەر دەبن، بەڵام سەیرکە، بۆم نایەتە دەرەوە!

ئەسـمودیۆس کاتـێ گوێی لـە وشـەی ئەڵقە جادووییەکـە بـوو، گوێیەکانـی وەک باڵـی شەمشـەمەکوێرە بڵاو کردەوە و بیـری کردەوە؛ بەهـۆی ئەو ئەڵقە جادووییە، ئیدارەدانی شـارە کاولەکەی کێپ زۆر ئاسـانتر دەبێ، ئەوسا چیتر بەتەنهـا هەموو کارەکان ناکەم و سـوپایەک لە جنۆکەکان ئەو کارانەم بۆ دەکەن.

-ئەو شووشەیەم بدەرێ.

بەپەلە لێی سەند و وتی:

-لەبەر بەرژەوەندیی تۆ دەریدەهێنم.

ئەسـمودیۆس شووشـەبەندەکەی بـەرز کردەوە سەیری کرد:

-بەڵێ، ئەڵقەیەکی تیادایە.

شووشەبەندەکەی راوەشاند. نا نەخێر دەرنایەت، ئەسـمودیۆس پەنجەیەکـی درێژی خسـتە ناو شووشەبەندەکە و چەند جارێک نینۆکە تیژەکەی

لە ئەڵقەکە چەقاند، سوودی نەبوو.
ئەسمودیۆس وتی:
–تەنها یەک ڕێگە هەیە، من خۆم دەچمە ناو شووشەکە و دەریدەهێنم، هەر کاتێک ئەڵقەکەم گرت، دەتدەمێ و بەیەکەوە دەریدەهێنین.
بە شێخی وت:
–ها شووشەکە بگرە، من ئارەزوومە لە دوورەوە بۆ ئەو کارانە بێم.
ئەسمودیۆس چەند مەترێک بەرەو بەرزایی سەرکەوت، وەک قەیتانێک لە هەڵم و ئاگر، خۆی لول دا و چووە ناو شووشەبەندەکە، لەناو شووشەبەندەکە بە چ حاڵێک خۆی بچووککردەوە بۆ ئەوەی جێگەی بێتەوە و دەستی دا لە ئەڵقەکە، کە دەستی لێدا، ئەسمودیۆس زانی ئەڵقەیەکی جادوویی نییە، بەگلەییەوە وتی:
–هیچ ئەڵقەیەکی جادوویی لەناو شووشەکەدا نییە. شێخ وتی:
–بەڵێ، لێیەتی.
بەتەپەدۆرێک بەتوندی سەری شووشەبەندەکەی داخست.
ئەسمودیۆس زانی گیراوە و تەڵە بووە، زۆر تووڕە بوو و کەوتە ویزە ویز، لەناو شووشەبەندەکەدا خۆی بەملا و ئەولا و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدا بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت.
شێخ شووشەبەندەکەی پاڵخست و بەباوەش هەڵیگرت لە ترسی ئەوەی نەوەک لە شووشەبەندەکە دەرپەڕێ. تەزوویەکی کارەبایی بچووکی لە سەری پەنجەکانی شێخ دا، بەڵام هەر شووشەبەندەکەی بەرنەدا تا ئەسمودیۆس هێوربووەوە.
–باشە ئێستا چۆن؟
ئەسمودیۆس دەنگی وەک دەنگی مێشوولە وابوو لەناو پەرداخێکدا، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی ڕادەستی چارەنووس نەکرد، ژیان فێری کردبوو، کەوتنە ناو تەڵەی شووشەبەند، نەبیستراو نەبوو بۆی، دەیزانی زۆرێک لە شەیتان و دێو و جنۆکەکان بە شووشەبەند گیراون و لە دواییدا بە ڕێککەوتن یەک دوو ئەرکیان پێ ئەنجام داون و ئازاد کراون.
شێخ وتی:
–دەبێ لەوێ بمێنیتەوە تا یەکێک ڕێ دەدات بتهێنینە دەرەوە، هەروەها تا کۆتایی ژیانت لە خزمەتیدا بیت، یاساکان وادەڵێن.
ئەسمودیۆس بەتووڕەییەوە قیڕاندی:
–ئەمە لای ئێمە وانییە، تەنها سێ داواکارییان جێبەجێ دەکەین و دوای ئەوە ئازاد دەبین.
–باشە، تۆ دەتوانی لەگەڵ پارێزگار ئەم ڕێککەوتنە بکەیت، من بۆ ئەوێت دەبەم.



بەرەو سەر شاخەکە رۆیشتن و شێخ شووشەبەندەکەی زۆر بەتوندی گرتبوو، لە پەنجەرەکانەوە ئەسمودیۆسی دەبینی بەملا و ئەولادا دەکەویت، کاتێکی زۆر بەسەر چوو تا توانی قسە بکات.

بە زیکەوە وتی:

–ئەمە بیرکردنەوەیەکی باش نییە، من پارێزگار باش دەناسم، دەتکوژێت بۆ ئەوەی کەس سەرچاوەی تواناکانی نەزانێ و رەنگە ئەمەش یەکەم فەرمانی بێ بە من.

شێخ تۆزێ هەنگاوەکانی خاو کردەوە و بیری کردەوە:

–رەنگە وابێ، من بیرم لێ نەکردبووەوە. رەنگە پارێزگار ببێتە مەترسیی بۆ سەر ژیانی و نەیەوێت ئەو شووشەبەندە جادووییە ببێتە قسەوباس لای سەرووخۆیەوە، لای ئەنجومەنی باڵا ١٧ کەسییەکە.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و وتی:

–پارێزگار بەڵێنی ئاڵتونێکی زۆری پێداوم، بەڵام ئاڵتون چ سوودێکی دەبێ گەر لە ژیان نەبی و بەکاریان نەهێنی. بەشێوەیەکی گشتی، وا باشە فڕێت بدەمە ناو دەریا، هیچ نەبێ تۆم لە کۆڵ کردووەتەوە، رەنگە ئەوسا پاداشتەکەم کەمبێت بێئەوەی هۆکارێکیشی بدەمە دەست بۆ کوشتنم.

ئەسمودیۆس پێکەنینی بەو کەسانە دەهات کە بیانویستایە پارە لە پارێزگار وەربگرن، باش دەیناسی چ پیاوێکە، ئەوەندە پێکەنی کاتێکی باش بەسەرچوو تا بیری کەوتەوە کە شێخ فڕێی دەداتە ناو دەریا.

–هۆو، تۆزێ بوەستە.

بەڵام شێخ خێرا دەرۆیشت و شووشەبەندی ئەسمودیۆسی توند لە باوەش کردبوو، گەیشتە نزیک قەراغی دەریا.

ئەسمودیۆس دەیلوراند و دەیوت:

–من دەڵێم بۆ ناهێڵی بێمە دەرەوە، ئەگەر نەمدەیتە پارێزگار، هیچ سوودی بۆ تۆ نییە، هەروەها کەسیش شەیتانێکی نەناسراو ناکڕێ.

شێخ وتی:

–ئازادت بکەم! پارچە پارچەم دەکەی.

قۆڵی بەرەو دواوە راکێشا بۆ ئەوەی شووشەبەندەکە فڕێبداتە ناو شەپۆلەکانی دەریا.

ئەسمودیۆس بەدەم گریانەوە دەیقیژاند و چڕنووکەکانی لە شووشەبەندەکە دەدا و وتی:

–زۆر سوپاس، من ئێستا ژیانم رزگار کردی بەئاگادارکردنەوەت لە پارێزگار.

شێخ وتی:

-من زۆر پێ دەزانم، دڵنیابە.
تا توانیی بە هەموو هێزێکەوە شووشـــەبەندەکەی فڕێدایە ناو شەپۆلەکانی دەریا.
شەپۆلەکان لەنێوان خۆیاندا وەک تۆپێکی لاستیک بەملاولایاندا دەدا و لولیان دا و بەرەو خوارەوەیان بـــرد. خوازیار بوو هـــەر لەســـەر ئاوەکە بێت، بەڵام خواســـتەکەی نەهاتەدی و بەرەو بنی دەریا دەڕۆیشت، پاڵەپەســـتۆی ئاوەکە و لوورەلووری شەپۆلەکان خەریکبوو گوێی بتەقێنن.
شووشـــەبەندەکە وردە وردە تاریکتر و ســـاردتر دەبوو، تا لە شـــوێنێکی تاریکـــی ڕەنگ مۆرباو نیشتەوە، دەستەکانی لە ئەژنۆی ئاڵاند بوو، زوو زوو تەوژمێکی لم خۆی بە شووشەبەندە ساردەکەدا دەدا.
ئەسموديۆس، بۆ خۆخافڵاندن کەوتە فیکەلێدان، کە فیکەکان بەر دیواری شووشەبەندەکە دەکەوت، تەپ و قورس بوو، بۆیە وازی لە فیکەش هێنا.
خش، خش، خـــش... شووشـــەبەندەکە لە لمی دەریاکە دەخزا و زۆر هەســـتی بە بێزاریی دەکرد، نەیدەزانی چەند لەژێر دەریادا ماوەتەوە.
ڕۆژێکیان کەوتە ناو تۆڕی ماســـیگرێک. بەرزیان کردەوە، بەناو ڕەنگی جیاوازی سەوزدا تێدەپەڕی، تا تیشـــکی خۆر لەنێوان شووشە ئەستوورەکەوە دەرکەوت، لەتاوا چاوی داخســـت، قیڕەی باڵندە ماسیگرەکان پەردەی گوێکانی دەڕووشاند.
(یوسف! یوســـف! یوسف!) یەکێک لە ماسیگرەکان شووشـــەبەندەکەی بەدەستەوەبوو بەرەو خۆرەکە رایگرتبوو و دەیقیژاند:
-سەیرکە چیم دۆزییەوە.
دوو چاوی زەردی بچووک لەناو شووشەبەندەکەوە بەرانبەری دەدرەوشانەوە.
خش، خش، خش... ئەسموديۆس نینۆکەکانی لە شووشەبەندەکە دەخشاند.
یوسف کە ماسیگرەکەی تریان بوو، وتی:
-ئەمە ڕۆبیانێکی سووری بچووکە، زۆر حەز دەکەن خۆیان لەناو شووشـــە و کەرەستەی درەوشاوەدا بشارنەوە.
ئەسموديۆس دەیقیژاند:
-نا، نا، ئەمە ئەسموديۆسە، بهێڵە بێمە دەرەوە، داواکارییەکت جێبەجێ دەکەم.
ماســـیگرەکان سەرســـامبوون، بەڵام دەبەنگیش نەبوون.
ماســـیگرە گەنجەکە، لـــەو کاتەدا کـــە خەریکی خوێندنەوەی ئەو نووســـینە هەڵکەندراوەی سەر مسی شووشەبەندەکە بوو، وتی:
-دەبێ تا ماوی لە خزمەتمدا بیت.

ئەسموديۆس دەپاڕايەوە:
-گوێبگرە، بۆت دەکەم بە سێ داواکاريی، باشە؟ ئێستا بهێڵە بێمە دەرەوە.
ڕاوچييەکە جەختی کردەوە:
-بە قسەی ناو شووشەبەندەکە نييە، من خۆم بڕيار دەدەم.
ئەسموديۆس لە ترسا دەلەرزی، چونکە دەيزانی ياساکانی جادوو گۆڕانکاريی بەسەردا نايەت، ئەگەر ماسيگرەکە جەخت لەسەر مافەکانی بکاتەوە؛ ئەوا ئەسموديۆس بۆ سەدەيەک دەبێ کۆيلايەتی بکات، يان بۆ هەتاهەتايە، ئەگەر ماسيگرەکە داوای تەمەنێکی هەتاهەتايی بکات.
ماسيگرە گەنجەکەيان وتی:
-دەتوانی بمکەيت بە ئيمپراتۆر بەسەر جيهانەوە؟
ئەسموديۆس هاواری کرد:
-واقيعی بە، باشە ئەگەر بتوانم بتکەم بە ئيمپراتۆر، هەر لەناو شووشەبەندەکە دەمێنمەوە؟
ماسيگرە بەتەمەنەکە (يوسف) سەيرێکی ئەسموديۆسی کرد و وتی:
-دەتوانی سامانێکی زۆرمان بدەيتێ کە لەسەروو خەونەکانمانەوە بێت؟
ئەسموديۆس بەزۆڵێتييەوە وتی:
-زۆرباشە، بەڵام لەپێشەوە خۆتان ڕێکبکەون کامتان يەکەم کەس سەری شووشەبەندەکە لادەبەن؛ ئەوا دەبمە کۆيلەی ئەو، ئەوەی تريشيان هيچ پەيوەندييەکی بەمنەوە نامێنێ.
ماسيگرە گەنجەکەيان وتی:
-من سەری شووشەبەندەکە دەکەمەوە و تۆ دەبيتە هيی من، چونکە خۆم تۆم دۆزيوەتەوە.
يوسف وتی:
-نەخێر، من گەورەترم و سەری شووشەبەندەکە دەکەمەوە و منيش دەتوانم داناترانە فەرمانی پێبکەم لە پێناو هەردووکمان.
هەردوو ماسيگرەکە کەوتنە ڕاکێش ڕاکێشی شووشەبەندەکە و هەر کەسە و دەيويست بۆخۆی بێت، ئەسموديۆسيش هانی دەدان.
ئەوەندەی نەبرد کەوتنە شەڕ لەگەڵ يەکتری، شەڕێکی توند، بەلەمەکە وەک جۆلانە دەجووڵايەوە، شووشەبەندەکەش لەسەر تەختەی بەلەمەکە دەخولايەوە و ئەسموديۆسيش تەنها پێيە رووتەکانی دەبينين بەسەر ماسييە ڕەنگ زيوييەکان و ناوبەناويش هانی دەدان لە دژی يەکتری، هەر جارە و پشتيوانيی لە يەکێيان دەکرد. هيوای دەخواست بەلەمەکە وەربگەڕێت، بەڵام بەلەمەکە وەک بەلەمەکانی پێشووی نيمچە دوورگەی مەلايو بە ستوونی بەربەست

دروستکرابوو، بۆیە لە وەرگەڕان دوور بوو.
لە کۆتاییدا، دوو راوچییەکە توانای شەڕیان نەما و لەنێوان شووشەبەندەکەوە سەیری یەکیان کرد، یوسف وتی:
-لوتت خوێنی لێهاتووە، داوای لێبوردن دەکەم، منیش چاوم شینبووەتەوە.
کەوتە چاو خوراندن.
ماسیگرە بەتەمەنەکە وتی:
ئـەم شووشـــەبەندە لەئێســتاوە لــە خەفەت و توندوتیژیی زیاتر هیچی بۆ ئێمە نەبووە، سەیرکە چۆن ئەم شــەیتانە بچووکە بەشـــەڕکردنەکەمان پێدەکەنێ، زۆر خراپتریــش دەبێ ئەگەر کۆیلەی هەر کامێکمان بێت.
ماسیگرە گەنجەکەش هاوڕا بوو و وتی:
-لەدەســتدانی برایەک، نرخەکەی زۆر گرانە، بە هیچ پێوانە ناکرێ.
بەیەکــەوە شووشـــەبەندەکەیان هەڵگــرت و ئەسمودیۆسیان فڕێدایەوە ناو دەریاکە.
ئەســمودیۆس نەیدەزانی پێبکەنێ و پێی خۆشبێ بە رزگاربوونی لە دەست کۆیلایەتی یان بگری بە گەڕانەوەی بۆ قووڵایی دەریا.
ئەســمودیۆس دەموچاوی بە شووشە ساردەکەوە نووســاندبوو، ئەم جارەیان کەوتــە ناو چڕیی گیاکانــی دەریــا و بەناویاندا تێپــەڕی دەکرد، مــەودای بینینــی زۆر کەم بوو بەهــۆی قەوزە و رووەکی دەریایی و گوێچکەماســییە لەسەرخۆکان و بەردەکان، هەروەها هیــچ بوارێک نابێ تۆڕی ماســیگرەکان دەریبهێننــەوە. شووشـــەبەندەکە بەخشــەخش و گڕەگڕ کەوتە سەر بەردەکانی بنی دەریا، گوێچکەماســییەک یەکێ لە پەنجەرەکانی ئەسمودیۆسی داپۆشیبوو، چەند هەوڵیدا و خۆی جووڵاندەوە، ســوودی نەبوو، بــۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بواری بینینی نەهێشتبوو.
ئەختەبووتێک ویســتی شووشەبەندەکە بکاتەوە، ئەســمودیۆس تــا توانــی وا خۆی نیشــاندا کە خواردنێکی بەلەزەتە، بەڵام ئەختەبووتەکە هەوڵی لابردنی مسەکەی دەوری شووشەکەی دەدا، حەزی لە شووشە بریسکەدارەکە بوو.
هێشــتا چەند قاچێکی ئەختەبووتەکە لە مســەکە چەقابوو، بە قاچەکانی تــری هەڵیان دەبڕی بۆ سەرەوە.
یەکێک لە ماسیگرە هۆڵەندییەکان هاواری کرد:
-ئەختەبووتێکمان گرتووە، قرژانگیشــی لەگەڵە.
تێنەگەیشتن لەسەر مسەکە چی نووسراوە، چونکە بە پیتی عەرەبی بوو.
ئەســمودیۆس تا توانی دەنگی خۆی گۆڕی و وەک

ماسیگرەکانی لێکرد وتی:
-بەڵێ، قرژانگ حەزی لە شتی بریسکەدارە.
-بەڵێ وایە!
ماسیگرەکان قسـەکەیان پەسند کرد، وایاندەزانی یەکێک لە خۆیان ئەو قسەیەی کردووە.
ئەسمودیۆس بەردەوامبوو و وتی:
-بابیخەینە ناو سەبەتەی گرتنی قرژانگی دەریا، بەڵکو بەهۆی شووشە بریسکەدارەکەوە بچنە ناو سەبەتەکەوە. وتیادان:
-بیرۆکەیەکی باشە.
شووشەبەندی ئەسمودیۆسـیان خستە سەبەتەی تەڵەکـەوە و ناردیانـە خوارەوە بـۆ ژێر دەریا سەوزەکە. ئەم جارەیان لەناو سەبەتەی تەڵە بۆ قرژانگ، لەگەڵ کۆمەڵێک سەرە ماسی.
ئەو رۆژانە، قرژانگ زۆر بوون، هێندەی پێنەچوو یەکێک لە قرژانگەکان هاتە ناو سەبەتەی تەڵەکە و شووشـەبەندەکەی داگیرکرد، قاوغە مسـەکەی بە چنگە مقاشـەکەی دڕاند. ئەسمودیۆس هاواری دەکرد:
-نا، نا، گەمژە، وەرە کۆتاییەکەی، تەپەدۆرەکە دەربکە.
ئەسمودیۆس خۆی لە ملی شووشەبەندەکە نزیک کردبـووەوە و بە نینۆکەکانـی لای تەپەدۆرەکەی دەدا، سـەرنجی قرژانگەکەی بـەرەو ئەو پارچە مسـەی بـەدەوری تەپەدۆرەکەوە بوو راکێشـا.
ئەسـمودیۆس قاچەکانی ئامادە کردبوو بە هەموو هێزێکی پاڵی پێوە دەنا.
قرژانگی گەورەی دەریایی، بە شەویلگەی دەتوانێ دراوێکی ئاسن خوار بکاتەوە، بە چنگە مقاشەکەشی دەتوانێت گوێچکەماسی کراوە بشکێنێ.
ئەسـمودیۆس گـەرم بووبـوو، بەتایبەتـی کە دەیبینی ئەڵقە مسـەکە خەریکە دەڕووشێ، بەڵام سـەبەتەی تەڵەکە دەجووڵایەوە، ئەسمودیۆس و قرژانگەکەیان بۆ سەرەوە بەرزکردەوە بەناو گیا و قەوزەی دەریادا بەرزدەبوونەوە. ئاوەکە وردە وردە روونتر دەبوو، خۆی و قرژانگە سـوورەکە لەناو گیـاکان و قەوزەکانی دەریـادا لارە لاریان بوو، بەئاستەنگ سەر ئاو کەوتن، هەڵم لە گوێچکەکانی دەهاتە دەرەوە، لەناکاو سـەری شووشەبەندەکە وەک فیشـەک دەرپەڕی، ئەسمودیۆسیش بەدوای تەپەدۆرەکەوە بەرەو ئاسمان بەقەبارەی خۆیەوە تێپەڕی.
ماسـیگرەکان بەهێمنـی دانیشـتبوون، پارچەی سەبەتەکە و شووشە شکاوەکە بەر یەک دەکەوتن.
هەموویان چاویان لەدوای ئەسمودیۆسـەوە بوو، دەڕۆیشت بەرەوماڵەکەی خۆی لە شاخی شەیتان

لە شاری کێپ.
راوچییە قژبژەکەیـــان، بەدەم لێکردنەوەی پارچە شووشەکان کە بەڕوومەتییەوە نووسابوو، وتی:
-من دڵخۆشـــم کە شووشەبەندەکەمان نەکردەوە، وا مەزەندە دەکەم ئەسمودیۆس بووبێ.
ئەو راوچییەشـــیان کە ملوانکە تەختەکەی لە ملدا بوو، وتی:
-دەپرسم چی بەسەرهات و ئایا قرژانگەکەی برد؟
کڵاوبەسەرەکەشیان کڵاوەکەی لە پارچە شووشە و سەبەتەکە پاک دەکردەوە، وتی:
-شەیتانی دز!
هەموویان کۆک بوون و کەوتنەوە دروســـتکردنی سەبەتەیەکی تری راوە قرژانگ.
ئەســـمودیۆس گەیشـــتە شـــاخی کێـــپ و بینـــی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە، هەســـتی بە ئارامی دەکرد، تەنها تۆزێ پیسی لەسەر بۆیلەری گەرمکەرەوەکان زیاتر بوون و پاکی کردەوە.
رۆیشت بەدوای شـــێخەکەدا، بەڵام شێخ پیاوێکی دانابـــوو، دەمێکبوو بە پاپۆڕێک بـــەرەو زنجبار رۆیشتبوو.
ئەســـمودیۆس، تاکـــە ئەزموونی تـــازە کە لەو بەســـەرهاتە فێـــری بووبـــوو، قرژانگـــە گەورە ســـوورەکەی لەنـــاو تانکییـــەک لای مێزەکەیەوە دانابوو، ناوبەناویش پارچەیەک ماسی بۆ دەخستە ناو تانکییەکە و کەســـیش نەیدەزانی هۆکاری ئەم رەوشتە تازەیەی چییە، بەڵام مەزەندەشیان دەکرد هۆکاری خۆی هەیە.
بەدەم خۆشیەوە بۆڵەی دەکرد و دەیوت:
-ئۆو، گەورەم، بچووکتریـــن داوکاریی لای من، قورسترین فەرمانە.



# ساکوناکا، کوڕە دولبەر و نازدارەکە

ناوچە: زیمبابۆی

ڕۆژێ لـــە ڕۆژان، بێوەژنێـــک هەبـــوو و کوڕێکی دولبەری نازداری هەبوو، ناوی (ساکوناکا موگاوی) بوو، نەیدەویســـت کوڕەکەی ژن بهێنێت، چونکە لەگەڵ ژنەکەی دەڕوات و بەتەنها جێدەمێنێ.
کاتێ کوڕەکەی گەورە بوو، وایکرد بەڵێنی پێبدات ئەو کچە نەهێنێت کە چێشتی دایکی بخوات.
بێوەژنەکـــە کابانێکی زۆر باش بوو، هەموو کەس ئارەزووی بوو چێشتی دەستی بخوات.
ئەوەندەی نەبرد، ناوبانگی جوانی و نازداریی ئەو کوڕە، بەناو گوندکاندا بڵاوبووەوە. کچانی گەنجی تازە پێگەیشتوو، لە نزیک و دوورەوە دەهاتن بۆ دیدەنی و بۆ ئەوەی جوانییەکانی خۆشیان پیشانی ســـاکوناکا بدەن. کاتێ دەگەیشـــتنە ماڵەکەیان، دایکەکە پێشوازیی گەرمی لێدەکردن و دەیوت:
–کچان، ڕێگەیەکی دوورتان بڕیوە، بەدڵنیاییەوە برسیتانە و هەندێ دۆکوڵیوتان دەدەمێ بیخۆن.
ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە و سوپاســـیان دەکرد.
کاتێک چێشـــتەکەی ئامادە دەکـــرد، لە دەرەوەی گوندەکە لەژێر دارێک دەیانخوارد.
دوای تەواوکردنی خواردنەکەیان، دایکی ساکوناکا دەرۆیشـــتە لای کوخـــی کوڕەکەی و لـــە دەرەوە دەوەستا و ئەم گۆرانییەی بە هاوپەیڤین دەوت:
ساکوناکا کوڕەکەی خۆم
دەستەیەک لە کچان بۆ دیدەنیت هاتن



دایکە کام چێشتەت لێنا بۆیان
دۆکوڵیو، کوڕەکەم مۆگاوی
خواردیان؟
بەڵێ، بەڵێ، کوڕەکەم
باشە هەموویان بنێرەوە
دوای ئـەوە، دایکی سـاکوناکا کچەکانی ڕەوانە دەکردەوە بێئەوەی لەگەڵ کوڕەکەی یەک ببینن.
چەندین دەسـتەی کچان دەهاتن بـۆ گوندەکە بۆ بینینـی کوڕە دولبەرەکە، هەمـوو جارێک دایکی سـاکوناکا پێشـنیازی خواردنێکی بـۆ دەکردن، ئەوانیـش ڕازیی دەبوون و دەیانخـوارد. هەموو جارێـک دایکەکـە هەمـان گۆرانـی دەوتەوە و ساکوناکاش دەیوت کچەکان ڕەوانە بکەرەوە.
کۆتـا جار، دەسـتەیەکی (١٠) کچی، مەزەندەیان کردبوو کە هەرکەس خواردنی دایکەکەی خواردبێت ڕەوانەکراونەتەوە و نەیانتوانیوە لەگەڵ ساکوناکا یـەک ببینن، بۆیـە پلانێکیان دانـا؛ بڕیاریاندا خواردنـی خۆیان لەگەڵ خۆیـان ببەن و لەنێوان دەوەنەکانی نزیک گوندەکە بیشارنەوە و بەنهێنی بەیەکەوە بیخۆن.
کاتێ کچەکان لە گوندەکـە نزیکبوونەوە، دایکی ساکوناکا بەخێرهاتنی کردن و وتی:
-کچان، لە ڕێگەی دوورەوە هاتوون، بەدڵنیاییەوە ئێسـتا برسـیتانە، هەندێ دۆکوڵیوتان دەدەمێ بیخۆن.
کچەکان وەڵامیان دایەوە:
-نا دایە، زۆر سوپاس، برسیمان نییە.
-ئۆو، کەواتە ماندوون و دەتانەوێ بنوون.
ئەو کوخەی پیشاندان کە دەیانتوانی شەو پشووی تیـادا بدەن، چونکە دڵنیابوو سـبەی کە لە خەو هەڵسان، برسییان دەبێ.
لە کاتی شـەو درەنگانێک، کچەکان هەڵسـان و کوخەکەیان جێهێشـت و چوون بۆ لای دەوەنەکان لەو شـوێنەی خواردنەکانیان تیادا شاردبووەوە، ژەمەکەیان خوارد و گەڕانەوە بۆ ناو کوخەکە.
بەیانیـی زوو، دایکی سـاکوناکا چوو بۆ کوخی کچەکان وتی:
-کچان، ئێسـتا بەڕاستی دەبێ برسیتان بووبێ، ها ئەمە هەندێ سەمەنیم بۆ هێناون.
کچەکان وەڵامیان دایەوە:
-نا دایە، زۆر سوپاس برسیمان نییە.
دایکەکە وتی:
-ئۆی خودایە، من چیبکەم نایەنەوێ خواردنی من بخۆن.
لێگەڕا کچەکان لەبەر سێبەری دەرەوەی گوندەکە ڕۆژێکی تر ببەنە سەر و جارێکی تریش لە هەمان کوخ نووستنەوە.

دیسانەوە لە درەنگانێکی شـــەودا چوونە دەرەوە و وەک جـــاری پێشـــوو خواردنەکەیـــان خوارد و گەڕانەوە بۆ کوخەکەیان.

بەیانیـــی زوو، دایکی ســـاکوناکا چوو بۆ کوخی کچەکان و وتی:

-کچـــان، بەدڵنیاییەوە ئێســـتا دەبێ برســـیبن، شۆربام بۆ هێناون.

-نا دایە، زۆر سوپاس، برسیمان نییە.

دایکی ساکوناکا لە دڵی خۆیدا وتی:

-ئۆی... ئۆی، باشە ئێستا من چیبکەم؟

ڕۆیشت بەرەو کوخی کوڕەکەی و کەوتە گۆرانی:

ساکوناکا کوڕەکەم

هەندێ کچ هاتوون بتبینن

دایە، چیت بۆ لێنابوون

دۆکوڵیو و سەمەنی و شۆربا

ئایا هیچیان خوارد

نا، نا، کوڕەکەم

کەواتە بانگیان بکە بۆ ئێرە

-ئۆو کوڕەکەم، ئێســـتا ڕۆژانی من کۆتاییهات، دەبێ بڕۆم.

کوڕەکەی وەڵامی دایەوە:

-بڕۆ، ئەگەر ئەمە بڕیاری تۆ بێت.

ئیتـــر دایکی ســـاکوناکا کەلوپەلی خۆی خســـتە سەبەتەوە و ڕۆیشت بۆ کوخێکی دوور لە گوند.

ساکوناکا بانگی کچەکانی کرد بۆ کوخەکەی خۆی و گەورەترینیانی وەک هاوژین هەڵبژاد.





# ئەو دایکەی بوو بە مانگ

ناوچە: هالاوی

دەگێڕنەوە؛ خۆر کچێکی هەبوو لە خۆی دەچوو، ئەستێرەیەک بوو پڕ لە درەوشانەوە، ژیانیشی لە خۆر درەوشاوەتر بوو. کەوشەکانی، لە گڕی ئەستێرە درەوشاوەکان بوو. پەنجەکانی، کەمەری، پاوپوزی، قۆڵ و مەچەکی، ملی، پڕبوون لە ئەنگوستیلە، کەمەربەند، خڕخاڵ، بازن و دەستبەند، ملوانکە کە چنراوی کۆکراوەی بەردی ئەڵماسی ئەستێرە کشاوەکان بوون.

زۆر جوان دەرەوشایەوە، لە بۆشایی پشتەوەی خۆر کە ناسراوە بە ئاسمان، دادپەروەرانە و دانایانە بە سۆز و میهرەبانییەوە حوکمی دەکردن و رووناکی پێ دەبەخشین.

رۆژێکیان، لە کاتی سەردان و گەڕان بەناو هەسارەکاندا کە نە ئەمسەر و نە ئەوسەریان هەیە و لە ژماردن نایەن لەم گەردوونە فراوانەدا؛ هەسارەیەکی زۆر دووری لە گۆشەیەکدا بینی، دەروازەیەک بوو، نزیک لە کۆتایی شوێنپێی دواتیشکی خۆردا بوو، رەنگەکانی لە سێبەرەکانی رەنگی سەوز و شین بوون. چەند جارێک سەیری ئەو ئەستێرەیەی دەکرد، چوو بۆ لای باوکی (خۆر) و پێی وت:

-لەسەر ئەو هەسارەیە، تەختی پاشاییم دەوێت، دەمەوێت ژیانم لەسەر گەرمی و دەوڵەمەندیی رەنگی سەوز و ساردیی رەنگی شین ببەمەسەر.

خۆر، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و سەیری درەوشانەوە مەزنەکەی کچەکەی دەکرد و دیسانەوە قووڵتر هەناسەی هەڵمژی. چاوەکانی خۆر دەیتوانی چەندین ساڵی پاشەڕۆژ ببینێ.

خۆر وتی:

-هەموو شتێک هی تۆیە، تۆ دەتوانی بۆ هەر شوێنێک مەبەستتە بڕۆیت و چیت دەوێت بیکەی، ئەمە بزانە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێت واز لە

زۆرترین تواناکانت بهێنی و لێرە جێیانبهێڵی.
بەردەوام بوو:
–دەبێت چاکەتە سەرنجڕاکێشەکەت کە لە تیشکی پاکی بێخەوش، کەوشەکانت لە گڕی ئەستێرەکان و خڕخاڵ و بازن و ملوانکەکان لە بریسکەی ئەستێرەکانی ئێواران و بەیانیان واز لێ بهێنی، ناتوانی لەگەڵ خۆت بیانبەیت. ڕەنگە سەوزە هەستیادارەکەی هەسارەکە، هەرگیز ناتوانێت گەرمی لە درەوشانەوەکەت وەربگرێ، ڕەنگە شینەکەش، بەتەواوی وشک دەبێ. لەبری جلە جوانەکانت، بۆت هەیە سێ داواکاریت هەبێ و بە بێ هیچ مەرجێک وەریاندەگری و جێبەجێی دەکەم.
کچەکەی وتی:
–زۆرباشە، لێمگەڕێ بیری لێدەکەمەوە.
بیری دەکردەوە و دەکردەوە، ساڵانێکی زۆر بەردەوام بیری لێدەکردەوە. ئەمە لە خۆر و هەسارە و ئەستێرەکان و گەردووندا ڕوودەدەن، ساڵانێکی زۆری دەوێت تا شتێک ڕوو دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوان وەک چاوتروکانێک وایە.
دوای ئەوەی باش بیری لێکردەوە و لە کۆتاییدا بەگوێرەی بیرکردنەوەکەی بڕیاری دا، ڕازی بوو پاڵتۆکەی تاریک بکات و مانتۆی بەیانیانی دابکەنێت، کەوشەکانی لە گڕی ئەستێرەکان، پاپوجەکانی لە زەردەی بەیانیان و سۆڵەکەی لە خومامی ئێواران، بەجوانی ڕادەستی خۆری باوکی کردنەوە.

پاشان وتی:
–من ئێستا دەڕۆم بەرەو هەسارەی سەوز و شین و دەبمە دایکیان.
خۆر وتی:
–هەرچیت پێویستە بیبە، دەمەوێت بزانی کە شوێنت زۆر دیار دەبێ، هەرچەندە هەموو ڕۆژ ڕووت بەرەو ئێمە دەبێ و دەتبینین. هەر کاتێکیش ویستت بگەڕێیتەوە؛ ئەوا بەخێربێیتەوە. بەداخەوە گڕەکەمان بەردەوام نەرم و ناسک نابێت بۆ ئەو هەسارە بچووکە و جەستەی تازەت. لە ڕێگەش لە سەرانسەری پانتایی ئاسمان، ئەنگوستیلە و خڕخاڵ و گڕی ئەستێرەکان دەبینی، هەیانە کز و کەم بریسکە و هەشیانە درەوشاوە و بریسکەدار وەک ڕێی کاکێشان، واش ڕێکخراون دەتوانی لە هەسارەی سەوز و شینەوە بیانبینی، کاتێ سەیرت کردن، بیرت دەکەوێتەوە لەکوێوە هاتوویت.
لە کۆتاییدا کچی خۆر ئەو ناوەی جێهێشت و بەرەو هەسارەی سەوز و شین کەوتە ڕێ. یەکەم جار، سواری ئەو ئەستێرە گڕدارە بوو کە لە هەموو چاخێک و هەموو شوێنێک گڕ فڕێ دەدا، دواتر سواری یەکێک لە ڕایەڵەکانی تیشکی ڕووناکیی ناسکی بەرەبەیان بوو، بەڵام هێشتا ڕێگەی زۆر لەبەردەم مابوو. لەگەڵ خۆی (بێڵ، قوڕ، دەسکەوان، سەبەتێک بۆ تۆو چاندن، مەنجەڵێک بۆ چێشتلێنان و جامێک بۆ ئاو و چەند دەفرێک کە لە قامیشی

بامبۆ و تەختە دروسـتکرابوون، بیورێکی بچووک، ڕاخەر و قوماشـێکی گەورە بۆ خۆداپۆشین)ی برد. لە کۆتاییدا، سـواری یەکەم، چەپکی ڕووناکی بوو کە دەیگەیاندە هەسـارەی سەوز و شین. لەسەر ئەو هەسـارەیە نیشـتەوە و بینی چەند سەوزترە وەک ئەوەی لە ئاسمانی دوورەوە دەیبینی.دڵی بە دارستان و زەوی سەوز دەکرایەوە، بەلایەوە زۆر جوان بوون. دلۆڤانتر بووبوو بە بەراورد لەگەڵ جاران، بە چاوی خۆشەویستی و میهرەبانییەوە سەیری ڕووەکەکانی دەکـرد. لە لایـەک دەوەن و لایەکی تـر دارەکان و پانتاییەکـی تر بۆ گوڵەکان بە ڕەنگەکانی تیشـکی خۆر کە لەگەڵ خـۆی لە ماڵـە زۆر دوورەکەیەوە هێنابوونی؛ زەرد، پرتەقاڵی، شـین، مۆر، سپی، پەمەیـی، زەردی لیمۆیی، سـەوزی لایم، شـینی ئاسمانی و ئاوی، ڕەنگی زومرد، ڕەنگەکان لەژماردن نەدەهاتن، لە سەرچاوەی ڕەنگەکانەوە تێکەڵ بوون. بە لایەوە ئەمانە هەموو بەخۆشەویستییەوە گەورە بوون و گەشەیان کردووە.

کچـی خۆر، یەکێ لە ئارەزووەکانی؛ منداڵ بوو، وتی:

—منداڵان، دەمەوێ منداڵم هەبێ، زۆر زۆرم هەبێ، منداڵم دەوێ بۆ خۆشەویسـتی، لەناو مێرگەکان ڕاکەڕاک بکەن، گۆرانی بڵێن، پێبکەنن و زایەڵەی پێکەنینەکانیان لە بەرزایی شاخەکان دەنگبداتەوە. منداڵان، بانگم بکەن و باوەشـم پیادا بکەن. کاتێ تەمەنم هەڵکشـا و پیر بووم و توانام کەمی کرد، ئاگایان لێم بێت. ببنـە هێز و توانا بۆم کە لاواز و بـێ توانا بووم. ئەگەر کاتیش هات، منداڵەکان پاڵم بخەن بۆ خەوی کۆتایی.

ئارەزووەکەی جێبەجێ کرا، منداڵان ئەو ناوەیان پڕ کردبوو، لە هەموو شوێنێک بوون؛ لە دەرەوە، لەملا و ئەولای، لەبەردەمی و لە پشـتەوەی. هەیانبوو کوڕی باڵابەرز، نازدار و بەهێز، دەیانتوانی لەسەر یەک پێ بۆ چەند کاژێرێک بوەستن.

لەناویانـدا کوڕی خورت و چاپـووک و میهرەبان، خۆشەویستیی دەبەخشییەوە. هەیانبوو سست بوون، نەیاندەتوانی بەخێرایی را بکەن یان زۆر بوەستن.

کچەکانیـش هەیانبوو باڵابـەرز و بەهێز، وەک براکانیـان. دەیانتوانی را بکـەن، باز بدەن وەک ئاسـک لەنـاو مێرگـە سـەوزەکان، تەنانەت کەمێکیش مانـدوو نەدەبوون. کچیشـیان هەبوو ناسـک و نازدار وەک پەڕەی گـوڵ وابوون. وەک دایک خۆشەویستییان دەبەخشییەوە، وەک باوک و براکانیـان میهرەبان بوون.ئـەو منداڵانە، لە دەوری کچی خۆر کۆبوونەوە و پێیان دەوت دایکە. بەو شێوەیە، ئەسـتێرەی کچی خۆر، ئەو کچەی کە لە ئاسمان لە پانتاییەکی فراوان بە میهرەبانی و دادپەروەری و دەروشاوەیی حوکمی دەکرد، ئیتر بوو بە دایکی ئەو منداڵانەی کە لەسـەر هەسارەی سەوز و شـین بوون. هەموویانی خۆشدەویست،



ئاگاداری یــەک بەیەکیان بوو؛ بالآبەرز و کورت، قەڵەو و لاواز، رەش و سپی و زەرد، بەهێز و بێهێز، بەشەو و رۆژ وەک یەک ئاگای لە هەموویان بوو. منداڵیان تیادا بوو تەنها دەڕۆیشـــتن، ئارەزووی راکردنیان نەبوو. هەشـــیانبوو بـــەردەوام رایان دەکرد، رۆیشتنی ئاســـاییان نەدەزانی. تیادایاندا هەبوو خۆپەرســـت و منگەمنگەیـــان بوو، هەموو شـــتێکیان بۆ خۆیـــان دەویســـت. هەیانبوو وەک تیسکەی تفەنگ دەردەپەڕین و دەهاتن و دەڕۆیشتن، دەیانوت ئێستا دێمەوە و درەنگیش دەگەڕانەوە.

–ئەوە من نەبووم!

ئەوانـــە بوون کە هەرگیز دانیـــان بەهەڵەکانیاندا نەدەنا. منداڵیش هەبـــوون داوایان لە بەهێزەکان دەکرد هاوکاریان بن و دەیانوت:

–ئەو کارەمان بۆ بکە.

–ئەو منداڵانە ناناسم...

–هیچ...

–نابێ بیکەی...

–هەر دەیکەم...

زۆری تریش، قسەی ئەو منداڵانە بوون.

کچـــی خۆر، ئـــاگای لە هەمووان بـــوو، باران و ئاوی بۆ دەهێنان، چونکە ئاســـمانی دەناســـی و رێگەکـــەی دەزانی. خۆر و رووناکیـــی بۆ هێنان. کاتی پشـــوو، پاییز و زستانی دەهێنا، بۆ ئەوەی رووەکـــەکان بخەون. ئاگای لـــە منداڵەکان بوو، لە کاتی بەئاگاییـــان و لە کاتی خەوتنیان. پێش هەموویان بەئاگا دەهات، بە گســـکێکی گەورە ئەو نـــاوەی پاک دەکردەوە. بەیانیـــان زوو بەخۆی و بێڵەکەیەوە دەچووە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکەی، پێداویســـتیی خۆراکـــی بۆ منداڵەکانـــی دەچاند. هەرچەنـــد منداڵەکان زۆربەیـــان زۆرخۆر بوون، بەڵام هەمیشە بەشە خواردنیان هەبوو، بەتایبەتی لە دوای راکردن و گۆرانیی وتن و خۆشـــاردنەوە و گەڕان بەدوای ئارەزووەکانیان کە کاری رۆژانەیان بوو، زیاتر برسییان دەبوو.دایکی هەموو منداڵان بوو، زۆر بەهێز بوو، بەڵام رۆژان و ساڵان رۆیشتن و ئەو ئەرکە زۆرە؛ بارگرانیی زۆری خستبووە سەر شانی، وردە وردەش منداڵانی زەوی گۆڕابوون.

کچی خۆر، لای خۆر گلەیی کرد و وتی:

–باوکە، منداڵەکان زۆر گۆڕاون، ئێســـتا من هیچ نیم بەلایاناوە، گومان دەکەم کە هەر بشمبینن.

خۆر وەڵامی دایەوە:

–لەبیرتبێ، ئەمانـــە منداڵی تۆن، ئەوان داوایان نەکـــردووە بێنە دنیـــاوە، بڕیاری خـــۆت بووە، لەگەڵیـــدان کار بکە و هەوڵبـــدە، رۆژێ لە رۆژان ســـەرمایەیەک و گەنجینەیـــەک دەدۆزیتـــەوە کە هەرگیز چاوەڕوانت نەکردبێ.

دایکەکـــە کاری کـــرد و بـــەردەوام بوو لەســـەر چاودێریکردنـــی منداڵەکانی. منداڵەکان شـــەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، یارمەتیی یەکتریان نەدەدا، تەنانەت هیچیشـــیان بۆ خۆیـــان نەدەکرد، بەڵام هەموویان بۆڵە بۆڵیان بەســـەر دایکیاندا دەکرد و بایەخی زیاتریان لێ دەویست.

–برسیمە...
–ئۆی! من تینوومە...
–ئەوەم دەوێت... نا نا، ئەوی تریانم دەوێت...
–هەڵمبگرە...
–لەباوەشم بکە...
–تۆ دایکی! تۆ ئێمـەت هێناوەتە دنیاوە، دەبێت ئاگات لێمان بێت، خزمەتمان بکەی!
ئەمانە، بۆڵە بۆڵەکانیان بوو.
دایکەکەش ئازارەکانی کەم دەکردنەوە و چارەسەری دەکردن، برسـییەکانی تێر دەکرد، ئاوی دەدا بە تینووەکان. گەورەی کردن تا بوون بە ژن و پیاو، دوورکەوتنەوە و جێیانهێشت.جار جار دەهاتنەوە، هەندێــک جاریش هەر نەدەگەڕانەوە. بەشـێکیان کەسانی خۆپەرسـت و دڕندەیان لێ دەرچووبوو، تەنانەت لە یەکتریان دەکوشت. خەمەکانیان، دڵی دایکیان ئازار دەدا. جـاران، ئەو دایکە، باڵابەرز و سـەر بڵند بوو، شـانازیی بەخۆیەوە دەکرد، ئێسـتاکەش چەماوەتـەوە لەژێر بـاری ئازار و ماندووبوون، هەست بەشەرمەزاریی دەکات.
منداڵەکان، بەردەوام بۆ هەموو شـتێک لۆمەیان دەکرد و گلەییبارانیان دەکرد، خەتاباریان دەکرد، تەنانەت یەک وشەی خۆشیان لەگەڵ نەدەوت.
خەمەکان، پارچەیەک لە دڵـە خوێناوییەکەیان برد، ئیتر ژیانی بەو شێوەیە بوو.
کاتێ ڕەشـەبا گڤـەی دەهات و دارە وشـکەکانی دەشکاند، گۆرانی بۆ بەهێزکردنەوەی خۆی دەوت.
گۆرانیی دەوت بۆ شنەبای ساردی پێش بەرەبەیان کاتــێ ماچــی ڕۆژی دەکــرد و بەهێمنــی باڵندە خەوتووەکانی بەئاگا دەهێنا بۆ ئەوەی ئۆرکێسترای بەیانیــان بژەنن. گۆرانی لەگــەڵ دەفلێدانی باران دەوت کاتێ بە ڕێژنە دەباری و زەوی رووت دەکردەوە و بەرەو دەریای دەبرد. گۆرانیی دەوت لەگەڵ نمەی بارانــی بێدەنگ، کە وەک پەڕی باڵندە، بەهێمنیی دەکەوتنە ســەر شــاخە بــەرزە گەورەکانی دنیا. گۆرانی دەوت کاتێ سەیری ئاسمانی دەکرد بە شەو و بە ڕۆژی ڕووناک، وەک ئەوەی داوای یارمەتی لە ئاسمان بکات. گۆرانیی دەوت لە کاتی کۆکردنەوەی داری ســووتاندن، لەناو دارستانەکان و لە دەشتی پان و بەرین. گۆرانی دەوت لەناو ئەو دارستانانەی کە دەیبینی منداڵەکانــی دارەکانیان بڕیوەتەوە و قەدەکانیان بەتەواوەتی بردوون، کە چەندین ساڵی ویســتبوو تا گەورە بووبــوون و زەوییەکانیان بە نیوە کاولی جێهێشتبوو.
دایکەکە زانی منداڵەکانی بایــەخ بە زەوی نادەن و لایــان بەنرخ نییە و ئاگایــان لێی نییە، زەوی هەڵدەکەنن و دەیکۆڵن و بەدوای کانزا بەنرخەکاندا دەگەڕێن و دواتریش بەبریނداری جێیدەهێڵن. کاتێ دەســوورایەوە بــەو ناوەدا، هەنــدێ جار لەبەر خۆیەوە و هەندێ جاریش بەدەنگی بەرز، هەندێ جــار هەمووی و هەنــدێ جاریش بەشــێکی ئەم گۆرانییەی دەوت:
تۆ بەکارم دەهێنی و دەمگۆڕی
بەئارەزووی دڵت دەمکەی بە دەغڵ

تا ئەو کاتەی رووت و بریندارم دەکەی
وشکانیش سزام دەدا و بێ پیتم دەکات
رێژنەی بارانی زۆریش جەستەم لەت دەکات
هەر بۆیە ئەوانە بەسەرما رادەگوزەرن
بەتوانجەوە تف بەسەرما دەکەن
منیش بەرگەی هەمووی دەگرم
من دایکم، بۆ بەخشندەیی لەدایکبووم
لەبەرانبەریشدا هیچم نەویستووە بۆ خۆم
خۆراک دەدەم بە دنیا و منداڵان هەر سەیر دەکەن
هەر بە دەستی ئەوانەوە ژەهراوی دەبم
بەهۆی ئەوەی گوێی منداڵان لەگەڵ میوزیکی زەوی یەکناگرنەوە، سەرنجیان نەدەدا دایکەکە چ سترانێک دەڵێ، تەنها هەندێ جار نەبێ کە کاتێ لە زەردەی ئێواران گۆرانی دەوت. هەندێ جاریش بەقورسی دەکەوتە بەر دڵی منداڵە خاوەن هەست و سۆزەکان.

بەشێک لە منداڵەکان پەرشوبڵاو بوونەوە و کەوتنە شوێنی دوور، هەریەکەیان دەیانویست خاوەندارێتی رووبەرێکی فراوان بکەن. هەموو رۆژێک کاتێ بەئاگا دەهاتن، لەسەر دارەکان شەڕیان دەکرد، یەکتریان لەسەر بەردە درەوشاوەکان دەکوشت، بەشێک لە زەوییەکانیان لەسەر خۆیان تۆمار دەکرد:

–ئەم دارانە بۆ منە!

–نا نەخێر، بۆ منە!

–بۆ منە... بۆ منە!

لە هەموو شوێنێک گوێبیستی دەبووی.

هەستان بەکۆکردنەوەی باڵندەکانی ناو دارستانەکان و دەیانخستنە ناو قەفەزەکانەوە و بواری فڕینیان لێ دەستاندنەوە. ماسییان لە ئاوەکاندا دەگرت و دەیانخستنە ناو حەوزی ماسی و بواری مەلەیان نەدەدا. تەنها بۆ خۆشی، فیشەکیان بەئاژەڵەکانەوە دەنا و دەیانکوشتن و کەللەسەر و کەوڵەکانیان کۆ دەکردنەوە. هەندێک جار تەڵەیان لە ناو مێرگەکاندا دەنایەوە و ئاژەڵەکانیان پێ راو دەکرد و کۆیان دەکردنەوە و زیندانیان دەکردن و دووریان دەخستنەوە لە ژینگەی خۆیان.

ئیتر بەو شێوەیە زەوی ماندوو بوو، دایکی هەموو منداڵەکان پیر بوو و نەخۆشکەوت و کۆچی دوایی کرد. منداڵەکان نەیانزانی چۆن چاودێریی بکەن.

لە کاتی مردنی، دووەم ئارەزووی بەدەستهێنا. ئەویش تارماییەکەی جلێکی رەش بپۆشێ و رێگەی پێ بدرێت کە بەردەوام بێت لە چاودێری و خزمەتی منداڵەکانی ئەوەندەی توانای هەبێت.بەو شێوەیە، تەنانەت لە مردنیشیدا کاری دەکرد. هەموو رۆژێک و هەموو شەوێک بەرگە رەشەکەی لەبەردا بوو، کڵاوە رەشەکەی لەسەردا بوو، زیاتریش کاری دەکرد، چونکە پێویستی بە خەو نەبوو.

منداڵەکان بایەخیان بە هیچ نەدەدا، بەردەوامبوون لە داواکاری:

–بمدەیە...

–بمدەیە، بمدەیە...

دایکەکەش بەردەوام بوو لە بەخشین و خزمەتکردن بێئەوەی وەستانی هەبێ، چونکە ئەوکات تەنها تارماییەک بوو و هەرگیز هیچی نەدەوت.
گۆرانییەکانیشی لە کۆتایی رۆژ و لە شەودا دەبیستران، رەشەباکان لەنێوان دۆڵ و شاخ و گردۆڵکەکان دۆزیبوویانەوە، تا ئەو کاتەش زایەڵەی دەنگی لەو شوێنانەدا دەنگیدەدایەوە.
دایکەکە، لەو کاتەدا بەتایبەتی بایەخی بە منداڵێک دەدا کە پێش کاتی خۆی لەدایکبووبوو، نەیدەتوانی قسە بکات. ئەو منداڵە، خاوەنی جوانترین چاو بوو، قژە رەشەکانی بە پرچی جوان بە مووروو لە دواوە رازابوونەوە، بەهێز بوو، چۆن قژی درێژ دەبوو، ئاواش دڵی گەشەی دەکرد، چۆنیش دڵی گەورە دەبوو، ئاواش قاچ و قۆڵەکانی گەشەیان دەکرد و بەهێز دەبوون تا بوو بە ژنێکی جوانی نازدار.رۆژێکیان، کاتێ کارەکانیان ئەنجام دەدا، لەپڕ وەستا و سەیری دایکەکەی کرد، بۆ یەکەم جار قسەی کرد و وتی:
-دایکە، بهێڵە با یارمەتیت بدەم، تکا دەکەم بهێڵە، تۆ دانیشە پشوو بدە.دەنگی پڕ بوو لە میهرەبانی و سۆز. دوای ئەوەی ئەو کچە قسەی کرد، ئیتر بێدەنگیی نەما. میهرەبانیی، کە دەمێک بوو هەسارەی زەوی بەجێهێشتبوو، گەڕایەوە. لەوە دەچوو بۆ چرکەیەک هەموو شتێک وەستابێ.
دایکەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و وتی:
-ئۆوا! زۆر سوپاس کچەکەم.
بەو تاکە میهرەبانییە؛ دایکەکە وازیهێنا و کەوتە سەر زەوی و بوو بە خۆڵ و کارەکەی تەواو کرد.
بایەکی بەهێزیش هات و خۆڵەکەی کۆکردەوە و بەرەو ئاسمان بردی و کردی بەو مانگەی کە ئێستا دەیبینین. سێیەم داواکاریشی جێبەجێ بوو کە ئەویش رووناکییەکی کەمی ناسک لێی بدا بۆ ئەوەی بتوانێ منداڵەکانی لەسەر هەسارەی سەوز و شین ببینێ هەموو مانگێک لەساڵەکەدا.
تا ئەمڕۆش، هەیڤ لە هەموو مانگێکدا سەیری منداڵەکانی دەکات و دەیبینێ یەکتری دەکوژن و شەڕ دەکەن. کچەکانیشی دەبینێ بەسەرپەرشتیی ژنێکی گەنج، کارەکان ئەنجام دەدەن (چارەسەر دەکەن، راست دەکەنەوە، خزمەت دەکەن، جێبەجێ دەکەن) وەک ئەوەی خۆی پێش ئەوان دەیکرد، بەڵام منداڵانی کچەکانی مانگ، هێشتا شەڕیان دەکرد و لەیەکتریان دەکوشت، بەردەوام بوون لە بۆڵەبۆڵکردن. مانگیش کە ئەمانەی دەبینی، دوای دوادیداری، رووی خۆی دەشاردەوە. سەرەتا تەنها کەوانەیەک لە رووی خۆی نیشان دەدا و وردە وردە ئاوڕ دەداتەوە تا رووی بەتەواوی بەدرەوشاوەیی و پڕ لە خۆشەویستی دەردەخات.
لەو شەوانەی مانگ رووی بەتەواوی دەردەکەوێت، هەندێک خۆشەویستی دەگرن و رەوانەی دەکەن و بڵاویدەکەنەوە، کچانی مانگیش گۆرانی دەچڕن بۆ ئەوانەی هاوکاری و خزمەت دەکەن.
کچی خۆر، یەک داواکاری و یەک ئارەزووی تریشی هەبوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە منداڵەکان فێرببن دایکیان خۆشبووێت.



# فێستیۆ چوو بۆ بازاڕ

**ناوچە: ئۆغەندا**

بەیانییەک، فێستیۆ، پێش یەکەم بانگی کەڵەشێر و پێش خۆرهەڵاتن لە خەو هەڵسا. ئەو ڕۆژە دەبوایە بە پاسکیلەکەی باوکی بچێتە بازاڕ، بەهۆی ئەوەی باوکی نەخۆش بـــوو، تای لێهاتبوو و لە جێگەدا کەوتبـــوو. ئـــەو ڕۆژە، وەک پیاوێک، مۆزەکانی باوکـــی بە پاســـکیل دەبـــردە بازاڕ. ئـــەو ڕۆژە، بەســـەر بڵندیی سواری پاسکیل دەبوو وەک پیاوی ناو پیـــاوان.دوای ئەوەی پێخەوەکەی کۆکردەوە و ســـەیرێکی دەرەوەی کرد، بینیی ئاسمان زەردێکی کاڵ بوو لەو شوێنەی خۆر هەڵهاتبوو لە پشت دار مۆزەکان. شەونم بەســـەر گیاکانەوە خەوتبوون. فێســـتیۆ، خەیاڵ بردبوویـــەوە و بیری دەکردەوە «بەیانییەکـــی جوانـــە بۆ ئەوەی بچیتـــە بازاڕ و هەمـــوو کارەکان بەتەنها بکەیت و پارەکە بخەیتە گیرفانـــت و لەگەڵ خـــۆت بیهێنیتەوە و لەبەردەم هەمووان بیانژمێـــری، وەک ئەوەی باوکی هەموو جارێک دەیکات. شیلینگ و سێنتەکان بریسکەیان بێت لە نێو مشتدا، بۆ ناو قاپە تەختەکە و دەڵێن ئێ... ئێ! ئەو هەموو پارەیە! بەڕاستی فێستیۆ تۆ زیرەکی، تۆ پیاوێکی شارەزای دنیای.»

لە دەرەوە لەو ڕۆژە فێنکە، دایکی فێستیۆ خەریکی بەستنەوەی مۆزەکان بوو، بانگی فێستیۆی کرد:

–وەرە نان بخۆ.

–ئێ دایە، ئەمڕۆ تۆ چۆنیت؟ کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن؟

–باشن کوڕەکەم.

هێشـــووە مۆزەکانی لە دارەکە شۆڕ بووبوونەوە، لێیکردنەوە و خســـتنییە ســـەر ســـەبەتەی پشتی پاســـکیلەکە. ڕۆیشـــت قاپێک حەڵوای کولەکەی زەردەی بۆ فێســـتیۆ هێنا. ئەویـــش لەژێر دارێک دانیشـــت و کەوتە خواردنی. دایکی هەندێ پارەی وردەی لەناو دەستەسـ‍ـڕێک توند پێچایەوە و دای بە فێستیۆ. فێستیۆش پارەکەی وەرگرت و خستییە بنی گیرفانی بـــۆ ئەوەی پارێزراو بێ، هەســـتی

پێدەکرد کاتێک لە قاچەکانی دەدا.
پاڵی بە پاسکیلەکەوە ناو بەرەو ڕێگەکە کەوتە ڕێ.
دایکی بەدەم گریانەوە وتی:
-خوات لەگەڵ فێستیۆ.
-خودا ئاگادارت بێ دایکە.
کەوتە ڕاکردن، بەڵام پاسکیلەکە زۆر قورس بوو، قورستر بوو لەوەی ئێواران سواری دەبوو بۆ یاریی دوای ئەوەی باوکی لە بازاڕ دەگەڕایەوە ماڵەوە. قورسایی مۆزەکە، پاسکیلەکەی بەملا و ئەولادا دەبرد، ئیتر لێژ بووەوە بەرەو زەوییە سوورەکە. فێستیۆ، زمانی توووند گرتبوو و تێدەکۆشا بۆ ئەوەی سوکانەکەی بە ڕاستی بگرێت، لەبەر خۆیەوە وتی:
-بەدڵنیاییەوە، باوکم زۆر بەهێزە وا بەئاسانی هەموو ڕۆژێک دەیباتە بازاڕ، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ وەک باوکم وابم، نابێ کەس بڵێ لەژێر باری گرانی ژیان چۆکی دادا.پاڵی دەنا و پاڵی دەنا بە پاسکیلەکەوە تا گەیاندییە لێژاییەکە و بازی دا بۆ سەر پاسکیلەکە، خۆی بەرەو پێشەوە دەبرد و ڕۆیشت بەرەو ڕێگەکە. بایەکی سارد لە ڕوومەتەکانی دەدا، باڵندە دەنووک شاخاوییەکان بەلایدا دەفڕین...
-ترنگ... ترنگ...
زەنگیان لێدەدا. بەڵێ، دەبێ ڕێگە بۆ گەورەکان بکەینەوە.فێستیۆ، بەسواری پاسکیلەکەوە وەک پیاوی ناو پیاوان بانگی کرد:
-ڕێگەم بۆ بکەنەوە.
خۆر لە پشتەوە دەرکەوت و تیشکەکەی لە گەڵای مۆزەکانی دەدا. پەڕەی گوڵەکانی هیبسکوس خەریکبوو بکرێنەوە، بۆنی شیرینی گوڵەکانی ڕازقی شنەبا بۆی دەهێنا. بولبولەکان لەسەر داری کاسیا دەیانخوێند. خۆر بەرزبووەوە و دەیدا لەناو دۆڵەکان و تەمی بەرز دەکردەوە. دوای تۆزێ ڕێگە بڕین، فێستیۆ پیاوێکی چەماوەی بەتەمەنی بینی دەڕۆیشت و سەبەتەیەکی بەدەستەوە بوو، ئەو پیاوە ناوی (میسۆکی) بوو.فێستیۆ، بەدەنگی بەرز لەسەر پاسکیلەکەیەوە وتی:
-سڵاو پیرە پیاو!
پیرە میسۆکی وەڵامی دایەوە:
-سڵاو فێستیۆ، باوکت کێشەی چییە وا پاسکیلەکەی داوە بە تۆ جۆلانەی پێ بکەیت بەرەو بازاڕ؟
فێستیۆ بە لای میسۆکیدا تێپەڕی کرد:
-ئەو پیرە قسە ڕەقانە هەرگیز فێری قسەی باش نابن.میسۆکی بۆڵەی دەهات و پشتی دەخوراند، بە چاوە ڕەشە بچووکەکانی نێوان چرچ و لۆچە زۆرەکەی دەموچاوی، سەیری فێستیۆی دەکرد و وتی:
-کوڕم، من پیاوێکی پیرم، پشتم ڕەق بووە، زۆر خراپیش ڕەق بووە، لەبری من، پاپایەکانم بۆ بەرە بازاڕ و ڕزگارم بکە لەو ڕۆیشتنە.
پاپایەکان زۆر بوون و سەبەتەکەشی زۆر قورس دیار بوو. فێستیۆ هەرچەند دەیزانی سەبەتەی پاپایەکە زۆر قورسە و دەبێ لە پێشەوەی پاسکیلەکە

بیبەستێ، ئەوسا لێخوڕینیش ئەستەم دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە جوان نەبوو داواکاریی پیاوێکی پیر ڕەت بکاتەوە، وتی:
-باشە، من پاپایەکانت دەبەم.
-منداڵی باشیش هەیە، من بە باوکت دەڵێم زۆر جوان پەروەردەی کردووی.
فێستیۆ کە پاپایەکەی لێوەرگرت، لاشی روون بوو هەر ئەو ئێوارەیە و پێش خۆر ئاوابوون پیرە پیاو هەموو چاکەکانی بیردەچێتەوە.
سەبەتەی پاپایەکەی لە پاسکیلەکە بەست و ئاوڕێکی لە پیرە پیاو دایەوە و بینیی دانیشتووە و کیسەی تووتنەکەی دەرهێناوە.
-خوا ئاگادارت بێ پیرە پیاو.
-خوات لەگەڵ فێستیۆ.
لەژێر سێبەری داری کاسیا، پشتی نا بە دارەکەوە و پایپە قوڕەکەی پڕ کرد لە تووتن.
ئێستا پاسکیلەکە زۆر قورسترە و قاچەکانی لەسەر پایدەرەکە تووشی ئازار و سڕبوون بوون و پاسکیلەکەش لە قورسیدا بەملا و ئەولادا دەکەوت. بێهیوا بووبوو، وای بیر دەکردەوە کە چوونە بازاڕ بە پاسکیلەکەی باوکی کارێکی زۆر گرنگە هەرچەندیش زۆر قورسە. بیری دەکردەوە و دەیوت:
-من پیاوی ناو پیاوانم، ئەوەش خۆی لەخۆیدا شتە! خۆر بەرزتر بووەوە، ئەوەندەی نەبرد زۆر کەس لەسەر ڕێگە بوون و بەرەو بازاڕ دەڕۆیشتن.
سڵاو (نالوبالا)، نالوبالاش بەدەست وەڵامی دایەوە. نالوبالا، کچێکی زۆر جوان بوو.
لە دڵی خۆیدا وتی:
-بەداخەوە، لە من گەورەترە و شووشی کردووە. نالوبالای زۆر خۆشدەویست.
بەدرێژایی ڕێگە، ژنان سەتڵی ئاویان هەڵگرتبوو و منداڵەکانیشیان لەدوایانەوە بە پەتپەتێن یان پەلە دارێک یان سەبەتەیەکی بچووکی پڕ فستەقیان پێ بوو.
یەکێ لەولاوە هاواری کرد:
-فێستیۆ، کوڕە بچووکەکە، یەک تۆز بووەستە. وەستا...
-ئەمجارە کێ بانگم دەکات؟
دواتر بینیی (کازینگا)یە بەخۆی و سێ مریشکەوە کە قاچەکانیان بەیەکەوە بەسترابوون، بەرەو رووی رادەکات.
-کوڕە چکۆل، ئەم سێ مریشکەم لەگەڵ خۆت بۆ ببە بۆ بازاڕ، تکایە، زۆر ئیشم لە کۆڵ دەکەیتەوە. ئاگاشت لێ بێت پارەی تەواوم بۆ بهێنیتەوە، هەریەکەیان بە پێنج شیلینگ، نا... نا، گەورەکەیان بە حەوت شیلینگ. مریشکەکانیشی هەر بەدەستەوە بوو.
فێستیۆ وای بەبیردا هات؛ تۆ بڵێی وابزانێ وڵاخم پێیە ئەم هەموو شتانە هەڵبگرم، ئایا ئاوهاش بەرانبەر باوکم دەکەن!؟
وتی:



-کازینگا، ئەو سێ مریشکە چۆنە هەڵبگرم لەگەڵ ئەو هەموو مۆز و پاپایە. کازینگا سەیری شتەکانی دەکرد و چاوی خۆی هەڵگلۆفی و دەستی بۆ سەر مۆزەکان راکێشا و وتی:
-لێرە، لێرە، خۆ کوێر نەبووی، جێگەی ١٠ مریشک دەبێتەوە.
هەندێک گەڵای لەسەر مۆزەکان لادا و مریشکەکانی بەستەوە لەسەر مۆزەکان. وای لێ هات شتەکانی سەر پاسکیلەکە ئەوەندە بەرز بوون، فێستیۆ بەئاستەم دەستی دەگەیشتە سەرەوە.
هاواری کرد:
-ئاگاداری مریشکەکانم بە، بەمردوویی بگەنە بازاڕ بە باوکت دەڵێم.
فێستیۆ، دەیزانی کازینگا ئەو جۆرە شتانەی بیرناچێتەوە و بە باوکی دەڵێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و سواری پاسکیلەکە بووەوە.
-خوات لەگەڵ فێستیۆ، پارەکانمت بیرنەچێت.
-خوات لەگەڵ کازینگا.
وردە وردە دنیا زۆر گەرم بوو، ئارەق بەدەموچاوی و لەژێر بلوزەکەشییەوە بە پشتیدا دەهاتە خوارەوە. هەناسەبڕکێی بوو، بیری لەوە دەکردەوە «تۆ بڵێی لە کاتی خۆیدا بگەمە بازاڕ»، ڕێگەکە زۆر دوورتربوو لەوەی چاوەڕێی دەکرد.
ناوبەناو لە تاسەیەکی دەدا و مریشکەکان لەپشتەوە قیڕەیان لێ هەڵدەستا.
ئەم جارەیان، منداڵێکی بچووکی بینی لە بەردەمییەوە دەڕۆیشت. زۆر لاواز بوو، لەسەرخۆ دەڕۆیشت. ئەو منداڵە (کیکیۆ) بوو، زۆر نەخۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:
-دەبێ ئەمڕۆ بڕواتە کوێ؟
بە سواری پاسکیلەکەوە بانگی کرد:
-ئێ! کیکیۆ، سەیرمکە، من مۆزەکان دەبەمە بازاڕ، باوکم نەخۆشە، تای لێهاتووە، تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟
کیکیۆ وەڵامی دایەوە:
-بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی دەرمان بهێنم.
پاشان وتی:
ڕێگەم دەدەیت لەگەڵ تۆ سواربم؟ فێستیۆ تکایە، قاچەکانم زۆر هیلاکن.
فێستیۆ قیژاندی:
-لەکوێ دادەنیشی؟
لەناوەوە دەکولا، هەموو تووڕەییەکەی دەرخست:
-کارێکی زۆر قورسە بۆ من، پیرە میسۆکی وای لێکردم پاپایەکانی هەڵبگرم. کازینگاش وای کرد مریشکەکانی هەڵبگرم، هیچ جێگەیەک نەماوە بۆ منداڵ. کیکیۆ، چما من وڵاخم ئەو هەموو شتانە هەڵبگرم. قاچی خۆت بەکار بهێنە... خوات لەگەڵ.
بەپەلە سواری پاسکیلەکە بوو و کیکیۆی بەجێهێشت.
بەڵام بەهیچ جۆرێک شێوەی دەموچاوی کیکیۆی لەبەرچاو لانەدەچوو، چاوەکانی گەورە بوون و بەقووڵا چوون و دەموچاوی زەرد و لاواز بوون، پەراسووەکانی دەرکەوتبوون، سکی قوپابوو، جومگەکانی قاچی ئاوسا بوون، قاچ و قۆڵی زۆر لاواز و باریک بوون، جگە لەمانەش؛ کیکیۆ زۆر بەشێوازێکی جوان داوای یارمەتی کرد بۆ ئەوەی

بیبات بۆ نەخۆشخانە. میسۆکی پیرەمێرد وا نەبوو. هەناسەیەکی هەڵمژی و وەستا، ئاوڕێکی دایەوە و بانگی کیکیۆی کرد:
–خێرا وەرە، پەلە بکە، دەتگەیەنمە ناوشار ئەگەر بەجوانی دانیشیت و جوڵەجووڵ نەکەی.
کیکیۆ چوو بۆ لای و خۆی راست کردەوە:
–وای فێستیۆ، برادەرە مەزنەکەم، زۆر سوپاس.
–سەرکەوە لەسەر زینەکە دانیشە، زۆر بەتوندیی خۆت بگرە و جوڵە مەکە، ئەگەر جوڵەجوڵ بکەی، پاسکیلەکە و هەموو شتەکانی لەسەریەتی دەکەون.
–ئێ باشە. دیار بوو زۆر دڵی خۆشە و بەو چاکەیەی دەزانی. لەسەر زینەکە دانیشت...
–بەخوا پیاوی برادەر.
جارێکی تر دووبارەی کردەوە:
–وەک مشک بەهێمنیی دادەنیشم.
فێستیۆ پاڵی دەنا و پاڵی دەنا، تەنها لە لێژایی دەیتوانی سوار بێت، دەست و قاچ و پشتی کەوتبوونە ئازار، بەلایەوە وەک ئەوە وابوو کە پاسکیلەکە لە شوێنی خۆی وەستابێت و جوڵە نەکات.
سەرابی سەرە رێگە بەهۆی گەرماوە و زیکەزیکی زنجیری پاسکیلەکە، گێژیان کردبوو. سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکییە، لە کۆتاییدا گردۆڵکەیەک مابوو بیبڕێت و بگاتە بازاڕ.
کیکیۆ وتی:
–فێستیۆ برسیمە، دەتوانم مۆزێک بخۆم؟
–نا، دەبێ بیبەم بیفرۆشم، باوکم چیم پێ دەڵێ... دەڵێ منداڵان لە رێگە لێیان خواردووی.
–ئێ باش.
بەڵام فێستیۆ بیری کردەوە؛ کیکیۆ چەند لاواز و بچووک و برسیی دیارە، تەنها حەوت ساڵانە، زۆر بەزەیی پێدا هاتەوە و بەنابەدڵیی وتی:
–دەتوانی یەک مۆز بخۆیت، تەنها یەک، لە کاتی لێکردنەوەشی وریابە نەیخەیت.
–زۆر پیاوی!
مۆزێکی لێکردەوە و کەوتە خواردنی...
–زۆر خۆشە فێستیۆ.
گەیشتنە سەر بەرزایی گردەکە و وەستان بەرانبەر شارەکە و سەیریان دەکرد، رەنگی سوور و قاوەیی لەنێوان رەنگی زەردی دارەکانی کاسیا، بەیەکەوە وێنەیەکی جوانیان هەبوو.
شار جمەی دەهات، پڕ بوو لە خەڵک. لەژێر داری مانگۆکان پیاوان بە جلە درێژەکانیانەوە وەستابوون و قسەیان دەکرد، هەیانبوو خەریکی بیرە خواردنەوە بوون. ژنان دەوری کورسییەکانیان دابوو، جلەکانیان رەنگاوڕەنگ و درێژ بوون، هەموو رەنگەکانی پەلکەزێڕینە و رەنگەکانی باڵندەکان کاتێک پشوو دەدەن لەژێر سێبەردا، تیادا بوو.
فێستیۆ وتی:
–کیکیۆ، خۆشە بچم بۆ بازاڕ و خۆشە پیاوی ناو پیاوان بیت.
–بەڕاستی فێستیۆ تۆ بەهێزی.
مۆزێکیشی لێکردەوە.

فێستیۆ، لە ناخی خۆیدا هەستی بە گەورەبوون دەکرد و شانازیی بەخۆیەوە دەکرد. خۆی ڕاست کردەوە و سەیری بازاڕەکەی دەکرد.
هەر لەو کاتەدا دەنگی قاقای پێکەنین لەدوایانەوە هات، فێستیۆ ئاوڕی دایەوە؛ بوسا، کاجۆ، واسوا و مەتابی بینی لەناو دەوەنەکانەوە بەرەو ڕوویان دەهاتن. فێستیۆ، بوسای خۆشنەدەویست، ئەویش فێستیۆی خۆشنەدەویست. هەوڵیدا لێیان دوورکەوێتەوە و پاڵی بەپاسکیلەکەوە نا بەرەو خوار.
–سەیرکەن کێ لەوێیە! سەیرکەن کێ پاسکیلی باوکی بەخواروخێچی لێ دەخوڕێت! سەیرکەن چەند لەخۆی گەورەتر زبڵی هەڵگرتووە بەرەو بازاڕ. شانبەشانی ئەو؛ کاجۆ، واسوا، مەتاب، گاڵتەیان پێدەکرد و دەستیان بۆ کیکیۆ ڕادەکێشا و دەیانقیژاند:
–سەیرکەن کێی سواری پاسکیلەکە کردووە و دەیبات بۆ بازاڕ و وەک مەیمونی بابوون مۆز دەخوات. فێستیۆ هاواری کرد بەسەریاندا:
–ئێوە ئیرەیی دەبەن، چونکە پاسکیلتان نییە سواری بن.
بەخێرایی بەرەو خوار لێی دەخوڕی.
بوسا هاواری دەکرد:
–تۆ درۆ دەکەی، درۆ دەکەی.
کاجۆ هاواری کرد:
–فێرت دەکەین چۆن بێشەرمانە بەسەرماندا بزریکێنی.
بوسا چووە پێشەوە، چڵەدارێکی کاسیای لێکردەوە و هەڵیدا بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوان زنجیر و پایدەرەکەی و پاسکیلەکە بکەوێتە سەر زەوی.
فێستیۆ کە ئەوەی بینی، سوکانەکەی سووڕاند و نەیهێشت، بەڵام بوسا هات و جارێکی تر پێشی لێگرتن. فێستیۆ نەیدەتوانی هیچ بکات، وا هاتە بەر چاوی؛ خۆی و پاسکیل و کیکیۆ و مۆز و پاپایە و مریشکەکان بەیەکەوە دەکەون و دەهاڕێن.
–ها... ها، خۆت بە پیاوی ناو پیاوان دەزانی!
بوسا بەگاڵتەپێکردنەوە دەیوت و پێدەکەنی، دەبێ وا بکەین وەک منداڵ بگریت کاتێ لەسەر ڕێگە دەکەویت.
بۆسا بەدارێکەوە هاتە پێشەوە بۆیان، لەو کاتەدا نیوە مۆزێکی خوراووی بۆ هاویشترا و بەر چاوی کەوت، توێکڵەکەشی وەک شەقازلەیەک شڵپ بەر دەموچاوی کەوت.
کیکیۆ قاقای لێدەدا، بوسا خۆی کشاندەوە بۆ لایەک و دەموچاوی خۆی دەسڕییەوە.
–سواربە، سواربە...
کیکیۆ هاواری دەکرد، پێکەنینەکەشی بەردەوام بوو، بەڵام مەتابی کە لە هەموویان گەورەتر بوو، لە پشتەوە ڕای کرد بۆ لایان...
–تۆ ئەی مەیمونی بابوون، وا دەزانی دەتوانی ڕوو قاییم بی لەگەڵ ئێمە؟ بزانە چی لەوانە دەکەم بەخۆیان دەنازن!
گەیشتە لای مۆزەکان و لەپڕ زریکەی لێهەڵسا و بەسەرسووڕمانەوە بەرەو دواوە بازی دا.

مریشکەکان دەنووکیان لە دەموچاو و قۆڵی دابوو.
فێستیۆ وتی:
-ئێستا دڵخۆشم مریشکەکانی کازینگام لەگەڵ خۆم هێنا. بەڵام هێشتا لەکۆڵ واسوا نەبووبوونەوە.
واسوا بەردێکی هەڵگرت و رایوەشاند و تاپ بەر پشتی فێستیۆ کەوت و ئازارێکی زۆری هەبوو. بەتەنیشتیاداندا رایدەکرد و گاڵتەی پێدەکردن و هاواری دەکرد:
-ترسنۆکی بچووک، ترسنۆکی بچووک، سەیرکەن رادەکات لەبری ئەوەی ئاوڕبداتەوە و شەڕ بکات، هی... هی، ترسنۆکی بچووک. داهاتەوە بەردێکی تر هەڵبگرێ، کاتێ پاپایەکی سەوز لەهەوادا بەرەو رووی فڕی و شلپ دای بەپەنا گوێیدا. واسوا رایکرد بەرەو ناو دەوەنەکان و گوێی خۆی گرتبوو و لەتاو ئازار هاواری دەکرد.
فێستیۆ بیری کردەوە و وتی:
-ئەها! من زۆر دڵخۆشم کە خۆم نەدزییەوە لە داواکارییەکەی پیرە میسۆکی.کیکیۆش لەپشتەوە دەستی لەسەر دەمی دانابوو و پێکەنینی دەهات و دەیوت:
-فێستیۆ سواربە، خێرا... خێرا، ئیتر کەس ناتوانێ بمانگرێ! فێستیۆ زۆر بەخێرایی پایدەری لێدەدا، جڕ جڕ جڕ... پاسکیلەکە جیرەی لێوە دەهات، پێکەنینی کیکیۆش لە گوێکانیدا دەزرنگایەوە.
خێرا... زۆر خێرا لێی دەخوڕی، ئیتر ئێستا کەس ناتوانێ بیانگرێ، زززز... تایەکانی گیزە گیزیان بوو لە خێراییدا.

کیکیۆ بانگی فێستیۆی کرد:
-تۆ کوڕێکی زیرەکی، هەرچەندە بچووکی، بەڵام پیاوی. بەبێ توێکڵی مۆز و ئەو پاپایەی بەخێرایی بۆیان دەڕۆیشت، ئێستا لەسەر زەوی کەوتبووین و ئەو دزانەش هەموو شتەکانیان بردبوو.
فێستیۆ لە دڵی خۆیدا وتی:
-من دڵخۆشم کە باشبووم لەگەڵ کیکیۆ.
ئیتر بەخێرایی بەسەر لێژاییەکەدا بەرەو رێگەکە دەفڕین. دارەکان، خانووەکان، وەک تیشک بەتەنیشتیاداندا تێدەپەڕین.لە کۆتاییدا گەیشتنە بازاڕ، خەڵکەکان و مریشک و کەڵەشێرەکان و سەگەکان، لە دەرەوەی رێگە سەرەکییەکە بڵاوبووبوونەوە.
-سڵاو فێستیۆ، چییە شەیتان راوی ناوی؟
-فەرموون فستق، فەرموون هێلکە، فەرموون پاپایە... هاوار هاواری بوو لەناو بازاڕ.
پوری لە کۆشکێکەوە بانگی کرد:
-فێستیۆ، برازاکەم، سڵاو، ئاوا هاتووی بۆ بازاڕ دەڵێی گەردەلوولی دەشتی. بەڵام پورەکەی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. ئیتر فێستیۆ لێی دەخوڕی و کیکیۆش لەپشتەوەی دانیشتبوو و گەیشتنە ناو بازاڕ، بە سەری بڵندەوە، پێکەنینی دەهات و کیکیۆش بەدوایەوە پێدەکەنی، بەسەربەرزییەوە پشتی بەهێز بوو. فێستیۆ، مۆزەکانی باوکی و پاپایەی پیرە میسۆکی و مریشکەکانی کازینگای بەبێ زیان گەیاندە بازاڕ، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر و بەسواری پاسکیل، وەک پیاوی ناو پیاوان.



# سانی لانگتاند و میوان

ناوچە: کیپ ئینگلیز

ڕۆژێکــی تەماویی بوو لە شــاری کێپ، باران بە لێزمە بەسەر شاخە تاریکەکاندا دەباری. شەپۆلە شــپرزەکانی دەریــا، بــەر دیــواری بەندەرەکە دەکەوتــن. چۆڕاوگەی شــاخەکان دزەی دەکرد بۆ ناو ئەشکەوتەکەی ســانی لانگتاند، دارەکانی کە بۆ ســووتاندنی دانابوون، تــەڕ بووبوون. دوای ماوەیــەک، گیرگەکەی فڕێدا و بــە ڕقەوە کەوتە سەری و شکاندی. بەفەرمانەوە پێی وتم:

-بڕۆ بە سلانگبیک بڵێ با گڕە ئاگرێکم بداتێ.

دەبوایە بەو سەرما و بارانە بڕۆمە دەرەوە.

دەمــەوێ پێتان بڵێم؛ ســانی لانگتاند خراپترین و پیسترین جادووگەر بوو لە چیای (کالک بای).

(ســلانگبیک)یش ئەژدیهایەکی پیری دڕندە بوو، زۆربەی کاتەکانی خەریکی سپیکردنەوەی کۆمەڵێک لە دەســتکەوتەکانی بوو لەناو ئەشکەوتەکەیدا، ئەگــەر هاتوو خەریکی فڕیــن نەبوایە لە دەرەوە یان خەریکی جگەرەکێشــان نەبوایە لەگەڵ سانی لانگتاند.

لەوێ، منیشــی لێبووم (بۆگۆم)، هاوڕێی نزیکی ســانی لانگتاند بــووم و دەبوایە هەموو ئیشــە پیسەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکەی بۆ ئەنجام بدەم و هەندێ جاریش ئەگەر نەیتوانیایە ســلانگبیک ڕازی بکات لەسەر پشتی ئەو بڕوا؛ ئەوا پشتی منی بەکاردەهێنا و سواری پشتم دەبوو بۆ گواستنەوە و جێبەجێکردنی کارەکانی.

هەر بۆ زانیاریتان؛ من مەیمونی جۆری (بابوون)م و شتێکی باشە لە شاخەکانی (کالک بای) یان هەر شوێنێ، مەیمون بی.



ئاسـان بوو لەلایەن مەیمونە بابوونەکانی ترەوە لەسـەر ڕێگـەم، گاڵتـەم پێبکەن یـان ڕەخنەم لێبگـرن، بەتایبەتـی کـە دەیانبینی سـۆلێکی فارسـیی نووک تیژم لەپێدایـە و هەندێ جاریش خاکەنازێکـم بەدەسـتەوە بوو ئەو دروشـمانەم هەڵدەکەند و لامدەبردن کە نووسرابوون: (خواردن بـە بابوونەکان مەدەن) و لەلایەن ئەو خەڵکانەوە دانرابوون کە هەرگیز نەیاندەویست چێشتی دەستی سانی لانگتاند بخۆن.

هیچ دڵنیا نەبووم لە کەشێکی وا خراپدا سلانگبیک ڕەزامەندبێ لەسـەر چوونە دەرەوە، بەڵام بینیم لە ئەشـکەوتەکەی هەسـت بە بێزاریی دەکات و پێویستی بە کەسـێکە قسەی لەگەڵ بکات، ڕەنگە پێشی خۆشبێ قاپێ دۆی سانی لانگتاند بخواتەوە. بـۆ ڕازیکردنی دڵی من، سـلانگبیک هات، بەڵام پێی باشـتربوو بڕوات نەک بفـڕێ. کاتێ بەناو دەوەنەکانـدا دەهاتینە خـوارەوە، ڕێیەکی وەک ڕێگەی ناو دارسـتانەکانی جێهێشتبوو. باڵێکی بۆ کردبوومەوە بۆ ئـەوەی بارانم بەرنەکەوێ، وەک چەترێکی پێسـتە وابوو. دەڕۆیشتین بەرێگادا بۆ بەرزایی و لێژایی و دەسووڕاینەوە بەو شوێنانەی کە مەبەسـتی بـوو. من گوێـم نەدەدایە، چونکە بەتەنیشت ئەژدیهایەکەوە بووم، وەک ئەوە وابوو لە کەشێکی تەڕ و سارد لەلای ئاگردانێکی گەرمبم، بەڵام کاتێکی زۆرمان پێویسـت بوو تا گەیشتینە ماڵەکەی سانی لانگتاند.

سانی لانگتاند ئەوەندە تووڕە بووبوو، ئامادەبوو شـەڕ لەگەڵ هەموو شـتێک بکات، بـەڵام کاتێ سلانگبیک سـەری بردە ژوورەوە و گڕێکی فڕێدا، بەئەستەم پێیدەزانی. یەکسەر دەستیکرد بە کێشانی توتنی ناو پایپە ڕەشـە قوڕەکەی، بێئەوەی یەک وشـەی سـوپاس بڵێ، ئەوەندەی نەبرد لە ناو دووکەڵ ون بوو.

سلانگبیک، پشکۆیەکی کۆنی خستە سەر پایپەکەی و بەو ڕێگەیەی ئارەزووی بوو، کەوتە کێشـانی. لەنێوان پایپکێشـانی هەردووکیان، ئەشکەوتەکە پڕ بـوو لە دووکەڵ، تاریک بووبوو و چاو چاوی نەدەبینی.

–لە ڕۆژێکی ئەوها تەڕ...

سلانگبیک وتی، لە خەیاڵی خۆی بەهیوای جامە دۆیەکەی بوو.

–ڕۆژێکی تەماوی لە دەرەوە بی...

سـانی لانگتاند بەپەلە قسـەکانی پـێ بڕی و بە لایەکی دەمییەوە کە لە تەڵەی مشک دەچوو وتی:

–ون بوون، وایە؟ هیچ پرسیارێکت کرد بزانی ڕێگە سەرەکییەکە لەکوێوەیە؟ خەریک بوو من لێرە بۆ دووکەڵێک بمرم و هیچ ئاگرێکم لا نەبوو.

سلانگبیک، تۆزە گڕێکی بە لا دەمییەوە پیشان دەدا و وتی:

–هەرگیز ون نابم، نە لێرە و نە لە بۆشایی ئاسمان و نە لەنێوان ئەستێرەکان، زانیارییش لە پیرەژنێکی جادووگەر وەرناگرم کە خۆی پێویستی بەیارمەتیی بابوونێکە بۆ ئەوەی ڕێگەی پیشان بدات.

ئەوکات کەشی ناو ئەشکەوتەکە گەرم بووبوو و پڕبوو لە دووکەڵ و بۆ هەوای سارد دەچوومە دەرەوە، بە لای سلانگبیکدا تێپەڕیم، دوای ئەوەی بەرچاوم روون بووەوە، یەکەم شت چاوم پێیکەوت، کلکە درێژەکەی سلانگبیک بوو کە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بوو. دووەم شت، پیاوێکی بیانیی ڕێزدار بوو، هەموو گیانی تەڕ بووبوو، بە وردی سەرنجی دابوو لە دواوەی سلانگبیک. وام بە بیردا هات ئەگەر ئەو پیاوە ئەم دیمەنەی لا زۆر ناشرین بێ، ئەی وەرە بچێتە ژوورەوە و دەموچاوی ئەژدیهاکە و لەویش ناشرینتر جادووگەر ببینێ، دەڵێ چی؟

پیاوە بیانییەکە خۆی چەماندەوە بۆم، تەنها لووت و سۆلەکانی لە پشتەوەی عەمامە گەورەکەیەوە دەبینرا.

بەدەنگێکی بەرز وتی:

–زۆر بەڕێز...

لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا بیرمدەکردەوە چی لەو پیاوە بکەم؟

بەردەوام بوو وتی:

–من کەسێکی سەرکێشم لە وڵاتێکی دوور، لە وڵاتی فارسەکانەوە هاتووم، نێردراوی شازادەکان و سوڵتانەکانم، لە بیابانی گێژەڵووکەی لماوییەوە هاتووم. بەداخەوە، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم و زانیارییەکان بگەڕێنمەوە بۆ خودی پاشا.

پیاوە بیانییەکە پاشماوەی فەرشێکی جادوویی هەڵگرتبوو و شڕ و پارچە پارچە بووبوو بەهۆی زستانی شاری کێپ.

بەردەوام بوو:

–خەم بەدوای خەم کۆبووەتەوە و کۆ دەبێتەوە.

ڕێگە گونجاوەکەی هەڵیبژاردبوو بۆ هاتوچۆ، لەم کاتەدا وازی لە تواناکانی هێنابوو، ئینجا وەرە توانای ئەو گەشتە دوورەی هەبێت کە پێویستیەتی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

–وەک برادەرێکی سادەی تووکن لەو شاخانە...

وتم:

–ئێی!

پیاوە بەڕێزەکە خۆی ڕاستکردەوە و زانیی قسە بۆ مەیمون دەکات، بەردەوام بوو:

–ون بووم، پێویستم بە ڕێنمایی هەیە، ئامڕازی گەشتەکەم کە فەرشێکی جادووییە، پارچە پارچە بووە و چیتر ناتوانم پێی بفڕم.

پێم وت:

-باشە بۆ هەر لە سەرەتاوە ئەمەت نەوت، وامزانی وەک هەر کەسێک، بەحەپەساوی وەستاوی بەدیار کلکی ئەژدیهاکەوە و دەتەوێ بزانی لای سەرەوەی چۆنە. وەک بنەمایەک، یەکەم و تاکە ڕێگەی گونجاو کە دەبێ وەریبگری، ئەوەیە دوورکەویتەوە لە ئەژدیهاکە. هەرچەندە هەندێ جار خۆم بەهەندێ قەپاڵ و لێکردنەوەی توێکڵی پشتی، بەدوای کەوتووم.

دەزانم سانی لانگتاند بایەخ بە میوان نادات، بەڵام لام روون بوو ئەوەندە ناخایەنێت دەنگە دەنگ و قاوقیژ لەناو ئەشکەوتەکە دەستپێدەکات. وام بەبیردا هات؛ میوانێکی بیانی رەنگە ببێتە جێگەی بایەخ و تۆزێ دووریانبخاتەوە لە شەڕکردن، خۆ ئەگەر بەسەری نووکی پێیەکان و لەسەرخۆ... لەسەرخۆ بەشاخەکەدا لێژبێتەوە بەرەو خوارەوە، کە ئەمە چەند جارێک روویداوە لەگەڵ میوانە نەخوازراوەکان، کە سانی لانگتاند دەیانکاتە بۆق.

پیاوە بیانییەکە تەواو دوودڵ بوو لە گرتنی دواوەی سلانگبیک و چوونە ناو ئەشکەوتەکە، بەڵام من مەچەکێکی بەهێزم هەبوو، توند میوانەکەم گرت و بانگم کرد:

-میوانەکە، با بچینە ناو ئەشکەوتەکە.

چووین بۆ لای تیشکی رووناکیی ئاگرەکە. ئەگەری ئەوە هەبوو سانی لانگتاند کارێکی ئابڕووبەرە بکات وەک تەپڵ لێدان بە کڵاوە ئاسنە قۆچدارەکەی سەری.

سلانگبیک دڵی کرایەوە بەبینینی میوانەکە، بەڵام سانی لانگتاند لە هەموو کات باری دەروونیی خراپتر بوو.

پاش ئەوەی پیاوە بیانییەکە چیرۆکەکەی خۆی بە خەفەت و گلەیی و گازندەوە گێڕایەوە، سانی لانگتاند بەگاڵتەپێکردنەوە بەسەریدا دەیقیژاند و دەیوت:

-ڕێگەی گەڕانەوەت نادۆزیتەوە؟ کام جۆرە گەڕیدەیەیت وەک ئەوەی بەخۆت دەڵێی؟ ئەوەی پێویستە لەسەرت؛ بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووی و بەدوای هەستەکانی خۆت بکەوە و پشت بە کەس مەبەستە.

-من وا دەکەم، تەنانەت ئەم پیرە بزنمژەیەش (سلانگبیک) دەتوانێ هەندێ کات ئەمە بکات.

سانی لانگتاند پەنجەی بە لووتی خۆیدا دەهێنا و ئەمەی وت.

هەروەها دەبێ بڵێم؛ ئەمەی سانی لانگتاند وتی، زۆر راستە. لمۆزە درێژەکەی سانی لانگتاند زۆر گونجاوە بۆ بەدواداچوون، بەهۆی ئەوەی لووتە درێژەکەی وەک دەرزی قیبلەنما هاتۆتە دەرەوە، هەروەها مووە زۆر رەقەکەی کە لووتی داپۆشیوە، وەک ئەنتێن وایە لە تاریکیدا.

پیاوە بەڕێزەکە پێش ئەوەی دەمی خۆی بوەستێنێ، بە هەندێ ورتەکردن لەبەردەم خۆیەوە وتی:
-خاتوونی بەڕێز، لووتە زۆر گەورەکان هەموویان وان.
من لە دڵی خۆمدا وتم:
-کاتی بۆقە.
پێشبینییەکەم لە شوێنی خۆی دەبوو ئەگەر سلانگبیک قسەکانی پێ نەبڕیایە و رزگاری نەکردایە لەو ژیانەی کە دەبوایە بقیڕێنێ لەسەر پەڕی گەڵاکانی گوڵە زەنبەق. -من بێزار بووم لەو کارانەت پیرە جادووگەر. فیشەیەکی کرد و گەرمیی ناو دەمی وەک ئەوەی دەرگای فڕنت کردبێتەوە وابوو.
بەتوندی و رەقی لۆمەی دەکرد:
-من پیاوی وام لە سەردەمی چەتەکانی دەریا بینیووە، خۆم بە چاو داخستنەوە دەیبەمەوە بۆ شوێنی خۆی.
-لەو باوەڕەدای تۆ دەتوانی بەبۆنکردن و بە لمۆزە گەورەکەت ئەو کارە بکەیت، باشە، بۆ چاوەکانت داناخەی و ببینین.
سانی لانگتاند شرۆڤەی دەکرد و گەیشتە لای مەنجەڵە قورسەکە، بەڵام سلانگبیک بەو ئاسانییە هەڵنەخەڵەتا و چاوەکانی بەکراوەیی مایەوە. سانی لانگتاند دەستی خستبووە کەمەری و بەرانبەری وەستابوو.
سلانگبیک، لێوەکانی بە زمانە دڕکاوییەکەی تەڕ کرد و وتی:
-ئەگەر ئەوەندە دڵنیای دەیگەێنیتەوەماڵەوە؛ ئەوا گرەوێکت لەگەڵ دەکەم، ئەو گۆزە ماستە لە بەرانبەر مەنجەڵێکی مسی درەوشاوە لە گەنجینەکەم.
تەواو، سانی لانگتاند رەزامەندی دەربڕی، هەمیشە ئارەزوومەند بوو یەکێک لە مەنجەڵەکانی سلانگبیکی هەبێ. وتی:
-تۆ بفڕە، منیش رێنیشاندەر دەبم.
هەمووومان چووینە دەرەوە بۆ ئەوەی بەسەر پشتی سلانکبیگ بفڕین.
پیاوە بیانییەکە یارمەتی زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی بچێتە سەر پشتی سلانگبیک.
پیاوە بیانییەکە بەدەنگێکی نزمەوە وتی:
-خاتوونی هێژا، سەیدای بەڕێز، ئاسانترین رێگە بمگەیەنێتە لای نزیکترین شوێنی چنینەوەی فەرشی جادوویی، ئەمە هەموو داواکارییەکی منە.
سانی لانگتاند وتی:
-دەمت داخە.
ئەمە جوانترین شێوەی قسەکردنی بوو. منیش هیچم نەدەوت، بە لای منەوە سواری پشتی سلانگبیک ببم زۆر باشترە لەوەی رابکەم بەسەر

شاخەکاندا و جادووگەرێکیش بەکۆڵمەوە بێ.
سلانگبیک بەسەر چیاکاندا فڕی، دواتر گەیشتینە سەر شار، ماڵەکان لەژێرمانەوە وەک یاریی منداڵان وابوو.
ئەوەندەی نەبرد گەیشتینە قووڵایی هەوری بۆر و پەڵەی بریسکەکانی زوقم، لەسەر لەشم دەدرەوشانەوە.
سلانگبیک نەڕاندی:
—وێنەکان دیارن، دەتەوێ بەرەو کوێ بڕۆیت، لە مێشکی خۆتدا بیهێڵەوە.
وەڵامی دایەوە:
—من وا دەکەم، لە مێشکمدا کۆی دەکەمەوە.
—وا دادەنێیت تۆ مێشکت هەیە پیرە جادووگەر، بەڵام زۆر تەواو نییە.
سانی لانگتاند مشتەکۆڵەیەکی توندی لە پشتە سەرە گنجرِ گنجرەکەی سلانگبیک دا، لەگەڵ ئەوەش گرەوی هەبوو و دەیویست بیباتەوە، بۆیە رکابەرایەتییەکەی سلانگبیکی هەڵگرتبوو بۆ دوایی و بە لەرزینەکەی هەستمان پێدەکرد کە تووڕەیە.
سلانگبیکیش گوێی نەدەدایە چی لە دڵی خۆیدا هێشتووەتەوە.
سانی لانگتاند، وێنای خۆی باش و بەپەرۆش کرد و خۆی بەرەو پێشەوە برد و قژە لوولەکەی لەدواوە با دەیبرد، ئاراستەکانی رێگەکانی بە گوێی سلانگبیکدا دەلووراند.
—لم...
قیژاندی:
—وا مەزندە دەکەم، ئەم هەموو لمە وەک ئەوەی وڵاتی فارسەکان بێ.
—زۆر باشە، ئەگەر تۆ زۆر دڵنیایت.
خێرای کرد، ون بووین و بۆشاییەکی وەک شێوەی ئەژدیهای لەناو هەورا بەجێهێشت و گڕێکی بەدوای خۆیدا کردەوە وەک هەورەبروسکە وابوو.
—من هەرگیز کاتم زۆر پێویست نەبووە بۆ گەیشتن بە هەر شوێنێک کە پێویست بکات، تەنها بە چاوتروکانێک دەگەمە ئەو شوێنانەی مەبەستمە، ئەگەر کاری گەمژانە نەکەیت و بیرت بچێتەوە بگەیتە شوێنی مەبەست لە کاتی دیاریکراودا، بۆیە پێویست ناکات سلانگبیک بەو شێوە فیلاوییە هەست دەرببڕی.
—ئەها!
بەبێزارییەکەوە سانی لانگتاند وتی:
—گردە لمییە زۆرەکانمان لێدەرکەوتن، راستە یەکەمجار لم ئامانجمان بوو، وا لمەکانیشم دۆزییەوە.
سلانگبیک بەگاڵتەپێکردنەوە وتی:
—مەترسە پیرە جادووگەر، کەم یان زۆر نزیکبووینەتەوە لە شوێنی مەبەست، بەڵام بە

دواکەوتن و بەفیرۆدانی کات، چەند ملیۆن ساڵێک، بەو شێوەیەیە وەک مەزەندە دەکەم.
سانی لانگتاند بەتوندی و تووڕەییەوە وتی:
-کێ وتی؟
سلانگبیک وەڵامی دایەوە:
-ئەو وتی.
بە سەر دانەواندنێک بۆ خوارەوە بۆ داینەسۆرە گەورەکە (ڕێکس) کە تازە بە دەوری گردە لماوییەکاندا دەسووڕایەوە، بەرانبەرمان وەستا و زەردەخەنەیەکی گەورەی بۆ کردین.
پیاوە بیانییەکە عەمامەکەی سەری هێنایە خوارەوە بۆ سەر چاوەکانی و سەری دانەواند و لەبەر خۆیەوە زۆر بەپەرۆشەوە قسەی دەکرد و نوێژی دەکرد.
سەرم خستە پێشەوەی ئەو پیاوە و لوراندم بە گوێی سانی لانگتانددا:
-بیر لە عەمامە گەورەکان بکەوە.
بەخێرایی ئامۆژگاریم کرد، بەو هیوایەی کاتێکی شارستانیانە لەلایان بەڕێ بکەین.
بەسەر سلانگبیکدا قیژاندی:
راکە! پێویستە بفڕی پێش ئەوەی دیسانەوە بکەویتەوە فێڵی خۆشاردنەوە.
سلانگبیک دابەزی و قووڵاییەکی لەسەر گردە لماوییەکان دروستکرد، لەدوای خۆمانەوە گوێمان لە دۆڤ، دۆڤ، دۆڤ بوو هەنگاوە قورسەکانی داینەسۆر بوون. سلانگبیک باڵەکانی کردەوە و کەوتە فڕین بەسەر گردە لمەکان و لە خوارەوەش سەیری راکردنی داینەسۆرەکانی دەکرد.
تێبینی دا بە سانی لانگتاند.
-من سەرنج دەدەم تۆ هەوڵی بێزارکردنی ئەمانە نادەی بەتەپڵ لێدان بە مەنجەڵەکەت.
خاتوونیش زۆر سەرقاڵ بوو، نەیدەتوانی بیرکردنەوەکانی کۆبکاتەوە و وەڵامی بداتەوە.
دوای تۆزێ، خۆی بەرەو پێشەوە بردەوە و بەلووراندنەوەوە ئاڕاستەکانی دژ بە رەشەبای پێدەوت، بەو هیوایەی ئەم جارەیان وێناکە لە هزریا راستبێ و بیری لە هیچ پێشهاتێکی ناخۆش نەدەکردەوە.
کاتێ جارێکی تر دەگەڕاینەوە و بەردەوامبووین لە فڕین، دڵخۆشبووم کە سلانگبیک ئەم جارەیان یارییەکانی سەلامەت بوون.
لە بەرزایی سەر دەریای شین دەفڕین و بەپێی توانا دوورکەوتینەوە لە بۆنێکی نامۆ کە لەناو هەوادا هەبوو، خۆریش رەنگی مسی و گەرم بوو، بەڵام هیچ گردە لمێکمان نەدەبینی، لەوە دەچوو سەرنجی سانی لانگتاند کەمبووبێتەوە، لە دواچرکەکان ئێمەی دوورخستووەتەوە و جارێکی تر لە ئاڕاستەی خۆمان لاینداوە.

من پرسیم:
-باشه کوا گرده لماوییەکان؟
بەڵام هیچ وەڵامێکم نە لە سانی لانگتاند و نە لە سلانگبیک نەبیست.
پیاوە بیانییەکە بەدوودڵییەوە وتی:
-لەوە دەچێ ئەژدیهایەک یان دووان لەو ناوە بن.
هەستم کرد سلانگبیک تەنیشتەکانی گەرمتربوون و بەخێرایی باڵێکی خستە ناو ئاوی دەریاکە و هێرشیکرد. دوای ماوەیەک زانیمان ئەوانە وەک سلانگبیک ئەژدیها نەبوون، بەڵکو تەنها وێنەی ئەژدیها بوون بە رەنگی جوان لەسەر تەختەی کەشتییەکان هەڵکەندرابوون، باڵەکانیشیان لەسەر چارۆگەکانیان کێشرابوون.
سلانگبیک گرمەی لێوە دەهات
-زبڵەکانی وڵاتی چین.
بەڵام بەدەنگیدا لەوە نەدەچوو تووشی نائومێدیی بووبێت. من خۆم چاوەڕوان بووم نائومێد بێت!
-کەشتی ئەژدیهاکان.
وا ناسراون، ئێستاش من یەک دوو شتتان پیشان دەدەم. بەتەوژم بەرزبووەوە و بەهەمان تەوژم بەرەو خوارەوە گەڕایەوە و خۆی بەئاوەکەدا کرد، بینیمان چۆن ژاوەژاوێکی زۆر لەسەر کەشتییەکان پەیدا بوو و رەوێک لە دەریاوانەکان چووبوونە ژێر کەشتییەکە خۆیان مەڵاس دابوو و سەریان بەتەختەی ژێرەوەی کەشتییەکەدا دەکێشا.
قیژاندم:
-کڵاو گەورەکان.
چونکە هەندێکیان کڵاوی گەورەی خڕیان لەسەر بوو لە کیسەی زبڵ دەچوو.
سانی لانگتاند بەدڵنیاییەوە وتی:
-شوێنێکی هەڵەیە، من بیرم لە گردە لماوییەکان دەکردەوە، رەنگە تۆزێ هۆشم لای خۆم نەبووبێ و چووبێ بە لای ئەژدیها گەورەکانی تر یان شتی تر، بەڵام بۆ سەریان بەکەشتییەکەدا دەدەن!
سلانگبیک دەستی بە پێکەنین کرد، دەنگێکی زۆر نامۆ بوو.
سنۆرف... سنۆرف... سنۆرف... وتی:
-بۆ رێزلێنانێکی زۆر وادەکەن...
قاقای لێدەدا.
پیاوە بیانییەکە بەلەخۆباییبوونێکەوە وتی:
-ئەمە جۆرێکە لە پەرستن، ئەوانە ئەژدیها دەپەرستن، سانی لینگتاند.
-جۆرێکە لە رێزلێنان، لەو شوێنەی لێوەی هاتووم، لەوە زیاترمان کردووە، ئێمە لەسەر ئەژنۆ خۆمان دەچەمێنینەوە و کڕنووش دەبەین.
مەبەستم لە وڵاتی فارسەکانە.
دەیقیژاند کاتێ سانی لانگتاند ئاوڕێکی لەسەرخۆی دایەوە بۆ پیاوە بیانییەکە. پیاوەکە خۆی بینییەوە

سەیری دوو چاوی بچووک و بریسکەدار لەنێوانیان لووتێکی زۆر درێژ دەکات.
پیاوەکە وتی:
-بێگومان بۆ ئەژدیها نا.
سانی بەگاڵتەپێکردنەوە بە دەنگی بەرز وتی:
-نـا... نـا... نا... نـا، ها... هـا... ها، بۆ ئەژدیهای دەکەن! نا، دەیبینی چۆن لە ئاسـماندا تیرهاوێژی دەکەن.
جارێکـی تر پیاوەکە عەمامەکەی هێنایەوە سـەر دەمی و دەستیکردەوە بە نوێژکردن.
دەنگی باڵەکانی سلانگبیک شڵەژانی پێوە دیاربوو، کاتێ گوێی لەم بەشـەی قسەکانی سانی لانگتاند بوو، ملی بەرەو سەرەوە بەرزکردەوە و پشتاوپشت ئێمەی بینی. خەڵکی سـەر کەشتییەکە دڵیان بەو نمایشە خۆش بوو، بەڵام من زۆر ئارەزووم نەبوو، چونکە زۆر لایەنی ناشرینی ئەو دووانەم بینی کە پێشتریش کەم تا زۆر لەسەری راهاتبووم.
سلانگبیک، بە سانی لانگتاندی وت:
-کەواتـە تۆ دەتـەوێ من ببەیتە ئەو شـوێنەی تیربارانمان دەکەن؟
سانی لانگتاند وتی:
-ترسنۆک مەبە!
سوورە لەسەر بردنەوەی مەنجەڵە مسەکە...
-هەرچۆنێکبێ بیر لەوە بکەوە نیشانە و پێگەیەکی جوان بەجێدەهێڵی بە گەڕاندنەوەی ئەو برادەرەیان و رێگەیەکـی باش دەزانم رێگربێ لە هاویشـتنی تیرەکان بەرەو ئێمە.
بە توانج و بۆڵە و لاسـاییکردنەوە، سـلانگبیک لەبەر خۆیەوە دەیوت:
-من باشترین رێگە دەزانم بۆ رێگری لە هاویشتنی تیرەکان بەرەو ئەژدیها.
جارێکی تر ئاوڕی دایەوە و وتی:
-ئەمە دواهەمین هەوڵتە پیـرە جادووگەر، دەنا دوای ئەوە ماستەکەت هی منە.
بۆ دواجار سووڕێکی بەسەر کەشتییەکانی ئەژدیهادا لێدا، لەو کاتەدا سانی لانگتاند هەموو بیر و هۆشی خۆی کۆکردبووەوە، منیش ئامۆژگاریم کرد:
-بیر لە گردە لمەکان بکەرەوە.
لەناو ئاسمانی شـینی فراوانی سەر کەشتییەکان ونبووین، سـلانگبیک ئاگرێکی لە دەمی دەرهێنا وەک تەقینەوەی فیشەکەکانی ئاگربازیی وابوون، بە مەبەستی پارێزگاریی لە ئایینی دەریاوانەکان ئەم نمایشەی کرد.
-چاوی مانگا، لە چاوی پیس بەدووربین.
سـانی لانگتاند ئەمەی وت لـەو کاتەی کەوتینە سـەر شـارێک هەمووی تـەلاری بـەرز بوون و سـەرەکانیان تیژ بوون و لە یەک خاڵ کۆتاییان دەهات کە وەک سەلکەپیاز وابوو. دەورە درابوون

بە (لم) و دارخورمـــای زۆری لێبوو. پیاوەکانیان عەمامەبەسەر بوون وەک پیاوە بیانییە بەڕێزەکە، باشـــترین رێبەریش ئەو نیشانەیە بوو کە لەسەر گردەلمێک بوو، نزیک پشـــتێنەیەک نیشـــانە بۆ نیشتنەوەی فەرشـــی فڕین نووسرابوو (بەخێربێن بۆ وڵاتی فارس).

لەپڕ شـــتێک بەلاماندا تێپـــەڕی وەک ئەوەی لە دوورەوە شـــتێکیان تێگرتبیـــن، دەنگێکـــی تیژی بەهێزی زۆر ناخۆشبوو، سەرم بەرزکردەوە بینیم تیرێکـــی میل میلە بەرەو خۆر دەڕوات، زۆر پیاوی تر لە خوارەوە بوون بەخۆیان و تیروکەوانەکانیان رایان دەکردە سەر سەربانیماڵەکانیان و تیریان بەرەو رووومان دەهاویشت.

سانی لانگتاند هەموو بیری لای مەنجەڵەکە بوو و دەیلوراند:

–بەرەو زەوی تاکو رزگارت بکەم.

–بەرەو زەوی، خۆت رزگار بکە.

سلانگبیک بەتووڕەییەوە پێی وت و بەخێراییەکی زۆر بەرەو ســـەرەوە فڕی. شـــەپۆلێکی تەواو لە تیرەکان بەرەو رووومان دەهاتن، ســـلانگبیک وەک پەڕەسێلکە خۆی لادەدا بۆ ئەوەی بەرینەکەون.

سانی لانگتاند دەیقیژاند:

–من دەمەوێ بگاتە سەر زەوی بۆ زێدی خۆی.

بـــاش دەیزانی بۆ ئەوەی گرەوەکەی بباتەوە دەبێ پشت بە سلانگبیک ببەستێ، ئەگەر هیچ بیانوویەک نەدۆزێتەوە.

سلانگبیک وتی:

–من هیچ بەپێویســـتی نازانم لەپێناو ئەو پیاوە لەسەر زەوی بنیشمەوە.

هاواری کرد:

–هۆ ڤاس...

ماناکەی ئەوە دەگەیەنێ «خۆتان توند بگرن». من و ســـانی لانگتاند باش لێی تێدەگەیشتین، چونکە دوو وشەی ئەفریقی بوون، بەڵام چونکە ئەو وشانە عەرەبی یان فارسی نەبوون، بۆیە پیاوە بیانییەکە تێنەگەیشـــت. کاتێ ســـلانگبیک خۆی خستە سەر پشت، پیاوە بیانییەکە لە چاوتروکانێکدا ون بوو و سانی لانگتاند هاواری کرد:

–نا...!

بینیی مەنجەڵە مسەکەی وەک تەم ون بوو.

ئێمـــەش بەهەمـــان شـێوە لـــە چاوتروکانێکدا شـــتەکانیمان داکەند لەو خولەکەی لەنێوانماندا وەک جۆلانـــە دەهات و دەچوو و قاچەکانی بەردا. من سۆلەکانیم برد، سانی لانگتاند، عەمامەکەی. عەمامەکەی کرایەوە، سەرێکی قوماشە درێژەکەی بەدەســـت ســـانی لانگتاندەوە بوو سەرەکەی تری بەدەســـت پیـــاوە بیانییەکـــەوە و وەک مـــزراح دەخولایەوە بەرەو خوارەوە.

کۆتـا جـار کـه بینینـم، هـەردوو دەسـتی بەسـترابوونەوە، لەسـەر نووکـی یەکێ تەلارە بەرزەکان یەکێک هاواری بۆ تیرهاوێژەکان دەکرد بۆ ئەوەی تیرەکانیان بەرەو رووی ئێمە بهاوێژن. دەزانم ئەو نمەک بەحەرامە بوو، سەرباری ئەوەی بەو هەموو هیلاکی و سەرکێشییەوە گەیاندمانەوە شـارەکەی خۆی، هەر ئێسـتاش رزگارمان کرد لەوەی بکەوێتە سەر شەقامەکە.

سـانی لانگتاند پەڕۆی عەمامەکەی وەک لافیتە بۆ پیاوە بیانییەکە رادەوەشاند و منیش بە سۆلەکان بۆ خواحافیزی، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

بێگومان لەو کاتەی گەیشتینەماڵەوە، سلانگبیک هەوڵیدا خۆی لە گرەوەکە بدزێتەوە بەو بیانووەی گوایە سێ لـەو هەوڵانـە پێویسـت نەبوون و هەڵـە بوون و هەروەها بەجێهێشـتنی کەسـێک لە سـەرەوەی تاوەرێک، ئەژمار ناکرێت بەوەی گەیشـتووەتە ماڵەوە. بۆ ئەو بیانوانەش، سانی لانگتاند وەڵامی هەبوو. بەدەر لەو هەموو قسانەی بەتووڕەییەوە لە ئەشکەوتەکەدا دەوتران، خۆشم زۆرم لە سلانگبیک کرد کە رەزامەندبێت.

وتی:

–باشە، بیری لێدەکەمەوە.

هەموو شـتەکان وەک خۆی لێهاتـەوە وەک ئەو کاتـەی پیـاوە بیانییەکەم دۆزییـەوە بە تۆزێ خراپتـرەوە. هەرکاتێکیش شـەڕی نێوان سـانی لانگتانـد و سـلانگبیک دەگەیشـتە بەکارهێنانی چەکـوش و مەقـاش، مـن دەچوومـە دەرەوەی ئەشکەوتەکە و لەبەر باران دەوەستام.

بیرتان نەچێ، لەو گەشتەمان، من جووتێ سۆلی فارسیم دەستکەوت و سانی لانگتاندیش قوماشێکی زۆری عەمامەکە، هەروەها سـلانگبیک پەرسـتن و رێزلێنانێکـی زۆری لەلایـەن دەریاوانەکانەوە پێبەخشرا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، باوەڕم وایە ئەو هەموو هیلاکـی و ماندووبوونەی نەدەهێنا، بۆیە جارێکی تر ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە لەگەڵ هیچ میوانێکی تر ناکەم، دەبێ وەک ئەوەی باوە؛ بیانگەزم. هەروەها سـانی لانگتاند و سـلانگبیک خۆیان دەتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن.



# دەنگە ئەفسووناوییەکەی باڵندە جادووییەکە

**ناوچە: تەنزانیا**

ڕۆژێـــک لـــە ڕۆژان، باڵندەیەکی نامـــۆ دەگاتە گوندێکی بچووکی نێوان چەند گردۆڵکەیەک. لەگەڵ گەیشـــتنی بە گوندەکە، ئیتر هیچ شتێک پارێزراو نەبوو؛ هەرچـــی خەڵکی گوندەکـــە بیانچاندایە، بە شـــەو نەدەما. هەموو بەیانییەک مەڕ و بزن و مریشکەکان کەمیان دەکرد. تەنانەت لە ڕۆژیشدا، کاتێک خەڵکەکە لـــە کێڵگەکانیان کاریان دەکرد، باڵـــندە زەبەلاحەکە دەچووە کـــۆگایماڵەکان و کەندووەکانی دەشـــکاند و ئەو بەشە خۆراکەی کە بۆ وەرزی زستان هەڵیانگرتبوو، لێیانی دەدزی. خەڵکی گوندەکە، ماڵوێران بووبوون، نەهامەتی پەیدا بووبوو، لە هەموو شـــوێنێک دەنگی گریان و جیرەی ددانیان دەهات. هیچ کەسێک، تەنانەت ئازاترینیشـــیان، نەیاندەتوانی باڵندەکە بگرن، بەهۆی خێراییەکەیەوە تەنانەت بینینشی ئەستەم بوو، تەنها گوێیان لە دەنگی خێرایی فڕینی باڵە گەورەکانـــی دەبـــوو کاتێ دەچوو بۆ نیشـــتنەوە لەسەر سەری قەدە زەردەکەی دارە پیرەکە و نێوان گەڵا چڕەکانی.

گـــەورە پیـــاوی گوندەکـــە، لەداخا قـــژی خۆی دەڕنییـــەوە. ڕۆژێـــک، پـــاش ئـــەوەی باڵندەکە ئازووقـــەی زســـتانی بـــرد، بڕیـــاری دا پیـــاوە بەتەمەنـــەکان تـــەور و داســـەکانیان تیژ بکەن و بەیەکەوە بچنە سەر باڵندەکە و وتی:

–باشـــترین وەڵام بۆ باڵندەکە، ئەوەیە دارەکەی ببڕینەوە.



پیاوە بەتەمەنەکان لە دارەکە نزیکبوونەوە بەخۆیان و تەور و داسەکانیانەوە کە لە تیژیدا دەدرەوشانەوە، لە یەکەم لێدانی بەهێز لە قەدی دارەکە، کەمێ توێکڵی قەدی دارەکەیان لێکردەوە. دارەکە، بەهۆی لێدانی تەورەکانەوە، دەلەرزی. لەنێوان گەڵا چڕەکانەوە لەسەر ترۆپکی دارەکە، باڵندە نامۆ و سەرسوورهێنەرەکە دەرکەوت و گۆرانییەکی ئێجگار خۆشی وەک هەنگوین شیرین لە گەرووی دەهاتە دەرەوە، باسی لە رووداوی خۆش و گێڕانەوەی بەسەرهاتە بەناوبانگە کۆنەکان دەکرد کە بەسەرچووبوون و ناگەڕێنەوە. ئەو دەنگە بەسۆزە، کاریگەریی لەسەر رۆح و دەروونی پیاوەکان کرد. دەستیان بێهێز و دڵیان نەرم بووبوو، تەور و داسەکانیان لە دەست کەوتە خوارەوە. دەستەوئەژنۆ دانیشتبوون و بەتاسەوە سەریان بەرز کردبووەوە و سەیری باڵندەکەیان دەکرد. سەرسام بوون بەو ئاوازەی کە بۆی دەچڕین.

پیاوەکان وتیادان:

-نەخێر، هەرگیز باڵندەیەکی وا جوان ئەو هەموو زیانە نادات.

کاتێک رۆژ لە دەمەوئێوارەدا رەنگی ئەرخەوانی بوو، بەیەکەوە بەشەکەتی و خەواڵوویی گەڕانەوە بۆ گوندەکە. بە گەورەی گوندکەیان وت:

-هیچی لێ نەبوو، ناتوانین هیچیش بکەین بۆ ئازاردانی ئەو باڵندەیە.

گەورەی گوند تووڕە بوو و وتی:

-کەواتە گەنجەکانی گوندەکە دەتوانن هاوکارم بن، با گەنجەکان توانای باڵندەکە لەناوبەرن و بیشکێنن.

بەیانیی رۆژی دواتر، گەنجەکانی کۆکردەوە، بە خۆیان و تەور و داسەکانیانەوە بەرەو دارەکە رۆیشتن. دیسانەوە بە هێزی بازوو لە قەدی دارەکەیان دەدا، هەندێکی تر قووڵیان کرد. وەک جاری پێشوو، گەڵاکانی دارەکە کرانەوە و باڵندە نامۆکە دەرکەوتەوە، بە پەڕ و باڵێکی جوانی رەنگاوڕەنگ و بە دەنگێکی زۆر خۆش کە لەنێوان بەرزاییەکان دەنگی دەدایەوە، گۆرانی دەوت. گەنجەکان گوێیان لە گۆرانییەکەی راگرتبوو، باسی عەشق و پاڵەوانێتیی دەکرد کە چاوەڕوانیانە. باوەڕیان هێنابوو کە ئەو باڵندە ئازایە ناکرێ خراپ بێ، ناکرێ دڕندە بێ. ئیتر دەست و مەچەکی گەنجەکان بێهێز بوو، تەور و داسەکانیان لە دەست کەوتە خوارەوە و وەک پیاوە بەتەمەنەکان کەوتنە سەر ئەژنۆ و بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە گوێیان لە دەنگی باڵندەکە دەگرت.

شەو داهات و بە سەرلێشێواویەوە گەڕانەوە و چوونە لای گەورە پیاوە تووڕەکە. تا ئەو کاتەش،

دەنگی باڵندە جادووییەکە، لە گوێیەکانیاندا دەزرینگایەوە.
گەورە پیاوەکە وتی:
-ئەوە مەحاڵە، کەس ناتوانێ بەرگەی هێزی جادوویی ئەو باڵندەیە بگرێ.
هەروەها وتی:
-تەنها منداڵان دەتوانن راستییەکانیان گوێ لێ بێت و چاویان بە روونیی ببینێ. خۆم سەرپەرشتیی منداڵەکان دەکەم لە دژی باڵندەکە.
بۆ سبەی بەیانی، لەگەڵ منداڵانی هۆزەکە بەرەو دارەکە بەرێکەوتن. لەو کاتەدا، باڵندەکە لە پشوودا بوو، هەر کە تەورەکانیان ختووکەی دارەکەی دەدا، گەڵاکانی دارەکە کرانەوە و باڵندەکە بەشێوەیەکی جوانتر لە جاران دەرکەوت، منداڵەکان چاویان لەسەر تەور و داسەکانیان بوو. باڵندەکە وەک جاران کەوتە گۆرانیی وتن، زۆر خۆش و جیاواز، گەورەی گوند گوێی لە گۆرانییەکە بوو، هەستی دەکرد دەستی بێهێز دەبێت، بەڵام منداڵەکان تەنها ئاواز و ریتمە نزمەکەی تەور و داسەکەی دەستیان گوێ لێ بوو، هەرچەندە گۆرانیی باڵندەکە ئەفسووناوی بوو، بەڵام منداڵەکان وردە وردە قەدی دارەکانیان ئەنجن ئەنجن کرد.
لە کۆتاییدا قەدی دارەکەیان بڕی و دارەکە کەوتە سەر زەوی و لەگەڵیدا باڵندە نامۆکە کەوتە خوارەوە. بەهۆی قورسیی دارەکە، باڵندەکە مرد.
لە دوای ئەوە، لە هەموو لایەکەوە دەهاتن خۆراکیان کۆدەکردەوە. پیاوە بەتەمەنەکان و گەنجە بەهێزەکان سەرسام بوون؛ چۆن ئەو منداڵە مەچەک لاوازانە توانیویانە ئەم ئەنجامە بەدەستبهێنن.
ئەو ئێوارەیە، گەورە پیاوی گوند، بۆ پاداشتی منداڵەکان، ئێوارەخوانێکی رێکخست و وتی:
-ئێوەن کە تەنها دەنگی راستیتان دەبیست و چاوەکانتان بە روونی دەبینێ، ئێوەن چاو و گوێی هۆزەکەمان.



# ئەو پشیلەیەی کە چووە ناو ماڵەکە

**ناوچە: زیمبابۆی**

ڕۆژێ لە ڕۆژان، پشـــیلەیەک هەبوو، پشیلەیەکی کێویی، بەتەنها لەناو دارســـتانێکدا دەژیا. دوای ماوەیەک، لـــە تەنهایی بێزار بووبوو، پشـــیلە کێوییەکی تری وەک هاوسەر بۆ خۆی پەیدا کرد، وای دەزانی باشترین بوونەوەرە لە دارستانەکەدا.
ڕۆژێکیان، لە نێو مێرگێک بەیەکەوە پیاســـەیان دەکرد، دەنگێک لە نـــاو مێرگەکە هات و لەناکاو پڵنگێک بازی دا، هاوســـەرەکەی چەماندەوە و لە خۆڵەکەدا گەوزاندی.
پشیلەکە وتی:
–ئۆووو! دەبینم هاوســـەرەکەم هەموو گیانی بوو بە خۆڵ، کەواتە؛ ئەو باشترین بوونەوەر نییە لە دارستانەکەدا، پڵنگ باشترینە!
پشیلەکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی لەگەڵ پڵنگەکەدا بژی.
بەیەکەوە زۆر بە خۆشـــیی دەژیـــان، تا ڕۆژێک لە دارســـتانەکە لە ناو مێرگێک بەیەکەوە ڕاویان دەکرد، لەپڕ هوژمێک هات و شـــێرێک لەپشتەوە پەلاماری پڵنگەکەی دا و خواردی.
پشیلەکە وتی:



-ئۆووو! دەبینم پڵنگ باشترین بوونەوەر نییە لە دارستانەکەدا ، شێر باشترینە!

پشـــیلەکە ڕۆیشت لەگەڵ شێرەکەدا ژیا. بەیەکەوە زۆر بە خۆشیی دەژیان ، تا ڕۆژێک بەیەکەوە لەناو دارســـتانەکە دەگەڕان ، لە ئاسـۆدا جەستەیەکی گەورەیـــان بینـــی ، فیلێک بـــوو ، فیلەکە قاچێکی خستە ســـەر سەری شـێرەکە ، فیچقەیەکی کرد و سەری شێرەکەی پانکردەوە.

پشیلەکە وتی:

-ئۆووو! دەبینم شێر باشترین بوونەوەر نییە لە دارستانەکەدا ، فیل باشترینە!

لەگەڵ فیلەکە ڕۆیشت ، دەچووە سەر پشتی فیلەکە و خۆی لەسەر پشـــت و ملی دەتلانەوە و دەچووە نێـــوان گوێیەکانی و یاری دەکـــرد. بەیەکەوە بە خۆشیی دەژیان.

ڕۆژێکیان ، بەیەکەوە بەناو قامیشـــەڵانێکدا بەرەو ڕووبارێک دەڕۆیشتن. بەو... دەنگێکی بەهێز هات و فیلەکە کەوتە ســـەر زەوی ، پشـــیلەکە سەیری ئەمـــلا و ئەولای کـــرد ، تەنهـــا پیاوێکی بچووکی بەتفەنگێکەوە بینی.

پشیلەکە وتی:

-ئۆووو! دەبینم فیل باشـــترین بوونەوەر نییە لە دارستانەکەدا ، بەڵکو پیاو باشترینە!

بەدوای پیاوەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتنە ماڵەکەیان و بازی دا بۆ سەر کوخەکەیان.

لە دواییدا پشیلەکە وتی:

-باشترین بوونەوەری ناو دارستانەکەم دۆزییەوە.

لە ســـەربانی کوخەکەیان زۆر بە خۆشیی دەژیا ، دەستیکرد بە ڕاوی مشـــک و جرج کە لە گوندەکە دەژیان. تا ڕۆژێک لە ســـەربانەکە لەبەر گەرمیی خۆرەکە خۆی گەرم دەکردەوە ، گوێی لە دەنگەدەنگ بـــوو لەناو کوخەکە دەهات ، دەنگی ژن و پیاوەکە وردە وردە بەرز دەبووەوە ، بۆڵەبۆڵێکی زۆر بوو و لەپڕ پیاوەکە بە سەرمەقولات کەوتە دەرەوە.

پشیلەکە وتی:

-ئەها... ئێســـتا دەزانم لە ڕاستیدا کێ باشترین بوونەوەرە لە دارستانەکەدا ، ئەویش ژنە!

پشیلەکە لە ســـەربانی کوخەکە هاتە خوارەوە و چـــووە ژوورەوە و لای ئاگردانەکە دانیشـــت. لەو ڕۆژەوە تەنها لەو شوێنەدا دەبینرا.



# دیارییەکانی شێری پاشا

ناوچە: کۆی

شێری پاشـــا، ئاهەنگێکی زۆر گەورەی ڕێکخست. بەپێی یاسا، دەبوایە هەموو ئاژەڵەکان بەشداربن و نەدەبـــوو هیچیان ڕەتیبکەنـــەوە. تەنها مێیەی بزنەکێـــوی نەبـــێ بەلایـــەوە گرنگ نەبـــوو، بە ســـمەکانی زەوی دەکۆڵی. بزنەکێوییەک بەناوی کیودۆ، وتی:
–شێر زۆر دڵخۆش دەبێت یەکێک لە خێزانەکەمان بخوات، باشـــە چۆن بزانین لـــەو ئاهەنگە ئێمە ناخوات؟

مێیەکانی تر هاوڕا بوون و وتیادان:

–بەڵێ... بەڵێ، وایە.

کیودۆ وتی:

–خـــۆم بەتەنها دەچم، گەر نەچـــم، ڕەنگە ببێتە کێشە.

نێرەکانیش وتیادان:

–بابڕۆین.

مێیەکە، مڕەیەکی کرد و ســـمەکانی وەستاند، لای

ئەستەم بوو ئاهەنگێکی وا رەت بکاتەوە کە خواردن و خواردنەوەی تیادا بێت.
ورده ورده ئاژەڵەکان یەک لە دوای یەک رۆیشتن بۆ ئاهەنگەکە ((پڵنگ، کەروێشک، زێبرا، مشکەکوێرە، فیل، چەقەڵ، قومقومۆکە، رێوی، کەمتیادار، دەڵەک، مار، مەیمونی بابوون (کە زۆر فزولی بوو و نەیدەتوانی لە دوورەوە بوەستێ)، کەر، گامێشی نیل...)). بەڵێ، ئاهەنگێک بوو بۆ هەمووان.
سەرەتا بە هەڵپەرکێ دەستیانپێکرد، مەیمونەکە سەرچۆپی گرتبوو، چەقەڵیش گۆرانیی دەوت. دوای ئەوە کەوتنە خواردنی هەنگوین و خواردنەوەی شیر، تەنانەت شێر و پڵنگ و کەمتیادار و رێوی و چەقەڵیش لەگەڵیدان خواردن، وەک ئەوەی هەرگیز تامی خوێنیان نەکردبێ.
شێرەکە، هەرچەند سەیری دەکرد، قورسبوو بەلایەوە لە ئاهەنگێکی وا گەورەدا بتوانێ خزمەتی هەمووان بکات.
شێرەکە وتی:
-ئاژەڵەکانم گوێبگرن...
پاش ئەوەی قاپی هەنگوینەکەی لستەوە (پاشا، پێش هەمووان دەست بە خواردن دەکات و لە دوای هەمووانیش تەواو دەبێ، باشیشی دەخوارد).
دووبارە وتی:
-ئاژەڵەکانم، دەمەوێ هەریەکەتان دیارییەکتان بدەمێ، بۆ ئەوەی بزانن کە من چەند پاشایەکی باشم.
-زۆر سوپاس، زۆر سوپاس، زۆر سوپاس...
لە هەموو لایەکەوە سوپاس دەوترا.
هەندێکیان دەترسان ئەوانەی لەپێشەوەن باشترین دیارییان بەربکەوێ.
شێرەکە نەڕاندی:
-لە شوێنی خۆتان بوەستن، هەر کامێکتان دەست ببات بۆ دیارییەکان، هیچ وەرناگرێت.
چاوبرسییەکانیش دوایین کەس وەریدەگرن.
ئیتر کەمێک دەنگەدەنگەکە هێور بووەوە.
شێرەکە وتی:
-کێ حەزی لە قۆچە؟ با لەلایەک بوەستێ.
قۆچ! کیودۆ لە هاوڕێیەکی پرسی:
-بەلاتەوە چۆنە؟ تۆبڵێی شێوەمان بەقۆچەوە جوان بێت؟
بزنەکێوییەکە وتی:
-بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.
چوو لە لایەک وەستا.
-ها...
شێرەکە دوو قۆچی خستە سەر سەری بزنە نێرەکە


HA-HA!
WOLF

و مێیەکە هیچی وەرنەگرت، چونکە لەلاوە وەستا بـــووو. فیلەکە، شـــێوەی بزنەکێوییەکـــەی بینی، بەهەموو قورسایی لەشییەوە چووە نزیک شێرەکە و وتی:

-منیش قۆچم دەوێ.

دوو قۆچی سپی و جوانی بە دەم هەڵگرتبوو.

شێرەکە نەڕاندی:

-چاوبرسیی ئازا، چونکە ئازابووی، قۆچەکان با لەناو دەمتدا بچەقن و بۆت نییە لەســـەر ســـەرت هەڵیبگری وەک بزنەکێوییەکە.

فیلەکە بەهەناسەبڕکێوە وتی:

-ئەی خودایە، ئێستا لووتم زۆر کورتە، ناتوانم هەناسە بدەم.

شێرەکە، لووتی فیلەکەی راکێشا تا سەر زەوی و وتی:

-ها... ئاوا باشترە.

فیلەکە وتی:

-زۆر سوپاس.

چوو لە لایەک بە دوو قۆچی ســـپی لەناو دەمی و لووتێکی درێژەوە وەستا.

هێشـــتا کۆمەڵێک قۆچ مابوو. کەرکەدەن لەو ناوە دەسووڕایەوە...

-ئۆی! باشـــە، چونکە تۆ لوت لە هەموو شتێک وەردەدەی، قۆچەکە بە لوتتەوە دەنووسێنم.

-ئۆی! نەخێر، نامەوێت هیچ ببەم.

ویستی بە قۆچەکان پەلاماری شێرەکە بدات، بەڵام شـــێرەکە زللەیەکی توندی لێدا، سەری یەکێ لە قۆچەکان پەڕی و لا چاوەکانی ئاوســـا، هەر بۆیە تا ئێســـتاش کەرکەدەن زۆر ناشرینە و قۆچەکانی بەشێوەیەکی نارێک و سەیر بەسەریەوەیەتی.

شێرەکە چووە لای کۆمەڵە دیارییەکی تر، وتی:

-ئەوانەش کۆمەڵێ گوێچکەی جوانن.

شـــێرەکە دوو جووت گوێچکەی درێژی بەدەستەوە بوو و نەشیویســـت دایانبنێتەوە، چونکە پاشـــا کاری لەو جۆرە ناکات.

-ئۆووو! ئەمانە وەرگرن.

خستییە سەری دوو ئاژەڵی نزیک خۆی. ئەوانیش کەر و کەروێشـــک بوون، پێشیان خۆش نەبوایە، دەبوایە هەر بڵێن سوپاس.

شێرەکە وتی:

-نۆرەی ئەوانەیە کە بەرگی جوانیان دەوێت.

لەمەیانـــدا دەبوایـــە وریایـــی و زیرەکیی خۆی بەکاربهێنـــێ، چونکـــە زۆربـــەی ئاژەڵـــەکان مەبەستیادان بوو بە جوانترین شێوە لە بەرچاوی دراوسێکانیان دەرکەون.

پڵنگ، جلێکی پەڵاوی وەرگرت. زێبرا، چاکەتێکی خەت خەت، بەڵام چیرۆکی ئەسپ و گا، چیرۆکێکی درێژ بوو.
ئەسپەکە وتی:
-ئێمە لای جووتیادار لە کێڵگە کار دەکەین.
گاکە وتی:
-دەبێ هەموو رۆژێ بەرگێکی تازە بپۆشین.
ئەسپەکە وتی:
-یەک بەرگ بەشمان ناکات.
گاکە وتی:
-نامانەوێت جووتیادارەکە بە ئێمەی ئاژەڵ پێبکەنێت.
شێرەکە وەڵامی دایەوە:
-باشە، باشە.
شێرەکە، لارولەنجەی ئەسپەکە و دەنگە دلێرەکەی گاکەی بە دڵ بوو، بەشێوەیەکی جوان وتی:
-وەرنە پێشەوە.
یەکەمجار ئەسپەکە هاتە پێشەوە و چەند بەرگێکی وەرگرت: خۆڵەمێشی، کەستانەیی، قاوەیی، سپی وەک بەفر، رەش وەک شەوەزەنگ.
ئەسپەکە زۆر سوپاسی شێری کرد.
ئەسپەکە، بە لەبەرکردن و داکەندنی بەرگەکان ماندوو بوو، جلێکی لەبەرکرد و ئەوانی تری بەسەر منداڵەکانیدا دابەشکرد، بۆیە لەو رۆژەوە ئەسپ تەنها یەک بەرگی هەیە، بەڵام هەر ئەسپە رەنگەکەی لەوی تر جیاوازە.
گاکە، بەرگێکی رەنگاورەنگ و چاکەتێکی سوور و جلێکی رەشی جوانی وەرگرت. ئەویش وەک ئەسپەکەی کرد، یەک بەرگی پۆشی و ئەوانی تری دا بە منداڵەکانی.
کاتێ شێرەکە سەرقاڵی گفتوگۆ بوو لەگەڵ گاکە، دەنگێ لەناو قەرەباڵغییەکەوە شیراندی:
-هۆ... هۆ... ئەی من چی؟ هەموو شتە باشەکان مەدە بە ئەسپ و گاکە.
ئەوە زەڕافە بوو.
شێرەکە وتی:
-چەند چاوقایمە.
بەسەریدا نەڕاندی:
-چۆن دەوێری بەسەر پاشادا دەنگ بەرزبکەیتەوە؟ لەئێستاوە ئیتر قسە ناکەی.
بەو هۆیەوە، زەڕافە دەنگی لەدەست دا. هەروەها بۆ ئەوەش بوو پیشانی ئاژەڵەکانی تر بدات کە نابێ پەلە بکەن.
شێرەکە لەناو قۆچەکاندا گەڕا و دوو قۆچی گونجاوی بۆ گاکە دۆزییەوە و پیایدا. گاکە زۆر

سوپاسی پاشاکەی کرد و ڕۆیشت.
زەڕافەکە ماتیی دایگرتبوو و نەیدەتوانی یەک وشە بڵێت. شێرەکە تاڕادەیەک بەزەیی پێیدا هاتەوە، وتی:
-بەرگێکی تایبەت بۆ تۆ و دوو قۆچی گونجاویش.
زەڕافەکە بەرگەکەی پۆشی و دوو قۆچەکەی دانا. شێرەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەیری زەڕافەکەی دەکرد و وتی:
-ملێکی درێژیشت دەدەمێ بۆ ئەوەی بتوانی لە دوورەوە دوژمن ببینی، هەروەها قاچی درێژیش بۆ ئەوەی بتوانی خێرا رابکەی.
زەڕافەکە، بە دیارییەکانی رازیی بوو.
لەو کاتەی شێرەکە سەری سوڕاند، لەپڕ شتێک لەنێوان چنگی جووڵایەوە
-وەی!
نەڕاندی و بازێکی دا.
پێش ئەوەی تاوانبارەکە بۆی دەربچێ، شێرەکە لەژێر قاچیدا پانیکردەوە و سەریشی ڕەش و شین کردبووەوە. ئەو ئاژەڵە، قومقومۆکە بوو.
شێرەکە وتی:
-ئەوە هەڵەی خۆت بوو، لەمەودوا سەرت هەر بە شینی دەمێنێتەوە.
بەهۆی گەرما و برسێتییەوە، شێرەکە ماندووبوو، (هەنگوینیش خواردنی شێر نییە). ئیتر هەر ئاژەڵە ئەوەی ویستی بردی؛ مەیمونی بابوون، کلکێکی لەسەر شێوەی داس دەستکەوت. کەروێشک و مشکەکوێرە، کلکی درێژیان دەستکەوت، بەڵام نەیانویست و شاردیانەوە. بزن، ریشی دەستکەوت. ئاژەڵەکان بەیەکتر پێدەکەنین، بەڵام شێرەکە دەیوت:
-ئەوەی وەرتانگرتووە، دەبێ بەکاریانبهێنن.
-ئەوانی تر... ئەوانی تر...
بانگی دەکردن.
گامێشی نیل، چوار ددانی قورس و گەورەی وەرگرت. مار، بەهەڵە ئەو دەرمانەی کە لەناو کولەکە زەردەکە بوو و هی شێرەکە بوو لە راوچییەک دزیبووی، بردی و بەیەک قوم هەمووی خواردەوە، لەناو گەدەی وەک ئاگر وابوو، ویستی بیتفێنێتەوە، بوو بە ژەهر. مارەکە وەک شێتی لێهات، لەتاو ئازار، دەیویست هەر بگەزێ، قەپێکی لە قاچی شێرەکە گرت و شێر هاواری کرد، بەڵام هیچ شتێک یارمەتی نەدەدا، لەسەر سک خۆی خشاند و ڕۆیشت. لەو ڕۆژەوە، هەر شتێک ببینێ، دەیگەزێ و ژەهرەکەی بەکاردەهێنێت.
لەلایەکی ترەوە، دەڵەک شووشە بۆنەکەی شێرە

مێیەکــەی دزی و هەمووی بەخۆیــدا کرد، لەتاو بۆنەکە، هەموو ئاژەڵەکان لوتی خۆیان گرتبوو. هەرچی مابــوو لە: قۆچ، ســم، کلکی بچووک و درێژ، بردیان و دوورکەوتنەوە.

چەقەڵ و کەمتیادار وتیادان:

–ئەی ئێمە؟ هیچمان دەستنەکەوتووە.

بەهۆی ئەوەی زۆر بۆڵەبۆڵکەر بوون، شــێرەکە ســەیری ئەملا و ئــەولای دەکــرد و هیلاکی پێوە دیاربوو، ئەوەی مابــوو، تەنها بۆڵە و پێکەنین بوو، بە چەقەڵ و کەمتیاداری وت:

–چیتــان دەوێ بیبــەن و یەک چرکــە لەم ناوە نەمێنن.

ئەو دووانە، ئەوەی مابوو بردیان، بۆیە تائێستا کەمتیادار بەدەنگی بەرز بە ئاژەڵەکانی تر پێدەکەنێ و هیچ دڕندەیەکیش ناتوانێ چەقەڵ بخوات.

لە کۆتاییدا پیرە کیسەڵ گەیشت، هیچ دیارییەک نەمابوو بــۆی، بۆیە تائێســتا بــەو ڕەقەیەوە دەسووڕێتەوە کە تیمساح بۆی دروستکردبوو.

بۆقیش بەهــۆی چاوەڕوانیــی زۆرەوە، گەرمای بووبوو، چووبــوو مەلەیەکی خێرا بکات. کاتێک لەناو ئاو بوو، یەکێک جلەکانی دزیبوو و بێ جل مایەوە، بۆیە تائێســتا شەرم دەکات بێتە بەردەم ئاژەڵــەکان. ئەگەر بیەوێ تۆزێک بێتە بەر هەتاو و خۆی گەرم بکاتەوە، هــەر گوێی لە جوڵەیەک بێت، خــۆی فڕێدەداتەوە ناو ئاو. شــەوان کاتی تاریکی، خۆی و هەڤاڵەکانی دێنە دەرەوە، گوێمان لــە گلەییەکانیانە کە دەڵێن: کــوا، کوا، کوا... بەرگەکانمان کوا.



# بەزمی هەنگەهارە و مەیمون

ناوچە: ڤێندا

سەردەمانێک، مەیمون وەک ئێستا ناسک و باریک نەبوو، بەڵکو ئاژەڵێکی بچووکی ورگ زلی سک مواوی بوو، کەم جوڵە بوو.

بۆ هەنگەهارە خۆش و ئاسان بوو لەدواوە کلکیان رابکێشێ، بەو کردەیە؛ مەیمونەکانی زۆر تووڕە دەکرد. ئەوانیش لەسەر دارەکانەوە تۆوبارانیان دەکرد و کاتێ لەسەر لقی دارێکیش بیویستایە لەبەر خۆر خۆی گەرم بکاتەوە، لقەکەیان لێدەکردەوە.

هەنگەهارە، ئەم کارانەی مەیمونەکانی پێخۆش نەبوو، ویستی تۆڵەیان لێبکاتەوە.

رۆژێک، بە دەنگێکی وەک هەنگوین شیرین وتی:

-هاوڕێ خۆشەویستەکانم، دەمەوێت نهێنییەکی گەورە بەئێوە بڵێم.

مەیمونە بەتەمەنەکە وتی:

-ئاگادارتان دەکەمەوە باوەڕی پێمەکەن، ئەمەش فێڵێکی شەڕانی تریەتی.

بەڵام هەنگەهارە زۆر لە مەیمونەکان پاڕایەوە بەس گوێی لێ بگرن بۆ ئەو نهێنییە تایبەتە. بەهۆی ئەوەی مەیمون بە سروشتی خۆی ئاژەڵێکی نامۆیە؛ بەهێمنی وردە وردە بەسەر دارەکە کەوتن و لێی نزیکبوونەوە.

هەنگەهارە، دیسانەوە بەدەنگێکی شیرینی وەک هەنگوین، وتی:

-هەلێکم بدەنێ با چاکەیەکتان لەگەڵدا بکەم؛ لەسەر ئەو چیایەی بەتەنیشت دەریاچەکەوەیە،



ئەشـــکەوتێکی لێیە، لە قووڵایی ئەشـــکەوتەکە، شانە هەنگی زۆر گەورەی لێیە، پڕن لە هەنگوینی رەنـــگ ئاڵتونی. ئەم نهێنییە، تەنها من دەیزانم، وەرن لەگەڵم رێگەکەتان نیشان دەدەم.

مەیمونەکان ریز بـــوون و بەدوای کەوتن، بیریان لەو خۆشییە دەکردەوە کە چاوەڕوانیان دەکات.

هەنگەهـــارە، مەیمونەکانـــی گەیانـــدە دەم ئەشکەوتەکە. ئەشکەوتەکە، بنمیچەکەی زۆر نزم بوو...

-فەرموون، فەرموون بچنە ژوورەوە.

هەر کـــە مەیمونەکان چوونە ناو ئەشـــکەوتەکە، هەنگەهارە کەوتە تەپەتەپ بە قاچەکانی، دەنگەکە لەناو ئەشکەوتەکەدا دەزرنگایەوە.

-ئۆی خودایە! ئەوە چییە؟

هەنگەهـــارە قیژاندی و وا خۆی نیشـــاندا کە زۆر دەترسێ. هاواری کرد:

-هاوڕێکانـــم وا خەریکە بنمیچی ئەشـــکەوتەکە دەکەوێتە خوارەوە، بەپەلە دەستان بەرز بکەنەوە و رایبگـــرن، وا دەچمە خـــوارەوە کۆڵەکە دەهێنم بـــۆ راگرتنـــی و لە شـــوێنی خۆتان بوەســـتن و دەستەکانتان نەجولێنن، بەتوندی رایبگرن.

مەیمونەکان وەک ئەوەی دوای کرد، بەقسەیان کرد. وەک مردوو وەستابوون و دەستیان بە بنمیچەکەوە گرتبوو، دەترسان برمێ بەسەریاندا.

مەیمونەکان دەیانوت:

-ئای خـــودای گـــەورە! هاوکارمان بـــە، بەڵکو هەنگەهارە زوو بێتەوە و هاوکاریمان بۆ بهێنێت.

هەنگەهارەش رۆیشتە خوارەوە بەرەو دەریاچەکە، لە دڵی خۆیدا دەیوت:

-ئەمانە چ جۆرە ئاژەڵێکن!

دەگەڕا بەدوای شوێنێکی هەتاودا بۆ ئەوەی خەوێکی خۆش لەبەر گەرمیی خۆردا بکات.

لە گەرمیی نیوەڕۆ و ســـاردیی شەو و لەو کاتەی رووناکیی ئەســـتێرەکان لەناو ئاوی دەریاچەکەدا دەدرەوشانەوە، مەیمونەکان وەک بت وەستابوون و جوڵەیـــان نەدەکـــرد، بەهەمـــوو تواناyانەوە بنمیچەکەیان گرتبوو.

کاتێـــک بەرەبەیانـــی، خـــۆر لـــە رۆژهەڵاتەوە دەرکەوت، مەیمونە پیرەکە بیرۆکەیەکی بۆ هات؛ پەنجەیەکـــی بەهێمنی جوڵاند و دواتر ئەوانی تر، دوایی هەموو دەستی لابرد و سەیری مەیمونەکەی تەنیشتی کرد هەموو گیانی ئارەقە و هیلاکە، زانی هەنگەهارە فێڵی لێکردوون، ئیتر یەک لەدوای یەک دەســـتیان هێنایە خوارەوە، کە سەیری جەستەی خۆیانیان کرد؛ گۆڕابوون، ئەو هەموو هیلاکییە، ورگی بچووک کردبوونەوە، قۆڵیان درێژ و باڵایان بەرز بووبوو.



# مۆتلا و فیڕی

ناوچە: بۆتسوانە

سـەردەمانێک لە ناوچەی کالاهاری، ئاژەڵەکان لەگـەڵ یەکتـری گفتوگۆیان دەکـرد. دووان لەو ئاژەڵانە؛ کەمتیادار و کەروێشـکی کێوی، پزیشک بوون، هەرچەندە هاوڕێ بوون، بەڵام کێبڕکێیەکی توند لەنێوانیانـدا هەبوو، زۆر جار گفتوگۆیەکی توندیـان دەبوو بۆ ئەوەی نیشـانی بدەن کامیان زاناترن.

لە یەکێک لە گفتوگۆکاندا کەمتیادارەکە وتی:

–مـن بەتەمەنتـرم، بە سروشـتییش مێشـکم گەورەترە.

کەروێشکەکە وتی:

–وانییـە، توانا و بەرگریی گرنگـە. بۆ نموونە؛ کاممان دەتوانین باشترین دەرمان دروستبکەین کە درێژترین کات بەرگەی تینی ئاگر بگرین؟

کەمتیادارەکە وتی:

–پرسـیارێکی گەمژانەت کرد... ئایا بوونەوەرە کێوییەکان لە کاتی پەیدابوونی مەترسـیی دوای وشـکبوونەوەی گیای بەهارە، بۆ دەرمان دەچنە لای کێ؟

کەروێشکەکە وتی:

–وەرە با توانای خۆمان تاقیبکەینەوە، با چاڵێک هەڵبکەنین و لەناو چاڵەکە شوێنی خۆشاردنەوە دروست بکەین بۆ پاراسـتنی خۆمان، دوای ئەوە لەنـاو چاڵەکە ئاگرێک بکەینــەوە و هەریەکە و شەوێک لەناو ئەو چاڵەدا بمێنینەوە. لەو کاتەدا دەتوانیــن دەرمانەکانمان تاقی بکەینەوە، ئەوەی بتوانێ هەموو شــەوەکە بە بــێ زیان بمێنێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە بەتواناترە.

-بیرۆکەیەکی باشە.
کەمتیادارەکە هاوڕابوو.
دوای ئەوە دەستیانکرد بە هەڵکۆڵین، هەریەکەیان بەپێی سروشتی خۆیان شوێنیان بۆ خۆحەشاردان و بەرگریی گڕی ئاگرەکە دروستکرد.
کەمتیادارەکە وەک سروشتی هەمیشەیی، ئەشکەوتێکی تەنکۆڵەی دروستکرد. کەروێشکەکەش وەک ئەوەی راهاتبوو، کەوتە دروستکردنی لانەیەک بەچەند راڕەوێکەوە.کاتێک کارەکەیان بەدڵی خۆیان تەواوکرد، هەریەکەیان کۆمەڵێک داروپەردوویان کۆکردەوە و خستیادانە ناو چاڵەکە و ئامادەیانکرد بۆ ئاگر تێبەردان.
کەروێشکە کێوییەکە وتی:
-فیڕی، وەک وتت لە من بەتەمەنتری، بۆیە وا باشە من پێش تۆ بچمە ناو چاڵەکە.
هەردووکیان چوونە لای چاڵەکە. کەروێشکەکە لە بەردەم سەرەتای راڕەوەی چاڵەکەی دانیشت لەو کاتەی کەمتیادارەکە خەریکی ئاگرکردنەوەکە بوو، هەر کە ئاگری لە دارەکان بەردا، بەپەلە چووە دەرەوە و لە قەراغ چاڵەکە وەستا و سەیری دەکرد بزانێت چی روو دەدات.
کاتێ دووکەڵی ئاگرەکە گەیشتە کەروێشکەکە، کەروێشکەکە رۆیشتە دوورترین راڕەوی لانەکە کە گڕی ئاگرەکە نەیدەگەیشتێ. پاش کەمێک گەڕایەوە سەرەتای راڕەوەکە و بەترسەوە هاواری دەکرد:
-فیڕی، سووتام.

کەمتیادارەکە وەڵامی دایەوە:
-لەسەر سەر بوەستە.
کەروێشکەکە جارێکی تر سەری لە کونەکە دەرهێنا و دەیزریکاند:
-فیڕی، من هەر دەسووتێم.
کەمتیادارەکە ئامۆژگاریی دەکرد:
-دابنیشە.
بەئازارەوە هاواری دەکرد:
-فیڕی، من هەر دەسووتێم.
کەمتیادارەکە پێشنیازی دەکرد:
-هەوڵبدە بوەستە.
مۆتلا، بە بۆڵەوە و لەهەمانکاتیشدا پێیەکانی خستبووە سەر دەمی بۆ ئەوەی پێکەنینەکەی بشارێتەوە:
-فیڕی، وەستان خراپترە لە دانیشتن، من هەر دەسووتێم.
کەمتیادارەکە وتی:
-باشە، لەسەر لا پاڵبکەوە.
پاش بێدەنگییەکی زۆر، کە ئاگرەکە دامرکایەوە، کەمتیادارەکە سەیری ناو چاڵەکەی کرد، کەروێشکەکە دیارنەمابوو.
کەمتیادارەکە لەبەر خۆیەوە وتی:
-بەدڵنیاییەوە، کەروێشکەکە سووتاوە و مردووە.
گەڕایەوەماڵەوە و دڵخۆش بوو کە ئیتر کەس رکابەریی ناکات لە پیشەکەی.



بەیانیی رۆژی دواتـــر، فێری چووە لای چاڵەکە، خۆڵەمێشـــەکەی لابـــرد، زۆر سەرســـام بوو کە مۆتلای بینی لە لای ڕاڕەوی چاڵەکە دانیشـــتووە، وای پیشاندا کە تاقیکردنەوەیەکی ئاسان نەبوو، وتی:
-بەڵێ، لە خوارەوە زۆر گەرم بوو، بەڵام دەرمانی دژەگەرمییەکەم زۆر باش کاری کرد.
وەرە فێری، ئیتر نۆرەی تۆیە.
دارەکانیـــان لەناو چاڵـــی کەمتیادارەکە ریز کرد بەدڵـــی کەروێشـــکەکە. کەمتیادارەکـــە چووە ناو چاڵە ئەشـــکەوتییەکەی و بـــە ریکی جێگەی خۆی کردەوە. کەروێشـــکەکە گڕی بـــەردا لە دارەکان و کەمێک دوورکەوتەوە و چـــووە قەراغ چاڵەکە بۆ چاودێریکردنی.
هەر زوو کەمتیادارەکە هاواری کرد:
-سووتام.
کەروێشکەکە وەڵامی دایەوە:
-لەسەر پێ بوەستە.
کەمتیادارەکە هاواری دەکرد:
-مۆتلا، من هەر دەسووتێم.
کەروێشکەکە ئامۆژگاریی دەکرد:
-دانیشە.
کەمتیادارەکە دەیقیژاند:
-مۆتلا، من دەسووتێم.
کەروێشکەکە وتی:
-بەپێوە بوەستە.
کەمتیادارەکە بەخەمبارییەوە دەیوت:
-مۆتلا، بەپێوە وەستان خراپترە لە دانیشتن.

کەروێشکەکە دووبارەی کردەوە:
-باشە باشە... وەک من بکە، لەسەر لا پاڵ بکەوە.
کەروێشکەکە لە خۆشیی ئازارەکانی رکابەرەکەی، چەپڵەی لێدەدا. دوای ئەوە زریکەیەک هات و دەنگ نەما.
مۆتلا، بەدڵخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە رۆیشتەوە.
بـــۆ رۆژی دواتر، مۆتـــلا گەڕایەوە بۆ شـــوێنی ئاگرەکە، بینی جەســـتەی کەمتیادارەکە لەبەردەم چاڵە ئەشکەوتییەکەی بووە بە خەڵوز.
کەروێشـــکەکە، گوێچکەیەکـــی کەمتیادارەکـــەی بـــڕی و وەک فیلەکـــە بەکاری دەهێنـــا و ئاوازی خۆشـــی پێ لێدەدا. ئاژەڵەکان، بۆ گوێگرتن لای کۆبووبوونەوە.
کەروێشکەکە کاتێک بینیی گوێگرەکانی زۆر بوون، زۆر لەخۆبایـــی بوو، بە رۆح زلییەکەوە گۆرانیی بۆ دەوتن و دەیوت:
مۆتلا، باشترین پزیشکە لەسەر زەوی
فێری، رکابەرێکی منداڵ بوو
گوێم لێبگرن؛ من ئێستا ئەم میوزیکە بە کونە گوێی ئەو لێدەدەم.
لەو کاتەی بەپۆزێکەوە خۆی بادەدا و شـــانازیی بە سەرکەوتنی بەســـەر کەمتیادارەکەدا دەکرد... تلادی، باڵندەیەکی رەشی قەترانیی بریسکەدار کە وەک رۆژ دەدرەوشایەوە، لە هەورەوە بەرەو لایان هات و نیشتەوە:
-من میوزیکەکەی تۆم پێخۆشە.
هەروەها وتی:

-دەتوانـم لێـت وەربگـرم و منیـش ئاوازێکی دڵخۆشکەرە لێبدەم.
کەروێشکەکە پێدەکەنی:
-چی! فیکەکـەت بەقەرز بدەمێ؟ ئـەوە من نیم، بەدڵنیاییەوە تۆ بەرەو هـەور دەفڕی و دەیبەی. باشە چۆن بتوانم بتگەمێ بۆ ئەو سەرەوە؟
بەڵام تـلادی بـەردەوام بوو لـە داواکارییەکەی و بەڵێنی پێـدا کە لەلایەوە بمێنێتـەوە کاتێ کە ئاوازەکە بەو یارییە جوانە لێدەدا.
-زۆر باشە.
دوای تـۆزێ بۆڵەبۆڵ، بەنابەدڵییەوە فیکەکەی دا بە تلادی.باڵندە درەوشاوەکە، یەکسەر بەڵێنەکەی شـکاند و بەرەو ئاسـمان فڕی و بەدەم فڕینەوە میوزیکی لێـدەدا. دەرکەوت کە هیچ نیەتێکی نییە فیکەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی.
مۆتـلا زۆر توورە بوو، بەتایبەتـی کە گوێی لە پێکەنینـی گاڵتەجاڕانـەی گوێگرەکانی بوو بەو هەموو شانازییەی کە بەخۆیەوە دەکرد.
تۆزێک سـووڕایەوە و نەیدەزانـی چۆن فیکەکەی دەسـتبکەوێتەوە. لـە دواییدا بڕیـاری دا داوای ئامۆژگاری و هاوکاریی لە جاڵجاڵۆکە (سیکۆگۆ) بکات.
لە وەڵامی داواکاریی کەروێشکەکە...
-دەتوانـم تۆڕێک بۆ لەشـت بچنـم، هەروەها راتبکێشم بۆ سەرەوە بۆ لای تلادی.
بـێ دواکەوتن دەسـتیکرد بە چنین بـە دەزووی توندوتۆڵـی باریک بە دەوری لەشـی مۆتلا، تا دڵنیابوو لە سـەلامەتیی تۆڕە ئاوریشـمییەکە. هەروەها کەوتە رستنی دەزووی باریک بەمەبەستی راکێشانی بۆ سەرەوە، ئیتر بەرەو سەرەوە رۆیشت و مۆتلای بەدوای خۆیدا راکێشـا. کاتێ تلادی لە ئاسمانەوە لە ماڵەکەی خۆیەوە سەیری خوارەوەی دەکرد، بینی کەروێشـکەکە بەرەو لای ئەو دەفڕێ بەتەنیشت جاڵجاڵۆکەکەوە، زۆر سەرسام بوو. بەسەرسامییەوە قیژاندی:
-ئـەوە چییە!؟ ئەوە مۆتلا فێری فڕین بووە وەک من؟ دەبێ فیکەکەی بـۆ بگەڕێنمەوە، چونکە ئەو لـە من زۆر زیرەکتـرە! بە ڕێـزەوە فیکەکەی بۆ خاوەنەکـەی گێڕایەوە. لەگـەڵ جاڵجاڵۆکەکە، لەسەرخۆ و بەهێمنیی وردە ووردە بەرەو خوارەوە گەڕانەوە و گەیشـتنە سـەر زەوی. کەروێشکەکە بەختەوەر بـوو بەوەی کە رایەڵەی جاڵجاڵۆکەکە لە خـوارەوە نەدەبینرا، ئاژەڵەکانی سەرسـام کردبوو، وایاندەزانی بەهۆی توانای جادووییەوە توانیویەتی بفڕێ. مۆتلا روویکردە ئەوانەی پێش تۆزێک گاڵتەیان پێدەکرد و وتی:
-وەک بینیتان هاوڕێکانم، تەنانەت تلادیی باڵندە جادووگەرە درەوشـاوەکەش هێنـدەی من توانای نەبوو. بەدڵنیاییەوە، کەس وەک من توانای نییە.
مۆتـلا، لە دڵەوە سوپاسـی سـیکۆگۆی کرد بۆ ئـەو یارمەتییەی کە بـۆ گەڕاندنـەوەی فیکەکە وەریگرتبوو، ئەوەش بووە سـەرەتای هاوڕێیەتی نێوان کەروێشک و جاڵجاڵۆکەکە، کە تائێستاش بەردەوامە.



# شێر، کەروێشك، کەمتیادار

**ناوچە: کینیا**

دەگێڕنەوە؛ شێرێک بەناوی سیمبا، لە ئەشکەوتێکدا بەتەنها دەژیا. لە تەمەنی گەنجێتیدا، ئەو تەنهاییەی بەلاوە ئاسایی بوو، بێزاری نەکردبوو. پێش گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، قاچی بەسەختیی بریندار بووبوو، تاڕادەیەک نەیدەتوانی خواردن بۆ خۆی پەیدا بکات. دوای ئەوە، بۆی دەرکەوت هاوڕێیەتی سوودی خۆی هەیە.

هەموو شتێک بە خراپیی بەڕێوە دەچوو، تا ئەو ڕۆژەی کەروێشک (سونگۆرۆ)، بە لای ئەشکەوتەکەیدا تێپەڕی و سەیری ناوەوەی کرد.

سونگۆرۆ، بینیی شێرەکە زۆر برسیەتی، دەستبەجێ کەوتە بایەخدان بە هاوڕێ نەخۆشەکەی و ئاگاداری پێداویستییەکانی دەبوو. بە چاودێری و ئاگادارییە وردەکەی کەروێشکەکە، سیمبا بەرەو باشتر دەڕۆیشت، تاڕادەیەک دەیتوانی ڕاوی بچووک بکات کە بەشی هەردووکیان بکات. ئەوەندەی نەخایاند، ئێسقانێکی زۆر لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا کۆبووەوە.

ڕۆژێکیان، کەمتیادارێک بەناوی (نیانگاو)، دەسووڕایەوە بەو هیوایەی کە خواردنێک بۆ ژەمی ئێوارەی پەیدا بکات. بۆنی مۆخی ناو ئێسقانەکان، بەرەو بەردەم ئەشکەوتەکەی سیمبا کێشی کرد. دیاربوو نەیدەوێرا بیاندزێ، چونکە دەترسا وەکو هەموو کەمتیادارەکانی تر، ترسنۆکانە بیریکردەوە. تاکە ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی ئێسقانەکان؛ ئەوەیە خۆی بکات بەهاوڕێی سیمبا.

بەخشکەیی چووە بەردەم ئەشکەوتەکە و کۆکەیەکی کرد.



شێرەکە بۆڵەیەکی کرد:
-ئەوە کێیە ئـــەم بۆن بۆگەنە، ئەم ئێوارەیەم لێ تێک دەدا؟
هەستایە سەر پێ و وەستا بزانێت کێیە.
کەمتیادارەکە شـڵەژا، تۆزێـک ئازایەتی هەبوو ئەویشی لە دەست دا...
-من هاوڕێتم نیانگاو، هاتووم پێت بڵێم ئاژەڵەکان بەهـــۆی دووریتـــەوە زۆر غەمبـــارن، چاوەڕێین هەرچی زووە تەندروستیت باش بێت و بگەڕێیتەوە نێوانمان.
شێرەکە وتی:
-باشـــە بڕۆ دەرەوە... لای مـــن، هاوڕێ دەبوایە زووتـــر هەواڵی منیـــان بپرسـیایە. پێش ئەوەی چاوەڕێی چاکەی من بێت، بڕۆ دەرەوە.
-پێت دەڵێم!
کەمتیادارەکـــە بەئارەزوویەکەوە خـــۆی چاککرد و کلکـــە خواروخێچەکـــەی خســـتە نێـــوان دوو قاچـــە قوچاوەکەی، پێکەنینـــە گاڵتەجاڕانەکەی کەروێشکەکەشـــی بەدوادا هات. لەگەڵ ئەمانەش، نەیدەتوانـــی ئـــەو هەمـــوو ئێســـقانەی بەردەم ئەشکەوتەکەی بیربچێتەوە.
-هەوڵێکی تر دەدەم.
چارەیەک بوو لای کەمتیادارە پیست ئەستوورەکە.
دوای چەند ڕۆژێک، کاتێکی دیاریکرد بۆ سەردانی شـــێرەکە، لەو کاتەی کەروێشـــکەکە دەچێت بۆ هێنانی ئاو لە ڕووبارەکە بۆ ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەیان.
بینیی شێرەکە لەبەردەم ئەشکەوتەکە سەرخەوێک دەشکێنێت.
نیانگاو وتی:
-هاوڕێ، باوەڕم وایە برینی قاچەکەت لەسەرخۆ چاک دەبێتەوە، بەهۆی ئەو دەرمانانەی هاوڕێکەت (سونگۆرۆ).
-مەبەستت چییە؟ هەی نەفام.
بەتووڕەییەوە وتی:
-دەبێت سوپاســـی ســـونگۆرۆ بکەم کە نەیهێشت لە خراپترین کاتی نەخۆشـــییەکەم لەبرسا بمرم، لـــەو کاتانەی نە خۆت و نـــە هاوڕێکانت لە هیچ شوێنێک دیار نەبوون.
-هەرچۆنێک بێت، من ڕاستییەکەم پێوتی.
کەمتیادارەکە بەردەوام بوو و وتی:
-لای هەموو خەڵکی گوندەکە ئەم باســـە هەیە و دەڵێن سونگۆرۆ چارەســـەری هەڵەت دەداتێ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە چاکبوونەوەت بگرێ، چونکە ئەگەر تۆ باش بیـــت؛ ئەوا پێگەکـــەی وەک یاریدەدەرت لەدەست دەدا، کە ژیانێکی پڕ ئاسوودەییە بۆ ئەو، دڵنیابە من ئاگادارت دەکەمەوە هاوڕێ بەنرخەکەم کە سونگۆرۆ بۆ بەرژەوەندیی تۆ کار ناکات.
لە کاتی ئەو مشتومڕە، کەروێشکەکە لە ڕووبارەکە گەڕایەوە. پاش ئەوەی گۆزە پڕەکەی ســـەر شانی

دانا، روویکردە کەمتیادارەکە و وتی:
-من چاوەڕێ نەبـــووم بگەڕێیتەوە، پاش ئەوەی سەرزەنشـــتمان کردی، پێم بڵێ ئەم جارە چیت لە ئێمە دەوێ؟
سیمبا رووی کردە کەروێشکەکە و وتی:
-گوێم لە فشەکانی دەگرت کە باسی تۆی دەکرد، پێیوتم تۆ پزیشـــکێکی فێڵبازیت، تۆ ناوبانگێکی گـــەورەت لای خەڵکـــی گوندەکە هەیـــە، دەمێکە دەتوانی چارەســـەرم بکەیت، بەڵام بەمەبەســـت نەتکردووە لەبەر بەرژەوەندیی خۆت... ئایا ئەمە راستە؟
ســـونگۆرۆ کەمێک بیریکـــردەوە، زانیی دۆخەکە ئاڵۆزە و دەبێـــت بەئاگادارییـــەوە رەفتار بکات. هەروەها زانی کە کەمتیادارەکە داوی بۆ ناوەتەوە، بەنابەدڵییەوە وتی:
-بەڵێ وایە، من تەنها ئاژەڵێکی بچووکم، هەندێ جار کە هەســـتدەکەم دەرمانێک پێویستە، دەبینم زۆر لە دەســـەڵات و توانای مـــن گەورەترە، وەک دۆخەکەی جەنابت، گەورەم سیمبا.
-مەبەستت چییە؟
شێرەکە بەبایەخەوە گوێی بۆ گرت.
کەروێشک وەڵامی دایەوە:
-ئەوەی دەمەوێت پارچەیەکی گەورەیە لە پێستی پشـــتی کەمتیادار، بۆ ئەوەی بیخەمە سەر برینی قاچت و بەتەواوی چاکبێتەوە.
هەر کە ئەوەی گوێ لێ بوو، شێرەکە چوو بەدوای نیانـــگاو پێش ئەوەی دووربکەوێتـــەوە پەلاماریدا و پارچەیەک لە پێســـتی هـــاوڕێ دەبەنگەکەی لە ســـەریەوە تا کلکی دادڕی و لەســـەر برینی قاچی داینا.
لە دوای چاکبوونەوەی پێستی پشتی کەمتیادارەکە، مووەکانی بە رەقی و بەرەو سەرەوە و هاتنەوە کە تا ئەمڕۆ مووی پشتی کەمتیادارەکان بەو شێوەیە رەق وەستاون لەسەر پشتە ناڕێکەکەی.
دوای ئـــەو رووداوە و چاکبوونەوەی برینی قاچی شێرەکە، ناوبانگی ســـونگۆرۆ وەک پزیشکێک تا ناوچەیەکی دوور و فراوانتر رۆیشـــتبوو، ئەوەش وای کرد، چەند هەفتەیەک کەمتیادارەکە لە رووی نەیەت خۆی دەربخات.



# نیما

ناوچە: لیۆتۆ

خەڵکە بەتەمەنەکان، چیرۆکـــی نیما دەگێڕنەوە؛ ئەو منداڵەی کە گوێی لـــە ئامۆژگاریی گەورەکان نەدەگرت.

رۆژێک، دایکی نیما بانگی دەکات:

–هۆ... هۆ! نیما.

–بەڵێ دایە، وا دێم.

کاتێ گەیشتە لای دایکی، دایکی پێیوت:

–گوێبگرە کچە خۆشەویســـتەکەم، ئەم سەبەتەیە ببە و برۆ لەناو کێڵگەکە رەگ و گەڵای ســـپێناخی کێوی کۆبکـــەرەوە و بیهێنەرەوە تا خواردنتان بۆ ئامادە بکەم.

نیما ســـەبەتەکەی برد و رۆیشت بۆ کێڵگەکە. زۆر دوورکەوتەوە تا شوێنێکی باشی دۆزییەوە پڕ بوو لـــە رەگ، کەوتە هەڵکۆڵین و هەڵکەندن، هەر کە رووەکێکی رەگی دەدۆزییەوە، بە گیاکان قوڕەکەی لێدەکردەوە و دەیخستە ناو سەبەتەکەوە.

دوای ماوەیـــەک، لیدیمـــۆ (دێویکـــی مرۆڤخۆرە) گەیشـــت، نیمای بینی و نیماش ئەوی بینی. زۆر ناشـــرین بوو، هێندەی دارێک دەبوو، رەش وەک شەوەزەنگ، ددانەکانی وەک کەڵبەی بەراز گەورە بوون.

دێوەکە قیژاندی:

–هێ ێ ێ... نیما، بۆ وا زەوی هەڵدەکۆڵی؟

دەنگی وەک دەنگی باڵندەی پەلکەزێڕینە بوو کاتێ دێتە ســـەر زەوی بۆ ئەوەی هێلکەکەی بخاتە نێو بەردەکان، بـــەڵام نیما لێی نەترســـا و تەنانەت وەڵامیشی نەدایەوە.

جارێکی تر قیژاندی بەسەریا:



-هێ ێ ێ... نیما، بۆ وا زەوی هەڵدەکۆڵی؟
ئەمجارەیـــان وەڵامی دایەوە، بــە دەنگێک وەک دەنگی ڕەشەبایەک دەیدا لە کێڵگەکە:
-من زەوی هەڵدەکەنم بــۆ ڕووەکی ڕەگ کـە هی لیدیمۆیە و گەڵای ناسـکی سـپێناخ لێدەکەمەوە کە لای زبڵی ئاژەڵــەکان ڕوواوە.دێوەکە چوو بۆی بیگرێت و بیخـــوات. نیما بەخێرایی بۆی دەرچوو، وەک مشـــکی کێوی خـــۆی خزاندە نـــاو ئەو چاڵە بچووکەی کە ڕێوی چاڵی کردبوو. زۆر بچووک بوو بۆ لیدیمۆ، دێوە گەورەکە نەیتوانی بیگرێت.
دێوەکە بەدەنگێکی زۆر بەرزەوە وتی:
-بـــەس ببینە! من زیرەکـــم، ڕێگەیەک دەدۆزمەوە بتگرم. لێوەکانی لێکدەدا و تفەکەی قوت دەدایەوە، دەنگەکـــەی وەک دەنگی بۆق وابوو کاتێ خۆی فڕێ دەداتە ناو قووڵایی ئاوەوە.نیما، پێکەنینی پێدەهات و گاڵتەی پێدەکرد و ڕقی هەڵدەستاند و پێیدەوت:
-تۆ لە خشۆکی بۆگەن دەچیت. سای سای سای... کگو کگو کگو، سای... سای.
دێوەکــە بـــەو دەنگە ڕقـــی هەڵدەســـتا و ئازاری گوێیەکانـــی دەدا وەک ئەوەی کێـــچ چووبێتە ناو گوێیەکانی.
دێوەکـــە گەڕایەوە ماڵەوە بۆ ئـــەوەی چیتر گوێی لەو دەنگە نەبێت.

وەک مشـــکەکوێرە، کچـــە هاروهاجەکە ســـەری لــــە چاڵەکە هێنایـــە دەرەوە، کە بینـــی دێوەکە ڕۆیشـــتووە، بەپەلە هاتە دەرەوە و بەسەر گیا و نێوان دەوەنەکاندا گەڕایەوە ماڵەوە.
کچەکە وتی:
-دایە، ئەمە ڕەگەکان و گەڵای سپێناخ.
دایکی پێیوت:
-کچە شیرینەکەم، لەکوێ بووی وا دواکەوتی؟
-ئۆی دایە! زۆر دوور ڕۆیشـــتم، چـــووم بۆ ناو کێڵگەکەی لیدیمۆ.
-ئۆی! نا، نا، وا مەڵێ، بۆ تۆ گوێ ناگری؟ ئایا بە منداڵیـــی بەراز گوێچکەی گەزتـــووی؟ پێموتی دوورکەوە لێی.
کچە هارەکە وەڵامی دایەوە:
-ها، وەڵڵا من لێی ناترسم!
-چۆن دەبێ نەترســـی؟ گەورەترە لە گەورەترین دەســـەڵاتدار، بەهێزتـــرە لە هەموو گامێشـــێک، مەترســـیدارترە لە گەورەترین ماری کوڵەوەیباب کە لە کاولەیەک خۆی لول دابێ.
-ســـەیرم بکە! راســـتە من زۆر بچووک و لاوازم، بەڵام زۆر لەو دێوە زیرەکترم. ئەو ناتوانێ بمگرێ، چونکە من وەک ڕێوی زیرەکم.
دایکەکە بەسەریا قیژاندی:

–ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ بۆ گوێ ناگری و بەقسەم ناکەی؟

–دایە، من دەزانم ڕێوی چۆن ئیشی خۆی دەکات، من لەو چاڵەی سەر زەوی خۆم دەشارمەوە کە ڕێوییەکە بەپێیەکانی بۆی چاڵکردووم. هەرچەند دێوەکە ترسناکترینە، بەهێزترینە، بەڵام ناتوانێ بێتە ناو چاڵەکە. بە (سای سای سای... کگو کگو کگو، سای... سای) تووڕەم کردبوو.

–دوای ئەوە چی ڕوویدا ڕۆڵەکەم؟

–زۆر تووڕە بووبوو، بە قاچەکانی دەیدا بەزەویدا وەک گامێشی هار چۆن بە سمەکانی بم... بم... بم بەزەویدا دەدا.

دایکەکە جارێکی تریش کچەکەی ئاگادار کردەوە، بەڵام نیما هیچی لە ڕێنماییەکانی دایکی وەرنەگرت. بەیانیی زووی ڕۆژی دواتر، لەو کاتەی دایکی بەگۆزەیەکەوە چوو بۆ ئاوهێنان. نیما سەبەتەکەی برد و ڕایکردەوە بۆ کێڵگەکەی لیدیمۆ، بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و لێکردنەوەی گەڵای سپێناخ.

لیدیمۆ کە نیمای بینی لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و زەوییەکە هەڵدەکەنێت، هاواری کرد:

–هۆ... هۆ... تۆ بۆ بەم بەیانییە زووە زەوییەکە دەکێڵی؟

–من زەوییەکە هەڵدەکۆڵم، دەگەڕێم بەدوای ڕەگەکان لە کێڵگەی لیدیمۆ، دواییش لەو ناوە گەڵای سپێناخی کێوی کۆدەکەمەوە.

دێوەکە چوو بیگرێ، کچەکە وەک مشکەکوێرە بۆی دەرچوو و ڕایکردەوە ناو چاڵی ڕێوییەکە و وتی:

–لێرە ناتوانێ بمگری.

لیدیمۆ تووڕە بووبوو، لە دوورەوە بۆنی دەکرد و بیری لەو گۆشتە تەڕوبڕەی نیما دەکردەوە و دەشیتوانی گوێی لە دەنگی بێت لەناو چاڵە ڕێوییەکە.

– سای سای سای... کگو کگو کگو، سای... سای.

ئەو دەنگە وەک تیر بەر گوێیەکانی دەکەوت.

لیدیمۆ، لە دڵی خۆیدا دەیوت:

–من زۆر زیرەکم، لە ڕێویش وریاتر و فێڵبازترم، بەڵام نیما ئەمە نازانێت.

زۆر لێی تووڕە بوو، بەڵام هیچی نەدەوت و لە دەرەوەی چاڵەکە وەک ژنێکی پیر کە چاوەڕێی خواردنە منداڵەکانی بۆی بهێنن، دانیشتبوو. وەک پشیلە لەبەردەم کونە مشک دانیشتبوو و چاوەڕێبوو.

نیما زۆر لەو فێڵبازتر بوو، زیرەک وەک مشک، بۆیە دانیشتبوو و بەهێمنیی چاوەڕوان بوو.

لیدیمۆ، بیری لە پلانێک کردەوە بتوانێت بیهێنێتە دەرەوە:

—نیما، دەبێت بێیتە دەرەوە، ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمانە، دایکت لەسەر بەردێکی گەورە وەستاوە و بەدواتا دەگەڕێت، چاوەڕێی ڕەگەکان و گەڵای سپێناخی کێوییە، چونکە برسیەتی.

— سای سای سای... کگو کگو کگو...

بەو دەنگە، رقی دێوەکەی هەڵدەستاند.

لیدیمۆ، ئەوەندە تووڕە بوو، لەتاوا کەوتە سەر زەوی وەک ئەوەی ڕەشەبا دارێکی خستبێت، گرمەی لێوە هات. نیما زانیی کە نەمردووە، بەهێمنیی وەک مشک لە چاڵەکەدا دانیشتبوو. کاتێک برسی بوایە، لەو ڕەگانەی دەخوارد کە کۆی کردبوونەوە و لە شوێنی خۆشاردنەوەکە مابووەوە.

لیدیمۆ، بیرۆکەیەکی تری بۆ هات؛ ویستی لاسایی دەنگی دایکی نیما بکاتەوە، بە تۆنێکی بەرز وتی:

—هۆ... هۆ... نیما، ڕۆڵەکەم لەکوێیت؟ وا خەریکە ڕۆژ ئاوا دەبێت.

بەڵام نیما گەمژە نەبوو، پێکەنینی پێدەهات. دیسانەوە بەو دەنگانە تووڕەی دەکردەوە:

—ئۆی! تۆ دایکمی؟ تۆ زۆر ناشرینی وەک مەیمون، ددانەکانت وەک ددانی بەراز وایە، ورگت وەک کوبەی ترشیاتە، لەبیری خۆتی بەرەوە لاسایی دایکم بکەیتەوە. لیدیمۆ، بەهێمنیی دانیشتبوو و گوێبیستی ئەو قسانە بوو و بەردەوام بوو لە بیرکردنەوە.

ئەم جارەیان دەنگی خۆی ناسکتر کرد و بانگی دەکرد:

—نیما، ڕۆڵە خۆشەویستەکەم لەکوێیت؟ درەنگە، وا خەریکە خۆر ئاوا دەبێ.

— سای سای سای... کگو کگو کگو، سای... سای.

دووبارەی دەکردەوە و تووڕەتری دەکرد.

—دەنگت ئەوەندە گڕە وەک بەرد وایە کە لە شاخ دەکەوێتە خوارەوە، دەنگی دایکم ئەوەندە نزمە وەک لمی ورد وایە کە بە ئاو دەشۆرێتەوە.

ئەم جارەیان ئەوەندەی تر دەنگی نەرمکردەوە و وتی:

—نیماکەم، وەرە ماڵەوە، من چاوەڕێی ڕەگ و گەڵاکانم، وا ڕۆژ لەسەر شاخە بۆ ئاوابوون.

بەڵام دەنگەکە هێشتا گڕ بوو، هیچ لە دەنگی دایکی نەدەچوو.

لەناو چاڵەکەوە نیما وەڵامی دایەوە:

—لیدیمۆ، بڕۆ بنوو... پێموتی کاتێ دایکم قسە دەکات، دەنگی وەک لمی ورد وایە، تەنانەت پێیە نەرمەکانی منداڵێکی ساوا کە تازە سەرپێ دەکەوێت، بەسەریا بڕوات ئازاری نادات.

کاتێ ڕۆژ لە سەری چیاکە نەما و ئاوابوو، لیدیمۆ گەڕایەوە ماڵەوە. نیماش وەک مشک بەهێمنی لە چاڵەکە هاتە دەرەوە و بە ڕاکردن گەڕایەوە کوخەکەی خۆیان.

ئەو شـــەوە، لیدیمـــۆ بیرۆکەیەکـــی ژیرانەی بۆ هات، بەتاریکیی وەک کەرویشـــکە کێوی ڕۆیشت بەرەو لای چاڵەکەی نیما و بەدەســـتە گەورەکانی چاڵەکـــەی پڕکرد لە بەرد، تەنها جێگەی ســـەری نیمای تیادا دەبووەوە. ئەمەی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و خەوت.

بەیانیـــی زوو، کچە گوێنەگرەکە ڕۆیشـــتەوە بۆ هێنانی ڕەگ و سپێناخ لە زەوییەکەی لیدیمۆ.

لیدیمۆش زوو ماڵەوەی جێهێشت بۆ ئەوەی کچەکە بگرێ، هاواری کرد:

–هـــۆ... هـــۆ... ئەوە چـــی دەکەی؟ بـــۆ زەوی هەڵدەکۆڵی؟

–من لە زەوییەکەی لیدیمۆ دەگەڕێم بەدوای ڕەگ و زەوییەکە دەکۆڵم.

لیدیمۆ تووڕە بوو و تۆمەتباری دەکرد.

نیما وەک مشکەکوێرە ڕایکردەوە بەرەو چاڵەکەی، نەیدەزانی پڕکراوە لە بەرد. دەیویست وەک مشک بخزێتە ناو چاڵەکە، بەڵام تەنها جێگەی ســـەری دەبووەوە، هەموو لەشی لە دەرەوەی چاڵەکە بوو.

–ها... ها.... ها...

لیدیمـــۆ بەدەنگە گڕەکەی کـــە وەک دارمانی بەرد وابوو لەسەر چیاکانەوە، پێدەکەنی.

–ها... ها... ها...

پێدەکەنـــی و لێوەکانی لێـــک دەدا کە وەک دەنگی شڵپەشڵپی ئاو وابوو کاتێ منداڵ مەلە دەکەن.

لیدیمـــۆ زەبـــەلاح و بەهێـــز و مەترســـیدارەکە، منداڵەکـــەی گرت کە گوێی لـــە ئامۆژگارییەکانی دایکی نەدەگرت، خستییە ناو تورەکەیەک.

نیما دەگریا:

–هۆ... هۆ... هـــۆ... دووبارەی ناکەمەوە تا پیر دەبم، تـــا ئەو ڕۆژەی قاچەکانـــم بەپێوە بن، تا ئـــەو ڕۆژەی ددانەکانم یەک بـــەدوای یەک وەک گەڵا هەڵدەوەرن، تا ئـــەو کاتەی چاوەکانم وەک سپیپێســـتەکان شین دەبن، من ئیتر هەرگیز نایەم بگەڕێم بەدوای ڕەگەکان.

بەردەوام بەدەم گریانەوە دەیوت:

–تکایە بەرەڵام بکە!

بەڵام لیدیمۆ گوێـــی بۆ نەدەگرت، تەنانەت گوێی نەدەدا بەگریانەکەشی، تەنها گوێی لە (سای سای ســـای... کگو کگو کگو) دەبوو. سەری تورەکەکەی گرێ دا و بەسەر شانی خۆیدا دا و ڕۆیشتەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی، بۆ ئەو شوێنەی بتوانێ بەهێمنیی کچەکە بخوات.

ئەوە کۆتایی چیرۆکی منداڵێک بوو، کە گوێڕایەڵ نەبوو و بەقسەی گەورەکانی نەدەکرد.



# کامیۆی رووبار

**ناوچە: خۆسا**

رۆژێک لە رۆژان، پیاوێکی بەتەمەن هەبوو، گایەلێک و رانەمەڕ و بزنێکی زۆری هەبوو، تەنها یەک شتی کەم بوو، ئەویش ژنی نەبوو.

رۆژێکیان، بەناو دۆڵێک بۆ لای رووبارەکە بەرەو خوارەوە رۆیشت، بەدەم رێگەوە لە دڵی خۆیدا وتی:

–بەڕاستی ئیتر دەبێت ژنێک پەیدا بکەم، دەنا ئەوەندەی تر پیر دەبم، باشە چی بکەم؟

لە قەراغ رووبارەکە دانیشت، لەوبەری رووبارەکە، دارێکی گەورەی زۆر جوانی پڕ گەڵای سەوزی بینی...

–ئەها! وا باشە لەسەر ئەو دارە پەیکەری ژنێکی گەنجی جوان هەڵبکۆڵم.

یەکسەر هەستا و داس و پیکەکەی لەگەڵ خۆی برد و چوو بۆ لای دارەکە، کەوتە تاشینی پەیکەری ژنێکی جوان وەک شێوەی ئەو جوانییەی کە لە خەیاڵیدا بوو. دوای تەواوکردنی، پەیکەرەکە ئەوەندە جوان بوو، پیاوەکە بەدیارییەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستیدا لە چاوەکانی، هەر بەو دەستلێدانە، پەیکەرەکە رۆحی هاتە بەر...

–ئۆف کە جوانە! ئیتر ئەمە ژنی منە.

دوای ئەوە پێیوت:

–نابێت هەرگیز باسی ئەوە بکەیت کە لەکوێوە هاتوویت، ئەگەر هاتوو پرسیاریان لێکردی؛ ئەوا تەنها بڵێ من کامیۆم، کامیۆی رووبار.

پیاوەکە، کامیۆی بردەوە ماڵەکەی، تاج و



تارایەکـــی جوانی بووکێنی پێدا لەســـەر ســـەری دابنێ، هەروەها پۆشـــاکێکی جـــوان و جێگەیەکی خۆش و هەموو پێداویســـتییەکانی بۆ دابین کرد. ئیتر بەیەکەوە زۆر بەخۆشیی دەژیان.

رۆژێکیـــان، هەنـــدێ پیـــاوی گەنج بـــەو ناوەدا تێپەڕین، کامیۆیان بینی بەو هەموو جوانییەوە، یەکێکیان وتی:

–چۆن دەبێت پیاوێکی وا بەتەمەن ژنێکی وا گەنج و جوانی هەبێت؟ ئەمـــە نارەوایە، با بیفڕێنین و بیبەین بۆ گوندەکەی خۆمان.

پیاوە گەنجەکان، گرتیادان و بردیان بۆ گوندەکەی خۆیان کە لەودیوی گردێک بوو.

پیـــاوە بەتەمەنەکـــە زۆر خەمبار بـــوو، کە ئەو گەنجە بەهێزانە ژنەکەیان بردووە. بیریدەکردەوە چی بکات باشە؟ بیرۆکەیەکی بۆ هات! ئەو پیاوە، دوو کۆتری هەبوو، بانگیکردن و پێیوتن:

–لەبەر خاتری من بفڕن بۆ ئەودیو گردەکە و بچنە ئەو گوندەی کە ژنەکەمیان لێداناوە، گۆرانییەکتان فێر دەکەم بۆی بڵێن و تـــارای بووکێنییەکەیم بۆ بهێننەوە.

دوو کۆترەکـــە فێـــری گۆرانییەکە بـــوون و فڕین و گردەکەیـــان بڕی و لەســـەر پەرژینی ئەو باخە نیشـــتنەوە کە ژنەکەی تیـــادا زیندانیی کرابوو، کەوتنە گۆرانی وتن:

کامیۆ... کامیۆ

ئێمە لەلایەن پیاوەکەتەوە نێردراوین

کامیۆ... کامیۆ

ئەو وتی بێین بۆ لات

کامیۆ... کامیۆ

تاراکەتی بۆ بەرینەوە... تاراکەت

کە پیاوە گەنجەکان گوێیان لە گۆرانیی کۆترەکان بوو، وتیادان:

–باشە، تاراکەیان بدەرەوە بابیبەنەوە، زۆرمان هەیە، ئێمە تەنها تۆمان دەوێت.

تاراکەیان دا بە کۆترەکان و فڕینەوە بۆ لای مێردی ژنەکە.

رۆژی دواتر، پیاوەکـــە بانگی کۆترەکانی کردەوە و وتی:

–ئەمڕۆ دەبێت بچنەوە و دوای تاجی بووکێنییەکەی بکەنەوە.

دیســـانەوە فڕینەوە بەســـەر گردەکەدا و لەسەر پەرژینەکە نیشتنەوە و کەوتنە گۆرانیی وتن:

کامیۆ... کامیۆ

ئێمە لەلایەن پیاوەکەتەوە نێردراوین

کامیۆ... کامیۆ

ئەو وتی بێین بۆ لات

کامیۆ... کامیۆ
تاجی بووکێنییەکەی بۆ بەرینەوە... تاجی بووکێنی
پیاوە گەنجەکان وتیادان:
-تاجەکەت بگەڕێنەوە، پێویستمان پێی نییە، ئێمە تەنها تۆمان دەوێت.
هەموو رۆژێک کۆترەکان گردەکەیان دەبڕی و دەچوونە لای کچەکە و داوای شتێکی تریان دەکرد کە لای کچەکە بوو. تا لە کۆتاییدا مێردەکەی بە کۆترەکانی وت:
-کۆترەکانم، دەبێت بڕۆنەوە و داوای ژیانی بکەن.
کۆترەکان فڕینەوە بۆ لای کچەکە، ئەم جارەیان کچەکە لە دەرەوەی کوخەکە لەناو باخەکەدا دانیشتبوو. کۆترەکان لە باوەشیدا نیشتنەوە و کەوتنە گۆرانیی وتن: کامیۆ... کامیۆ
ئێمەی لەلایەن پیاوەکەتەوە نێردراوین
کامیۆ... کامیۆ
ئەو وتی بێین بۆ لات
کامیۆ... کامیۆ
ژیانتی بۆ بەرینەوە... ژیان
لەو کاتەی کۆترەکان گۆرانییەکەیان دەوت، هەردووکیان دەنووکیان لە چاوەکانی کچەکە دا، یەکسەر کامیۆ بووەوە بە پەیکەر؛ یەکەم جار پێیەکانی کەوتن، دوای ئەوە قاچەکانی، دواتر دەستەکانی و ئینجا سەری، دوای هەمووان لەشی گلۆربووەوە و وردە وردە بەرەو لێژایی تا گەیشتە ناو رووبارەکە، هەر کە بەر ئاوەکە کەوت، بووەوە بە دار و گەڵا سەوزەکانی پەیدا بوونەوە. لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ، کامیۆ هەر لەو شوێنەدایە.



# کەروێشکی کێوی و ڕۆحی دارەکان

**ناوچە: خۆسا**

جارێکیان، لە تاریک و روونی بەربەیانییەکدا، پیرەژنێکی لاواز، لە ئاهەنگێکی ژنهێنان لە گوندێکی نزیک، دەگەڕایەوە بەرەو ماڵەوە.
لە ڕێگە کەوت بەسەر قاپێکی شکاودا، کە لەسەر ڕێگەکە فڕێدرابوو و قاچی بریندار کرد. لەتاو ئازار هاواری کرد:
–ئەی خودایە، ئەوە کام گەمژەیە پاشماوەی قاپێکی شکاوی لەسەر ڕێگەی هاتوچۆی خەڵکی فڕێداوە؟
بەتووڕەیەوە خۆی هەڵساندەوە و کەوتە نزا لێکردن:
–دەگ خودایە، هەر کەسێ ئەم کارە نابەجێیەی کردووە منی تووشی ئەم بەڵایە کرد، یەکەم منداڵی کەڕولاڵ بکەی و چاک نەبێتەوە تا گەمژەیەکی تر کارێکی گەمژانە بکات بەرامبەریان، ئەوسا نزاکە بەتاڵ بێتەوە.
بەشەلەشەل گەڕایەوە ماڵەوە.
لەو ناوچەیە، پیاوێکی زۆر ئیشکەر بەناوی (دۆندو)، لەگەڵ ژن و کچە تاقانە حەوت ساڵانەکەیان دەژیان، بەهۆی ماندووبوونێکی زۆرەوە، توانای داراییان زۆر باشبوو.
ئەو بەیانییە، کاتێک هەستان لە خەو، بینییان کچە تاقانەکەیان (تیمبا)، ناتوانێ قسە بکات و گوێی لە هیچ بێت. ئەوەندە خەمبار بوون،



نەیاندەزانی لەتاو ئەو هەستە پڕئازارە چی بکەن، بێدەسەڵات بوون.
لەیەکتریان دەپرسی؛ دەبێ کێبێ ئەم نزا خراپەی لە کچەکەمان کردبێ؟
راوێژیان بە چەندین پزیشک کرد، نەیانتوانی کچەکەیان چاک بکەنەوە.
ساڵان تێپەڕی، تیمبا گەورە بوو و بوو بە کچێکی زۆر جوان، بەڵام کەڕولاڵ.
دایک و باوکەکە بێهیوا بوون لەوەی کچەکەیان بتوانێ شوو بکات بە کوڕێکی گەنجی وەک خۆیان دەوڵەمەند. ترسەکەیان لە جێگەی خۆیدا بوو، بەهۆی بڵاوبوونەوەی گرفتی کچەکەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو خەڵکدا، هیچ لاوێکی دەوڵەمەند نەدەهات بۆ داواکردنی.
لاوێک هەبوو بەناوی (ئادەم)، جوانیی ئەو کچە، دڵی بردبوو، ئارەزووی دەکرد بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی بدات. بیریکردەوە:
-ئەگەر بتوانم دیارییەک ببەخشم بە رۆحیانەتی دارەکان، رەنگە بەزەییان بە جوانیی ئەو کچەدا بێتەوە و ئەو نزا خراپەی لەسەر لابچێ.
بۆ ئەوەی کەس بەو کارەی نەزانێ، شەو چووە لای دارێکی گەورە و دانیشت، چیرۆک و کێشەی تیمبای بۆ دارەکە گێڕایەوە. لەژێر دارەکە، لانەی کەروێشکێکی لێبوو، کەروێشکەکە گوێی لە هەموو چیرۆکەکە بوو و خەوی لێ هەراسان بوو. ویستی هەندێ گاڵتە بە ئادەم بکات.
دەنگی خۆی گڕ کرد و وتی:
-کە تۆ ئەم داوایە لە من دەکەی، ئەی تۆ لەبەرانبەردا چی بۆ من دەکەی؟
دوای تۆزێ سەرسامی، ئادەم وتی:
-تۆ ئەو کارە بکە، من بەخۆشحاڵییەوە لەبەرامبەردا هەر داوایەکت هەبێ جێبەجێی دەکەم.
کەروێشکەکە کە خۆی وا لێکردبوو گوایە دارەکەیە، وتی:
-دەبێت هەموو رۆژێک سەوزەی زۆر و تازە، هەروەها تووی شیرین بهێنی و لەژێر دارەکەدا جێیبهێڵی، منیش بیر لە چۆنێتی چارەسەری ئەو کچە دەکەمەوە.
بەو هیوایەی کچەکە چاکبێتەوە، هەموو رۆژێک سەوزەی تازە و تووی شیرینی لەژێر دارەکە دادەنا. هەموو رۆژێک کەروێشکەکە چێژی لەو خواردنانە دەبینی کە لەژێر دارەکەدا بۆی دادەنرا.
رۆژێک ویژدانی کەروێشکەکە جوڵا، چونکە کەروێشکێکی خراپ نەبوو. بڕیاری دا لە نزیکەوە کچە نەخۆشەکە ببینێ و بیناسێ و چارەیەک بۆ

کەڕولاڵییەکەی بدۆزێتەوە بەهۆی ئەوەی باوەڕێکی تەواوی بە تواناکانی خۆی هەبوو.
ڕۆژی دواتر، چوو بۆ سەر زەوییەکانی دۆندو کە بە هەرزن چێندرابوون. کەروێشکەکە ئەو ناوە باش شارەزا بوو، چەندین جار خواردنی لە زەوییەکەیان دزیبوو. لە کێڵگەکە تیمبای بینی خەریکی ناشتنی شەتڵی هەرزن بوو، کەروێشکەکە لە کچەکە نزیکبووەوە و پێیوت:
-دەتوانم هاوکارتبم.
بەڵام کچەکە نە گوێی لێ بوو و نە سەرنجی ڕاکێشا و بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی.
کەروێشکەکە بیرۆکەیەکی بۆ هات، بەڵکو بەو هۆیەوە بتوانێ سەرنجی کچەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ، چوو هەندێک لەو شەتڵانەی کە لە لایەکەوە کۆمەڵ کرابوون، هێنای و بەدوای کچەکە کەوتە ناشتنی بە سەربەرەوژێری، ڕەگی شەتڵەکە بۆ سەرەوە و گەڵاکانی بۆ خوارەوە. کاتێک تیمبا لە گۆلەکەی خۆی تەواو بوو و ئاوڕی دایەوە ڕیزی دوای ئەو بچێنێ، بینیی کەروێشکەکە شەتڵەکان سەربەرەوژێر دەچێنێ، دەستی بەرزکردەوە و هاواری کرد:
-هەی گەمژە! ئەمە چیتکردووە؟
یەکسەر حەپەسا و سەرسام بوو...
-ئەمە چییە؟ دەتوانم قسە بکەم! دەنگم بۆ گەڕاوەتەوە!
بێڵەکەی بەدەستییەوە بوو بۆ کەروێشکەکەی فڕێدا و ڕایکرد و دەیقیژاد و دەگەڕا بۆ ئەوەی دایک و باوکی بدۆزێتەوە و ئەو هەواڵە خۆشەیان پێ بڵێت.
کەروێشکەکە بە بۆڵەیەکەوە وتی:
-ئەمەیە مرۆڤ! تەنانەت سوپاسێکیشی نەکردم، دەپرسم تۆ بڵێی ئادەم ئیتر خواردنی تەڕ و تازەم بۆ بهێنێت؟



# کوللەحاجی و مانگ

**ناوچە: سان**

ڕۆژێـــک لـــە ڕۆژان، کوللەحاجییـــەک هەبوو، ئاواتەخواز بوو مانگ بگرێت و لەسەری دابنیشێت و هەموو شەویک گەشت بەئاسماندا بکات. ئەوسا ئاژەڵەکان دەڵێن: «کوللەحاجییەک لەسەر مانگ گەشـــت دەکات، بەدڵنیاییەوە دەبێ ئەو خودا بێت و دەبێ کڕنووشی بۆ بەرین.»

ئەوکات، کوللەحاجی بە مەزنییەکەوە لە مانگەوە سـەیری خوارەوە دەکات و ئەو بیابانە گەورە و وشکەی کە تیادایدا دەژیا، دەبینێت و هەر لەوێوە ڕووەکی خڕنووک و جۆگەی بەتاڵی بێئاو و مێگەلی بزنەکێوییەکان دەبینێت، ئیتر شانازیی بەخۆیەوە دەکات، بەهـۆی ئەوەی ئـەوان وەک خودایەکی راســتەقینە بیری لێدەکەنـــەوە و بوونەوەرەکان ڕێزی تایبەتی بۆ دادەنێن.

بەڵام کوللەحاجی تەنها جۆرێکە لە مێرووەکان و مانگیش زۆر دوورە، تەنانەت باڵندەکانی شـــەو، ئەوانەی کە بە سێبەرەکانیان ڕووی مانگ دەگرن، ناتوانن بیگەنێ.

باشـــە کوللەحاجیەک کە تەنها دوو باڵی کورت و نەرمی هەیە، چۆن دەتوانێـــت بفڕێ و بگاتە لای مانگ؟ بەڵام کوللەحاجی بـــەردەوام لەو خەونەدا بوو؛ کاتێک لەســـەر چڵەدارێک دەهات و دەچوو، یان لەســـەر گەڵاکان دادەنیشت، بیری تەنها لای چۆنێتی گەیشتن بە مانگ بوو.

گەیشتن بە مانگ، بەلایەوە ئەستەم بوو، چونکە بە کاتی جیـــاواز هەڵدێت و دەردەکـــەوێ، بۆیە کوللەحاجییەکـــە بڕیاریدا لـــەو کاتەی مانگ لە ئاســـۆیە، بیگرێت. لەو کاتەدا گەورە و ماندووە، لەســـەرخۆ بەرز دەبێتەوە بەرەو ئاسمان، چونکە لـــەو کاتەدا بەرز و دوور و ســـپی و خێرایە. زۆر



جار پێش ئەوەی بگاتە ئاسۆ دوورەکە، لە چاو ون دەبوو، بەهۆی رووناکی و رەنگی خۆرەوە، رەنگی سپی دەبێ و دەبێتە پارچەیەک لە هەور.

کوللەحاجییەکە، رۆژەکە هەمووی چاوەڕوان بوو تا سێبەر لەژێر بەرد و دارەکان نەما، ئاسمان رەنگی کاڵبووەوە و رووناکیی رۆژ و تاریکیی شەو تێکەڵ بەیەک بوون. مانگی چواردە ئەوەندە بەهێمنیی دەرکەوت خەریک بوو لە دەستی بچێ، لەنێوان چڵ و گەڵاکانی خڕنووکەکە مانگەکە دەرکەوتبوو.

کوللەحاجی وەک فیشک و بەپەلە بازی دایە سەر چڵەکانی هەندێک بە فڕین و هەندێک بە راکردن، بەسەر دڕک و گەڵاکانی بچووکەکانی خڕنووکەکەدا سەردەکەوت. ماندوو بوو، کەمێک وەستا پشوو بدات و خۆی ئامادەکرد بۆ راکردنێکی تر. مانگەکە رۆیشت و لەنێوان لقەکانی داری باوباب پشووی دەدا، وەک ئەوە وابوو چاوەڕێی کوللەحاجییەکە بێت.کوللەحاجییەکە، بە لێکدانی باڵەکانی و گیزەی فڕینی بەرەو دامێنی باوباب رۆیشت، ئەو دارە بەرزە، چڵ و لقە گەورە و بەهێزەکانی لەگەڵ ئەستێرەکان باوەشیان بەیەکدا کردبوو.

گەشتێکی دووردرێژ بوو بۆ بوونەوەرێکی وا بچووک. کاتێک گەیشتە ژێر دارەکە، مانگ کەمێک هاتبووە پێشەوە و لە لقەکانی سەرەوە لەنگەری گرتبوو.

کوللەحاجی، بڕیاریدابوو بفڕێت بەرەو مانگەکە و بیگرێت پێش ئەوەی جیابێتەوە، بەڵام تا گەیشتە لقەکانی سەرەوە، مانگ رۆیشتبوو، وردە وردە بچووکتر دەبووەوە و خێراتر دەبوو و لە کۆتایی شەو دیار نەما.

کوللەحاجی، ماندووبوو لە سەیرکردن و خەو دەیبردەوە، زۆر لەسەرخۆ بوو بۆ گەیشتن بە مانگ، هەندێک جاریش هەبوو مانگ دیار نەدەبوو، لەو کاتانەدا، بۆ بوونەوەرە بیابانییەکان ئاستەنگ بوو، هەرچەندە هەموو جارێکیش دەگەڕایەوە و لەوەڕگاکانی بۆ رووناک دەکردنەوە. هەندێک جاریش باریک و کەوانەیی بوو، وەک کەوانەی تیروکەوانی راوچی وابوو.

کوللەحاجی، ئەم جارەیان، لە هەوڵی ئەوەدا بوو، مانگ لە یەک شەویدا بگرێت، بەڵام مانگ زۆر بچووک و بە گوڕ و خێرا بوو، تەنانەت دڕکەزێ سپییەکانی داری ئەکاسیاش نەیاندەتوانی بیگرن.

کوللەحاجی بیریکردەوە تەڵەیەک بنێتەوە بۆ گرتنی مانگ، هات پەتێکی لە گیای وشک چنی و بە گرێیەک و بەشێوەی بازنەیی لە لقەدارێکی بەست، خۆی لەنێوان بەرزایی بەردەکان شاردەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی مانگ.

لەو کاتەی مانگ چواردەیە، رەنگی سوور و

پرتەقاڵییە و قورسە وەک کولەکە کەوبارێ کە پڕ بێت لە ماستی خەست، وای دانابوو بەو ئەڵقەیە مانگ دەگرێت و رایدەکێشێتە خوارەوە. کاتێک دار و پەتەکەی بۆ مانگەکە فڕێ دا، پەتەکە خولێکی بە دەوری خۆیدا خوارد و بە بەتاڵی کەوتە خوارەوە. مانگی چواردەش بەرز دەبووەوە وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت. کوللەحاجی، وەک گەڵای وشکی مردوو، خۆی گرتبوو بە لقی دارەکانەوە و بیردەکردەوە و دەیوت:

-بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت مانگ بگرم و لەسەری دابنیشم، هیچ ڕێگەیەکی ترم نییە، دەنا چۆن بەم بچووکییەم دەتوانم ببمە خودا و لەلایەن ئاژەڵەکانەوە ببینرێم و کڕنووشم بۆ بەرن.

ئەمجارەیان قەڵەمە دارێکی لێکردەوە و سەرەکەی تیژ کرد و لەسەر گردێکی بەرز چەقاندی، بۆ ئەوەی لە مانگەکە بچەقێت و بیگرێت، وەک چۆن گوڵە سپییەکانی داری باوباب بەدڕکەزێکانییەوە نووساون. کوللەحاجییەکە لە کاتی دەرکەوتنی مانگ لەسەر زنجیرە شاخەکان، خۆی شاردەوە. مانگەکە بەهێمنیی لە قەڵەمە دارەکە نزیکبووەوە. کوللەحاجییەکە بەدەم گریانەوە وتی:

-ئەی مانگە گەمژەکە! ئێستا توانیم بتگرم بەهۆی دانایی و فێڵی کوللەحاجییەوە.

بەڵام قەڵەمە دارەکە، تەنها سێبەرەکەی بەدەوری رووی مانگەکەدا دەسووڕایەوە، مانگ ڕۆیشت و بەرزبووەوە. کوللەحاجی بەتووڕەییەوە قیژاندی و قەڵەمە دارەکەی لە داخدا شکاند و کردی بە دوو پارچەوە.

کۆڵی نەدا، رۆیشت بۆ ئەوەی پلانێکی تر دا بنێت و زاڵ بێت بەسەر مانگەکەدا. کەوتە دروستکردنی جۆرێک لە قولاپ بە قامیش و بەرد و پەڕی کەو و پەت.

بە فڕێدانی بۆ ئاسمان، ئەوسا بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە وەک خێرایی کشانی ئەستێرە، بێگومان خۆی دەسووڕێنێتەوە بە دەوری مانگدا و دەیهێنێتە خوارەوە.

کاتێک مانگ یەک شەوەیە، وەک داسێکی بچووکە و ئاسانتر دەتوانێت بیگرێت. قولاپەکەی برد و چووە سەر بەرزترین داری باوباب و لەوێ چاوەڕێیکرد، کاتێک مانگ دەرکەوت و هاتە ئاستی شوێنی خۆشاردنەوەکەی، قولاپەکەی بۆ فڕێدا، وەک تیر دەفڕی بەرەوە مانگ، دوای ئەوە بەهێمنی وەک باڵندەیەکی بچووک کەوتە خوارە. کوللەحاجییەکە بەتووڕەبوونێکەوە بەردەکەی لێکردەوە و فڕێی دایە سەر زەوی.

مانگ بووەوە بە چواردە و جارێکی تر کوللەحاجی بەدوای کەوت، بۆ ئەوەی بزانێت بەرەو کوێ دەڕوات. لە دەرکەوتنییەوە لە قووڵایی ئاسۆوە،

لە دەوەنێکەوە دەفڕی بۆ سەر دەوەنێکی تر، لە بەردێکەوە بۆ سەر بەردێکی تر، سەیری گەشتی مانگەکەی دەکرد لە ئاسمان. گەیشتە دەم ئاوێکی قووڵی ناو لمی بیابانەکە، شوێنپێ و سمی زۆری لێچێمابوو، مانگ لە قووڵایی بوو لەناو ئاوەکە قەتیس مابوو، بەهێمنیی خۆی خشاند بەرەو قەراغەکە، ئەو شوێنەی کە داپۆشرابوو بە لمی شێدار و رەش، کەمێک وەستا و سەیری تریفەی مانگەکەی دەکرد، دەسووڕایەوە و بە قاچە دڕکاوییەکانی پەلاماری مانگەکەی دا، بەڵام کەوتە ناو ئاوەکە و لەژێر ئاوەکە هەناسەسوار بوو، ویستی بگەڕێتەوە سەر لمە شێدارەکە و دەترسا. مانگ هێشتا لەوێبوو و دەدرەوشایەوە.

کوللەحاجییەکە چەندین جار هەوڵیدا مانگەکە لە ئاوەکەدا دەربهێنێت، بەڵام بێسوود بوو. لە کۆتاییدا بەتووڕەییەوە بەردێکی هەڵگرت و پێیدا دا، بەردەکە درەوشانەوەی مانگەکەی تێکدا و کردی بە هەزاران پارچە لە تیشکی رووناکی و لە چاوەکانی کوللەحاجییەکەی دەدا. تیشکەکان، چاوەکانی کوێر کردبوو و ئازاری زۆری هەبوو، رایکرد خۆی لە پەنا دەوەنێکدا شاردەوە و نەیدەتوانی بریسکەی رووناکیی تیشکە جوانەکانی مانگەکە لەناو چاویدا لاببات، نەیدەتوانی بخەوێ و شوێنێکی تاریکی نەدەدۆزییەوە بتوانێ پشوو بدات.

چیتر ئارەزووی نەبوو ببێت بە خودا و لەسەر مانگ دابنیشێت و گەشت بکات و ئاژەڵەکانی بیابان ستایشی بکەن.

لە خۆی دەپرسی؛ چۆن ئاواتێکی ئاوای خواستووە، چووە سەر لقی دارێک، بای گەرمی ئێواران دەیگرتەوە، لەوێ چاوەڕێ بوو تا مانگی چواردە بە تیشکە رووناکە جوانەکەی بەرزبووەوە، هەر دوو قاچەکانی پێشەوەی بەیەکەوە نووساند و کەوتە نوێژ و پاڕانەوە لە مانگەکە کە لێی ببوورێ و بینینی بۆ بگەڕێتەوە. بەهێمنیی لەسەر چڵە دارێک دەجووڵایەوە و سەری بەرەو خوارەوە بوو، مێروویەکی بچووک و سادە بوو.

مانگ بەردەوامبوو لە بەرزبوونەوە، بەرزتر و سپیتر بوو لە جاران، رۆیشت تا لە ئاسۆی بیابان ئاوا بوو.

تائێستا کوللەحاجی دادەنیشێ و خۆی چەماندووەتەوە و نوێژ دەکات، کاتێ رووناکیی رۆژ دەرکەوت، مانگ زەرد و کاڵ بووبوو و دڕکەزێی دارەکانی بیابان هەر تیژ بوون، باڵندەکان دیار بوون و بەخێرایی دەفڕین.

زانیی کە مانگ هەموو پارچەی تیشکەکانی لە چاوی لابردووە. ئەمە لە دێرزەمانەوە بوو، ئەو سەردەمانەی کە بە ئازادیی مێگەلی ئاژەڵەکانی

نەتــەوەی هیکۆم دەســووڕانەوە لەنێوان دەریا و دەشتە پانوبەرینەکەی، بەڵام تائێستا منداڵەکانی کوللەحاجی لەو ناوە دەژین، قاوەیی و ســەوزن وەک گەڵاکانــی وەرزەکان ڕەنگەکانیان دەگۆڕێن و دانیشــتوون و قاچەکانی پێشەوەیان بەیەکەوە نووســاندووە و ستایشی لێبوردەیی مانگ دەکەن کە بینینی بۆ بابەگەورەیان گەڕاندووەتەوە کە بەو بچووکییە و دوو باڵی بچووک و کورت، دەیویست ببێت بە خودا.

